# رووداو
RÛDAW

ژمارە (482) دووشەممە 2017/11/20 - 29ی گەلاڕێزانی 2717 (750) دینار


## بەغدا نەوتی کەرکووک ڕەوانەی ئێران دەکات

**رووداو- هەولێر**

چاوەڕێ دەکرێت لە چەند رۆژی داهاتوودا و بە ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق، یەکەم بەشی نەوتی کەرکووک لەڕێی تانکەرەوە بگاتە پاڵاوگەکانی ئێران.

ئاژانسی (رۆیتەرز)ی بەریتانی لەزاری بەرپرسان و بازرگانانی کەرتی نەوتی عێراقەوە رایگەیاند کە بە گوێرەی رێککەوتنێکی نوێ، بەشی یەکەمی نەوتەکە لە چەند رۆژی داهاتوودا بە بارهەڵگر رەوانەی ئێران دەکرێت.

بڕیارە لە قۆناغی یەکەمدا رۆژانە 15 هەزار بەرمیل نەوت بە بەهای نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار رەوانەی ئێران بکرێت و وردە وردە بڕی نەوتە هەناردەکراوەکە بۆ 60 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز بکرێتەوە.

حەمید حوسەینی، ئەمینداری گشتیی ژووری بازرگانیی هاوبەشی ئێران و عێراق لەوبارەیەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئێران بەنیازە بۆڕییەک رابکێشێ و لە رێگەیەوە رۆژانە 650 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک بۆ پاڵاوگەکانی ئێران بگوازێتەوە.

راوێژکارێکی سیاسی نزیک لە یەکێتی نیشتیمانیش دەڵێت بەرپرسانی باڵای یەکێتی تاران و بەغدایان هاندا بۆئەوەی "بۆڕییەکی نەوت رابکێشن و نەوتی کەرکووک لە رێگەی بەندەر عەباسەوە هەناردە بکەن"، ئامانج لەمەش ئەوە بوو کۆتایی بە کۆنترۆڵی پارتی لەسەر نەوتی کەرکووک بهێنن.

«9

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو:**
### تەرازووی هێز بەسوودی کوردستان دەگۆڕێت
17

### گۆڕان لاریی نییە لە مانەوەی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی
3

**وەزیری ناوخۆی عێراق:**
### خۆمان رێگە بە هەندێک تەقینەوەی داعش دەدەین
7

### یەکێتی بە نامەی فەرمی داوای پشتیوانی لە پارتی دەکات

# پارتی: دەنگ بە رزگار عەلی نادەین

5-3

**رزگار عەلی:**
### ئیشی پارتی نییە تەدەخول لە دانانی پارێزگاری کەرکووکدا بکات



ژنان 12

### تەرمی کچێکی 14 ساڵان لە گۆڕستان دەدۆزرێتەوە



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### پلەدارێکی سەربازی 70 هەزار دۆلار لە پزیشکێکی عەرەب دەستێنێ

ئەدەب و کولتوور

### گفتوگۆیەکی بڵاونەکراوە لەگەڵ دەرویشیان






4

**وردەکاری دەربازبوونی هەزاران چەکداری داعش لە شارەکە**

# "نهێنییە بێزەوەرەکەی رەققە" ئاشکرا دەبێت

ئابووری 8

### شاروانیی هەولێر یەک ملیار دیناری لە زبڵ و تابلۆ دەستکەوتووە



راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە ( 482 ) – دووشەممە 2017/11/20



## "پەیمانگەی کوردمارت باوەڕپێکراو نییە"

**ڕووداو – هەولێر**

گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رایدەگەیێنێت، پەیمانگەی (کوردمارت) لە شاری هەولێر باوەڕپێکراو نییە و داوای داخستنی نووسینگەی پەیمانگەکەمان لەلایەنی پەیوەندار کردووە .عەباس ئەکرەم، گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کەسانێک بەناوی پەیمانگەی (کوردمارت) ریکلام بۆ وەرگرتنی دەرچووانی پۆلی 12 بۆ ساڵی خوێندنی (2017-2018) دەکەن، بەسەرجەم خوێندکاران و دەرچووانی پۆلی 12ـی ئامادەیی رادەگەیێنین، ئەم پەیمانگەیە باوەڕپێکراو نییە و لەپرۆسەی دڵنیای جۆری و متمانەبەخشینی وەزارەتەکەماندا رەتکراوەتەوە و هیچ مۆڵەتێکی یاسایی نییە" . بۆیە داوا لە دەرچووانی پۆلی 12ـی ئامادەیی دەکات خۆیان لە تۆمارکردنی ناویان لەم پەیمانگەیەدا بەدوور بگرن.

### هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی لێکردووە

# پلەدارێکی سەربازی 70 هەزار دۆلار لە پزیشکێکی عەرەب دەستێنێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

جەنات خانمە پزیشکێکی عەرەبە و خەڵکی پارێزگای مووسڵە، لە نەخۆشخانەیەکی حکومیی لە شاری هەولێر کاردەکات. دوای ناسینی کەسێک بەناوی (ش) کە لە سلکی سەربازی کاردەکات، پەیوەندیی سۆزداری لەنێوانیاندا دروست دەبێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، بە فێڵ پارەیەکی زۆری لێوەرگرتووە و چەند وێنەیەکی نیمچەڕووتی گرتووە، پارەکەی ناداتەوە و بە وێنەکانیشی هەڕەشەی لێدەکات.

سەبارەت بە ناسینی (ش)، جەناتی تەمەن 44 ساڵ دەڵێت: "ڕۆژێک (ش) هاتە نەخۆشخانە. خۆی لێ نزیککردمەوە، دواتر گوتی من پلەیەکی سەربازی بەرزم هەیە و هەر کارێک یان کێشەیەکت هەبوو دەتوانی پەیوەندیم پێوە بکەی، ژمارە مۆبایلەکەی خۆی پێدام، دوای ماوەیەک بەهۆی مردنی کەسێکی نزیکمەوە گەڕامەوە مووسڵ و ماوەی دوو هەفتە لەوێ مامەوە، بەڵام لە نەخۆشخانە غیابیاندام، بۆیە پەیوەندیم پێوەکرد تا هاوکاریم بکات و غیابەکەم بسڕێتەوە، ئەویش داوای ناسنامە و وێنەیەکی بچووکی مامەڵەی لێکردم، منیش دامێ".

پەیوەندی نێوان جەنات و (ش) ڕۆژ بەڕۆژ پتەوتر دەبێ، چەندینجار بەیەکەوە دەچنە دەرەوە بۆ پارک و چێشتخانەکان. جەنات متمانە بە (ش) دەکات. ڕۆژێک پێیدەڵێت دەمەوێ خانووەکەم بفرۆشم و خانوویەکی باشتر بکڕم، (ش) ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە و دەڵێت من خانوویەکی باشم هەیە و دەتوانم بە هەرزان پێتی بفرۆشم، پزیشکەکە دەڵێت "بەیەکەوە چووینە نووسینگە و (ش) پارەی خانووەکەی وەرگرت، دواتر گوتی هەندێک پارەی دیکەشم بدەیە بۆ ئەو خانووەی کە گوایە هی ئەوە و دەیەوێت بە منی بفرۆشێت، منیش پارەکەم پێدا، بەڵام دواتر (ش) خۆی لە من دوورخستەوە و وەڵامی پەیوەندییەکانیشی نەدەدامەوە".

### هەڕەشەی لێدەکرێت

جەنات دەڵێت "دوای ئەوەی زۆر پەیوەندیم بە (ش)ـەوە کرد و وەڵامی نەدامەوە، دواتر بە نامەیەک هەڕەشەی لێکردم بەو وێنانەی من کە لەلایەتی، زۆر ترسام، دواتر بە ژمارەی نەناسراو پەیوەندیم پێوەدەکرا و دەیانگوت ئێمە هاوڕێی (ش)ین، هاوکاریت دەکەین، من سەرم لێشێوابوو نەمدەزانی چی بکەم، دواتر ئەوانیش پارەیان لێدەستاندم، منیش لەبەرئەوەی بێکەس بووم و دەترسام، ناچاربووم پارەم پێدەدان".

سەبارەت بە کەیسی ئەم پزیشکە، پارێزەری جەنات بە (ڕووداو)ی گوت: "سێ مانگ لەمەوبەر داوای لێکردم ببمە پارێزەری. کەسێک بەناوی پلەیەکی سەربازی خۆی لێ نزیککردبووەوە، ئەوەی بەهەل زانیوە کە ئەم ژنە غەریبەیە و لە کوردستان پێویستی بە یارمەتی هەیە، بەتایبەت لەکاتی سەفەرکردندا، بۆیە پەنای بۆ بردووە، ئەمیش چەند جارێک بەحوکمی ئەوەی پلەی سەربازیی هەیە، هاوکاریی کردووە، ئەمە بووە بەجێی متمانەی ئەو خاتوونە و لە پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە گەیشتووەتە پەیوەندی خۆشەویستی. ئەم پزیشکە تەمەنی 44 ساڵە، بۆیە زیاتر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی سۆزدارییەوە و بڕوای پێکردووە".

پارێزەرەکە دەشڵێت "ئەم پزیشکە خانوویەکی لە ئۆزاڵ سیتی لە هەولێر هەیە و دەیەوێت بیفرۆشێت بۆ ئەوەی لە گەڕەکی هەرشەم دوو خانوو بکڕێت، بۆیە بە هاوڕێ کوڕەکەی دەڵێت، ئەویش پێیدەڵێت من خانوویەکم لەوێ هەیە و پێتدەفرۆشم. لە نووسینگە خانووەکە دەفرۆشن بە 45 هەزار دۆلار و 10 هەزار دۆلاریشی بە نەقدی لێوەردەگرێت، دوای ئەوە پیاوەکە لێی دووردەکەوێتەوە و وەڵامی ناداتەوە، تا ڕۆژێک بە مەسجی مۆبایل پێی دەڵێت باسی هیچ مەکە و بڕۆ، ئەگەرنا وێنە نیمچەڕووتەکانت بڵاودەکەمەوە، چەند وێنەیەکی تۆم لەلایە و دەتوانم حەیات ببەم، بەهۆیەوە 15 هەزار دۆلاری دیکەشی لێدەستێنێ".

بە گوتەی پارێزەرەکە، ئەگەرچی (ش)ی تۆمەتبار حاشا لەو شتانە دەکات کە جەنات دەیڵێت، بەڵام لەسەر سکاڵای جەنات، (ش) بۆ ماوەی 17 ڕۆژ و بەپێی ماددەی 456ـی فێڵکردن بەند کراوە، بەڵام دواتر بە کەفالەت ئازادکراوە. پارێزەری جەنات دەڵێت "(ش) نکۆڵی لەوە دەکات هیچ پەیوەندی هەبووبێت بەو بابەتە و دەڵێت پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ براکەم هەبووە نەک من".


(ش) لەسەر سکاڵای جەنات، بۆ ماوەی 17 ڕۆژ دەستگیر کرا و دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا

# زریان لەسەر شکانی بۆڕییەک کوژرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

زریان لە کاتی گواستنەوەی ماڵەکەی بۆ نێو خانووە تازە دروستکراوەکەی، لەلایەن دراوسێییەکیان بە دوو گوللە کۆتایی بە ژیانی هات و ڕێگەی نەدا لەنێو خانووە نوێیەکەی بحەسێتەوە.

زریان زوبێر، تەمەن 20 ساڵ، جووتیار بوو لە گوندی سەعداوای نزیک ناحیەی گوێر، بۆرییەکی مەزرا کە لە هەولێرەوە دێت بەرەو گوندەکەیان، لەنێو زەویی ماڵی باوکی زریان و بەهۆی بەسەرداڕۆیشتنی تراکتۆر دەشکێ، ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە و دواتریش مەرگی زریان.

زوبێر قادر، باوکی زریان بە (ڕووداو)ی گوت: "کوڕەکەم بەناهەق خوێنی ڕژا، خوداش ئەوەی قبوڵ نییە کە بەهۆی شکانی بۆرییەک بە گوللە وەڵام بدرێتەوە و بکوژرێت، لەکاتێکدا ئێمە بۆریەکەمان نەشکاندبوو، تەنیا بۆرییەکە بەناو زەویی ئێمەدا دەڕوات و ماڵێکی گوندەکە کە بە ئاوی ئەو مەزرایە زەوییە کشتوکاڵیەکەیان ئاو دەدا، هاتن و گوتیان دەبێت بۆمان چاک بکەنەوە و کردیان بە کێشە، منیش خاوەنی ماڵ و منداڵم، بۆیە نەمویست ببێت بە کێشە، تێچووی چاککردنەوەی بۆڕییەکە تەنیا 20 هەزار دینار بوو بۆم چاککردن، بەڵام ئەوان هەر ڕازی نەبوون و بەدڵیان نەبوو، تا کوڕەکەم بە بەلاش بووە قوربانی".

نزیکەی دوو مانگ بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیوە، بەڵام باوکی زریان دەڵێت بکوژەکانی کوڕەکەی هێشتا دەستگیرنەکراون. ئەو دەڵێت "ئێمە پیاوی هەژارین، بۆیە هیچمان پێناکرێت، ئەوان خواپێداون و خەڵکیان لەپشتە، بۆیە ترسیان نییە، نزیکەی دوو مانگە دەستگیر ناکرێن".

ساهیرە فارس باوە، 22 ساڵان، کوردەواری گوتەنی گریانەکەی بەردی دەکردە ئاو، کاتی ناوی زریانی لەلا دەهێندرێ وەک یەکەم ڕۆژی کوژرانەکەیەتی. ئەو بە گریانەوە گوتی "لەناو باوەشم زریانیان دەرهێنا و بەبێ ئەوەی تاوانێکی کردبێت کوشتیان. بە هەزار دەردی سەری، خانوویەکمان دروستکرد، بەڵام نەیانهێشت یەک شەویش تێیدا بژین".

ساهیرە باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت "خەریکی گواستنەوەی ماڵ بووین لە هەولێرەوە بۆ سەعداوا، زۆری نەمابوو بگەینە خانووەکە، لەناکاو ئۆتۆمبێلێکی ڕەساسی بەرەوڕوومان هات و خۆی لە ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە خشاند، زۆر نزیک بووەوە، کوڕەکانی ماڵی بکوژەکە بوون، زریان پەیوەندی بە خەزوورمەوە کرد و پێیگوت بابە ماڵی (ئا.ح) شەڕمان پێدەفرۆشن، بەڵام خەزوورم پێیگوت وەڵامیان مەدەنەوە، من ئێستا لەگەڵ باوکیان قسە دەکەم، بەڵام باوکیان گوتبووی خۆم ناردوومن بۆ گیانتان". ساهیرە دەشڵێت: "ئۆتۆمبێلەکە وازی لێهێناین و ڕۆیشت، کە گەیشتینە گوند کوڕەکان و باوکیان بە چەکەوە هاتنە سەر سەرمان و مێردەکەم توند گرت، گوتم تۆ نەڕۆی، تازە هاوسەرگیریمان کردووە با ماڵەکەمان لێ تێکنەچێت، شوبراکەم دابەزی، بەڵام یەکسەر گوللەیەکیان پێوەنا، هاوژینەکەم لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی و دوو گوللەیان بەویشەوە نا، من ڕامکرد تا ماڵی خەزوورم ئاگادار بکەمەوە، هاوژینەکەم بە بریندار سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو بۆ ئەوەی لەدەستیان هەڵبێت، بەڵام نەیتوانیبوو ڕێبکات و خۆی دابوو لە دیوارێک، دواتر گیانی دەرچوو".

کەم کەس هەیە خۆی لەئاست گریان وناڵەی ساهیرە بگرێت، مەگەر تەنیا بۆنی (زیلان)ـی 9 مانگە بتوانێت کەمێک کپی بکاتەوە. ساهیرە دوو ڕۆژە باوکی بردوویەتیەوە بۆ ماڵی خۆیان، ئەو دەڵێت ئێستا دوو جار پرسەمە، چونکە لە ماڵەکەم هەڵکەندرام و نازانم چارەنووسی کچەکەشم چی لێدێت..

ڕۆژانە شین لە ماڵی باوکی زریان و ساهیرەی خێزانی دەبیسترێت، ئەو منداڵە داوای باوکی دەکات، باوکیشی بوو بە قوربانی شکانی بۆڕییەک.

محەممەد زوبێری تەمەن 19 ساڵان، برای زریانە و لە ڕووداوەکەدا بریندار بووە، بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێک گەیشتینە نزیک گوندەکەمان، ئەوان بە کڵاشینکۆف و دەمانچە بەرەوڕوومان هاتن، چوار کوڕ و باوکیان بوون، ئێمە لە بەتانی و ڕاخەر زیاتر هیچمان پێنەبوو، من یەکەم کەس بووم لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیم، فیشەکێکیان لە قاچی ڕاستم دا و کەوتم، دواتر بە قۆنداغە تفەنگ و دار هەموو لەشیان شکاندم. ئاگام لە براکەم نەما، بەڵام گوێم لە دەنگی فیشەکەکان بوو".

ئێستا ئەو خێزانە سکاڵایان لەسەر بکوژەکە و سێ برای و باوکیان تۆمار کردووە و داوای دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکان لە حکومەت دەکەن کە وەک خۆیان دەڵێن هەڵاتوون و لەپاڵ کەسێکی دەسەڵاتدار خۆیان حەشارداوە.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو کەیسە کۆمەڵایەتییە و بەهۆی کێشەی ئاو بووە لەنێوان دوو بنەماڵەدا، تاوانبار هەڵهاتووە و خێزانەکە لە شوێنێکی نادیارن، ئێمەش پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ کردوونەتەوە و هێشتا بە کراوەیی ماوەتەوە".



### ئافرەتێکیشیان ڕفاندووە

# حەشدی شەعبی لە زوممار دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێک

> حەشدی شەعبی لە زوممار حەوت کەسیان کوشتووە
>
> بەرپرسێکی پارتی

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

زۆربەی هێزەکانی حەشدی شەعبی کە مانگێک لەمەوبەر هاتنە ناوچەکانی زوممار و ڕەبیعە، کشانەوە، بەڵام شوێنپەنجەی چەندین تاوانیان لەدوای خۆیان جێهێشت. کچێکی دانیشتووی زوممار چیرۆکی هاوڕێیەکی باس دەکات کە لەلایەن بەرپرسێکی حەشدی شەعبییەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر. بەرپرسێکی پارتیش لە زوممار دەڵێت لەو ماوەیەدا حەوت کەس کوژراون و 15 ماڵیش تاڵانکراون.

کچێکی عەرەبی دانیشتووی زوممار کە ئەوکاتەی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هاتوون لەنێو شارۆچکەکە ماوەتەوە، دەڵێ "سەرەتا پەیوەندییان بە خەڵکەوە نەبوو، چونکە بە شەڕی پێشمەرگەوە مەشغوڵ بوون، بەڵام دواتر کە شەڕەکە ڕاوەستا، ئیدی دەستیان بە پشکنینی ماڵەکان کرد و زێڕ و پارەی خەڵکیان دەبرد".

ئەو کچە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، چەند جارێک گوێی لەوە بووە کە دەستدرێژی کراوەتە سەر ئافرەتان، بەڵام باوەڕی نەکردووە تا ئەوکاتەی گوێی لە بەسەرهاتی هاوڕێکەی گرتووە. ئەو کچە گوتی "هاوڕێکەم بۆی گێڕامەوە، کاژێر یەکی شەو بوو، سێ چەکداری حەشدی شەعبی هاتنە ماڵمان، سەرەتا ماڵەکەیان پشکنی، دواتر دەستی باوک و براکانمیان بەست و بردیانن بۆ نێو ئۆتۆمبێل، دوای پێنچ خولەک دوو چەکدار گەڕانەوە و داوایان لێکردم لەگەڵیان بچم، گوایە لێکۆڵینەوەم لەگەڵ دەکەن. دایکم زۆر هاواری کرد، بەڵام ئەوان گوێیان پێنەدا".

ئەو کچە کە عەرەبی سوننەی زوممارە و تەمەنی 23 ساڵە، بۆ هاوڕێکەی گێڕاوەتەوە "منیان بردە نێو خانوویەک لەوێ بە زۆر دەستدرێژییان کردە سەرم، پاشان کاژێر چواری بەیانی منیان گەڕاندەوە ماڵەوە و هەڕەشەیان لێکردم لەلای هەر کەسێک باسی بکەم باوک و براکانم دەکوژن".

ناحیەی زومماری سەر بە قەزای تەلعەفەر، زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن، چەند گوندێکیشی عەرەبنشینن. لە 17 مانگی ڕابردوو چەکدارانی حەشدی شەعبی بەبێ هیچ بەرگرییەک چوونە نێو ناحیەکە. بەهۆیەوە نزیکەی 90%ی دانیشتووانی ناحیەکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون.

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە زوممار کە ئێستا ئەویش لە ناوچەکانی نزیک زوممار ئاوارەیە، بەڵام ئاگاداری ڕەوشی نێو زوممارە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژانە سکاڵای دەستدرێژیمان بۆ سەر خەڵکی ناو زوممار پێدەگات، جگە لەوە هەتا ئێستا حەوت دانیشتووی زوممار کە هەموویان عەرەبی سوننەن لەلایەن حەشدی شەعبییەوە کوژراون".

ئەو بەرپرسەی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەبارەی ژمارەی ئەو ماڵانەی کە لە ناحیەکە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە تاڵانکراون گوتی: "هەتا ئێستا 15 ماڵ تاڵانکراون، زێڕ و پارەی ئەو ماڵانەیان بە زۆر بردووە، 11 لەو ماڵانە عەرەبی سوننەن و چواریشیان کوردن".

نەوفەل حەمادی، کە سەرەتای ئەم مانگە لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاری نەینەوا لەسەر کار لادرا، بەڵام ئەو هێشتا خۆی بە پارێزگاری نەینەوا دەزانێ، گوتی "ئێمە ئاگاداری هیچ تاوانێکی حەشدی شەعبی نین، ڕەوشی پارێزگای نەینەوا لەڕووی ئەمنییەوە باشە".

دوای مانەوەی زیاتر لە مانگێک، لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا زۆربەی چەکدارانی داعش لە ناحیەی ڕەبیعە و زوممار کشانەوە. بەرپرسەکەی پارتی دەڵێت "ئەوان بە خەڵکی ناوچەکەیان گوتووە ئەرکی ئێمە تەواو بووە و پێشمەرگە دێنە شوێنی ئێمە".

فەریق جەمال ئێمنکی، سوپاسالاری پێشمەرگە لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی بە (ڕووداو)ی گوت "ئاگامان لە کشانەوەی بەشێک لە هێزی حەشدی شەعبی هەیە لە زوممار و ڕەبیعە، بەڵام هێشتا هۆکارەکەی نازانین، هیچ ڕێکەوتنێکیش نەکراوە کە ئێمە دەچینە زوممار".



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (482) - دووشەممە 2017/11/20

## ڕایان دیلن: ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەشداردەبین



**ڕووداو- هەولێر**

ڕایان دیلن، گوتەبێژی هاوپەیمانان ڕایدەگەیێنێ لە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەشداردەن. ڕایان دیلن بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند "دوای داعش قۆناخێکی نوێ لە عێراق دەستپێدەکات و مانەوەمان بۆ هاوکاریکردنی هێزە عێراقییەکانە". گوتەبێژی هاوپەیامانان ئاماژەی بەوەشدا کە بەدواداچوون بۆ ئەو تۆمەتانە دەکەن کە ئاراستەیان کراون، لەوانە بەهەڵە بۆردوومانکردنی کەسانی سڤیل. گوتیشی "دەمانەوێت تەواوی لێکۆڵینەوەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەنجامبدرێن". لەبارەی هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە کە بڕیارە ئەمریکا 365 ملیۆن دۆلار پێشکەشی وەزارەت پێشمەرگە بکات، ڕایان دیلن گوتی "بێگومان هەمان شت بەردەوامدەبێت، دووبارە یارمەتی داڕشتنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەدەین".

پارتی دەنگ بە ڕزگار عەلی نادات

# "تاوەکو دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە دەنگ بە هیچ پارێزگارێک نادەین"

> نەجمەدین کەریم پارێزگاری شەرعیی کەرکووکە
>
> ڕێبوار تاڵەبانی

> ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵبوەشێتەوە کورد پۆستی پارێزگار لەدەستدەدات
>
> پەرلەمانتارێکی کورد



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایگەیاند کە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایە لە سەنتەری شارەکە ناکرێ "تاوەکو دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە لەڕووی یاسایی و دەستووری، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا لە کەرکووک ناکەین". پارتیش دەڵێ دەنگ بە کاندیدی یەکێتی بۆ پارێزگاری کەرکووک نادەن.

لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، بڕیارە ڕۆژی سێشەممە 2017/11/21 ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆببێتەوە، هەرچەندە هێشتا شوێنی کۆبوونەوەکە دیاری نەکراوە، بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەن ئەوەی یەکلاکردەوە کە کۆبوونەوەکە لە شاری کەرکووک ناکرێ. ڕێبوار تاڵەبانی بە (ڕووداو)ی گوت: "تاوەکو دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە لە ڕووی یاسایی و دەستووری، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا لە کەرکووک ناکەین. دەبێ بڕیارە نایاساییەکانی پەرلەمانی عێراق هەڵبوەشێنەوە، مەلەفی ئەمنی ڕادەستی پۆلیس بکرێت، ئینجا ئێمەش دەست بە ئەرکە یاساییەکانمان دەکەینەوە".

ڕێبوار تاڵەبانی گەشبینە بەوەی فراکسیۆنی برایەتی بگاتە ڕێککەوتنێک تا دەست بەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بکەن. تاڵەبانی دەڵێت "داوام لە هەموو حیزب و پێکهاتەکان بە تورکمان و عەرەبیشەوە کردووە، پێشنیازی شوێنێک بکەن هەر وەکو چۆن ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ لە دهۆک کۆدەبوونەوە و ئەنبار لە بەغدا کۆدەبوونەوە. ئاساییە ئێمەش لە شوێنی دیکە کۆببینەوە. باشترین بژارە بەلای ئێمەوە کەرکووکە، بەڵام دەبێ دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە"، گوتیشی کە ئەگەر لایەنەکان نەگەنە ڕێککەوتن، خۆی شوێنی کۆبوونەوەکە دیاری دەکات.

(ڕووداو) زانیویەتی پارتی و یەکێتی لەسەر شوێنی کۆبوونەوەکە ناکۆکن. پارتی داوا دەکات کۆبوونەوەکە لە پەرلەمانی کوردستان یان لە کۆیە بکرێ، یەکێتیش داوا دەکات لە باڵەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگا یاخود لە قەرەهەنجیر بێ. ڕێبوار تەها، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی یەکێتی دەڵێت "دەبێ دانیشتنەکە لە کەرکووک بەڕێوەبچێت". ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی فراکسیۆنی برایەتی لە پشکی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەگەر کۆبوونەوە لە کەرکووک نەکرێت، ئەندامانی عەرەب و تورکمان ئامادەنین بێنە دەرەوەی کەرکووک".

### ئێستا کێ پارێزگارە

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی یەکێتی لەگەڵ پارتی و لایەنەکان کە لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دروستبووە، پرسی پۆستی پارێزگاری کەرکووکە کە بەلای پارتی و یەکگرتووەوە هێشتا نەجمەدین کەریم پارێزگارە، بەڵام یەکێتی ڕزگار عەلی بۆ ئەو پۆستە کاندید کردووە. هەرچی بەغداشە پارێزگارێکی بە وەکالەت داناوە.

نەجمەدین کەریم، پارێزگاری لەسەرکارلادراوی کەرکووک لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند "بەپێی دوا بڕیاری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، هەر من پارێزگاری شەرعیی کەرکووکم. بە قانوونی برێمەریش تەنیا ئەنجوومەن دەتوانێت پارێزگار دابنێت و یان لایبدات".

ڕێبوار تاڵەبانی دەڵێ: "ئێمە بەپێی یاسای برێمەر کار دەکەین، بۆیە لەلای ئێمە نەجمەدین کەریم پارێزگاری شەرعییە".

محەممەد خورشید، بەرپرسی لقی پارتی لە کەرکووک هەمان بۆچوونی تاڵەبانی هەیە و دەڵێت "ئێمە گفتوگۆمان لە بارەی گۆڕینی پارێزگار نەکردووە، چونکە ئەنجوومەنی پارێزگا، بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراقی ڕەتکردەوە کە باس لە لابردنی نەجمەدین کەریم دەکات".

ئەگەرچی پارێزگاری لەسەرکارلادراوی کەرکووک ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە، بەڵام کەمتەبی سیاسیی یەکێتی کاندیدێکی دیکەیان بۆ ئەو پۆستە داناوە. ڕزگار عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە حزووری کاک کۆسرەت ڕەسوڵ مەکتەبی سیاسی منیان بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک کاندید کردووە".

گوتیشی "ئێمە ئازادین کێ دەکەینە پارێزگاری کەرکووک، ئەوە ئیشی پارتی نییە تەدەخول بکات".

سەبارەت بە دەنگدانی فراکسیۆنی برایەتی بە ڕزگار عەلی، ناوبراو گوتی "برایانی یەکگرتوو کێشەیان نییە، ئەوان بە ئاشکرا دەڵێن دەنگ بە کاندیدی یەکێتی دەدەین. لەگەڵ برادەرانی پارتیش قسە کراوە، ئەوانیش دەڵێن چاوەڕێی بڕیاری مەکتەبی سیاسی دەکەین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە کەرکووک. ئەو برادەرانەی پارتی لە ئەنجوومەن ڕەفیقمن، ئەوان دەڵێن مانعمان نییە دەنگ بە کاندیدی یەکێتی بدەین".

بەڵام محەممەد خورشد، بەرپرسی لقی سێی پارتی، وەڵامی پاڵێوراوی یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک دەداتەوە و دەڵێ: "کاک ڕزگار ئەزموونێکی چاکی لەگەڵ پارتی لە کەرکووک هەیە کاتێک لە ساڵی 2003 ویستی وەکو پارێزگار مامەڵە بکات، پارتی قبوڵی نەکرد و کەسێکی دیکە بووە پارێزگار، ئەگەر ئەو پرسە پەیوەندی بە پارتییەوە نییە چۆن لە 2017/11/2 مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە نووسراوی فەرمی داوای لە مەکتەبی سیاسی پارتی کردووە پشتیوانیی ڕزگار عەلی بکەن؟".

محەممەد خورشید گوتیشی: "ئێمە کێشەمان لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کەرکووک هەیە، باڵێک لەنێو حیزبێک بەشدارە لەو خیانەت و بارە کارەساتبارەی بەسەر کورد هاتووە، کاک ڕزگار عەلیش لەو باڵەیە بۆیە ئەو ڕایەمان لەسەری هەیە، وەکو پارتی دەنگ بە هیچ پارێزگارێک نادەین کە نەتوانێت بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوە، ئێمە پارێزگارێک دیاری ناکەین شەرعییەت بە بڕیارەکانی بەغدا بدات".

لە هەڵبژاردنی 2005ی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، لە کۆی 41 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لیستی برایەتی و پێکەوەژیان 26 کورسییان هێنا، پارتی و یەکێتی هەر یەکەیان هەشت کورسییان بەرکەوت و کورسییەکانی دیکەش درانە حیزبە کوردستانییەکان و پێکهاتەی تورکمان و کریستیان، بەڵام بەهۆی وازهێنانی بەشێک لە ئەندامانی یەکێتی، ئێستا لاسەنگی لە ژمارەی کورسییەکان لە نێوان یەکێتی و پارتی دروستبووە. بە پەیڕەوکردنی ڕیزبەندیی ناو و ژمارەی دەنگەکان کە لیستی داخراو بوو، ئێستا یەکێتی شەش کورسی و پارتی 13 کورسی و یەکگرتووش بە سەرۆکی ئەنجوومەنەوە 3 کورسی هەیە.

محەممەد خورشد دەڵێت یەکێتی نەیتوانیوە ڕێژەی یاسایی بە تورکمان و عەرەب بۆ بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا مسۆگەر بکات، بۆیە ناتوانرێت بەبێ ئەندامانی پارتی و لایەنەکانی دیکە دانیشتنی ئەنجوومەن بەڕێوەبچێت کە پێویستی بە 22 ئەندامە.

### دانانی حاکمی سەربازی

ڕێبوار تەها کە خۆی خەڵکی کەرکووکە، باسی هەوڵەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکات و دەڵێ: "زیاتر لە 150 واژۆ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئامادە کراوە، بەڵام لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕێگامان نەدا بخرێتە کارنامەی دانیشتنی پەرلەمانەوە، چونکە ئەگەر ئەو ئەنجوومەنە هەڵبوەشێتەوە کورد ناتوانێت پۆستی پارێزگار وەربگرێتەوە، لەوانەیە بەغدا حاکمێکی سەربازی یان دەستەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەن بۆ کەرکووک دابنێ".

بەڵام تارق حەرب، شارەزای دەستوور دەڵێت: "پەرلەمانی عێراق ناتوانێت ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵبوەشێنێتەوە، تەنیا ئەگەر خودی ئەنجوومەن خۆی داوا بکات یاخود یاسایەکی نوێ دەربکرێت".

# گۆڕان لاریی نییە لە مانەوەی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی

> دروستکردنی حکومەتێکی دیکە ئاسان نییە
>
> سەرکردەیەکی یەکگرتوو

> تەنیا ئاشتی هەورامی نییە کە دەبێ دابنیشێ، خەڵکی دیکەش هەیە
>
> سەرکردەیەکی گۆڕان

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆڕان دەستبەرداری حکومەتی ڕزگاری نیشتمانی دەبێت و داوای حکومەتی کاتی دەکات، لاریی نییە لەوەی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی لە سەرۆکایەتیی حکومەتدا بمێننەوە، پارتیش پێیوایە کاتێکی کەم لە بەردەم حکومەت ماوە و پێویست بە دروستکردنی حکومەتێکی دیکە ناکات.

ڕۆژی 2017/11/16 شاندێکی پارتی چوونە سلێمانی و لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوە. گۆڕان سێ خاڵی بە پارتی داوە بۆ داهاتووی کاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، یەکێک لە خاڵەکان دروستکردنی حکومەتی کاتییە.

### گۆڕان چاوەڕێی وەڵامی پارتییە

ئاسۆ مەحموود، ئەندامی شاندی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە سەرەتا داوای حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانیمان کرد، بەڵام دوای گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان، ئەوان پێیان باشبوو حکومەتی کاتی بێت بۆ ئەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەو شکستە ڕزگار بکەین، بۆیە پڕۆژەیەکمان داوەتە پارتی بۆ گۆڕانکاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاوەڕێی وەڵامی ئەوان دەکەین. بڕیارە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بۆ ئەم پرسە سەردانمان بکەن".

ئەگەرچی فۆرمی حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی و حکومەتی کاتی ئەرک و دەسەڵاتیان جیاوازە، بەڵام بەپێی قسەی بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری گۆڕان "دەکرێ لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی پێشوو، حکومەتی کاتی دروستبکرێت، بەڵام هەندێک وەزیر و بەرپرسیش لە حکومەت نەمێنن، لەوانە کەسێکی وەکو ئاشتی هەورامی کە بەرپرسیارە لە شکستی سیاسەتی وزە".

ئاسۆ مەحموود دەڵێت: "تەنیا ئاشتی هەورامی نییە کە دەبێ دابنیشێ، خەڵکی دیکەش هەن، بەڵام ئەوە دەمێنێتەوە سەر دانوستاندن".

### پارتی تێبینی لەسەر پرۆژەکەی گۆڕان هەیە

سەرکردەیەکی پارتی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، بە (ڕووداو)ی گوت کە تێبینییان لەسەر پرۆژەکەی گۆڕان هەیە و گۆڕانکاریش بەو ماوە کەمەی ماوە لە حکومەت ئاسان نییە. ئەو بەرپرسەی پارتی گوتی: "ئەگەر گۆڕان دەستکاری وەزیرەکانی بکات ئاساییە، بەڵام ناتوانێت بە حیزبەکانی دیکە بڵێ فڵان کەس و وەزیر لاببەن. بەڵام برادەرانی گۆڕان لارییان لە مانەوەی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی نییە".

### یەکگرتووش لەگەڵ حکومەتی کاتییە

بەپێی پڕۆژەکەی گۆڕان ئەو حکومەتە کاتییە 3 ئەرکی دەبێت کە خۆی لە دابینکردنی مووچە، دروستکردنی شاندی دانوستانکار لەگەڵ بەغدا و ئامادەسازی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکان دەبینێتەوە.

کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە کابینەی بنکەفراوان ناسراوە، دوای 8 مانگ لە دانوستاندن لە نێوان (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ) و پێکهاتەکانی دیکە دروستبووە، بەڵام لە دوای بەڕێوەچوونی گشتپرسی (گۆڕان، کۆمەڵ و هاوپەیمانێتییەکەی بەرهەم ساڵح) داوای پێکهێنانی حکومەتی ڕزگاری نیشتمانییان دەکرد، بەڵام ئێستا گۆڕان پرۆژەکەی بۆ حکومەتی کاتی گۆڕیوە، دواتر یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2017/11/18 ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی ڕاگوزەر (ئینتیقالی)ی بە پێویست زانی.

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "دروستکردنی حکومەتێکی دیکە ئاسان نییە، بۆیە پێشبینی دەکەم حکومەت دەستکاری بکرێت و هەندێک وەزیری بگۆڕدرێن و کابینەکە بچووک بکرێتەوە، بە قەناعەتی خۆم ئەو ماوە کەمەی کە ماوە، حکومەت جگە لە دیاریکردنی هەڵبژاردن و دروستکردنی شاندی دانوستانکار هیچی دیکەی پێناکرێت".

هاوکات چنار سەعد، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی گوتی کە دروستکردنی حکومەتێکی دیکە ئاسان نییە و "هیچ لە دۆخ و ژیانی هاونیشتمانی ناگۆڕێت. گۆڕانکاری لەم قۆناغە و لەو ماوە کەمەی لە بەردەم حکومەت ماوە قورسە و چارەسەری کێشەکان ناکات".

لەبارەی گۆڕانکاری لە چەند وەزارەتێک و گەڕانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان، چنار سەعد گوتی "گۆڕانکاری لە چەند وەزارەت و وەزیرێک مەحاڵ نییە، بەڵام دەبێ بزانین تا چەند خزمەتی قۆناغەکە و ژیان و گوزەرانی خەڵک دەکات".

لە بارەی داواکارییەکانی گۆڕان و هەندێک لایەنی دیکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی: "حکومەتی ئێستا خۆی کاتییە، هەشت مانگ ماوەی کاری پەرلەمان درێژکراوەتەوە و دەبێت لەو ماوەیەدا هەڵبژاردن بکرێ".

### پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ حکومەت مەرجدارە

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی جێگری، دوای گواستنەوەی زۆربەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆیان، زۆرترین پشتیوانی نێودەوڵەتییان هەیە.

ڕێواس فایەق، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت کە "یەکێتی داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی نەکردووە و تاوەکو ئێستا پشتیوانی ئەم حکومەتە دەکات، ناوەندی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێز پشتیوانیی ئەو حکومەتەیان کردووە، ئەمەش گرنگە، چونکە پارتی و یەکێتی لەگەڵ کاک نێچیرڤان و کاک قوباد دەبێ بزانین ئەو پشتیوانییە کاتی و مەرجدارە پەیوەستە بە ئەنجامدانی چاکسازی و کەمکردنەوەی هەژموونی حیزبەکان لەسەر حکومەت و ئامادەسازی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک".

حاکم شێخ لەتیف پسپۆڕی یاسای دەستووری لەبارەی دەستەواژەی حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی و حکومەتی کاتی بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە "حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی دوای کارەسات و شکست دروست دەبێت و زیاتر بابەتێکی سیاسییە، بەڵام بۆ دۆخی کوردستان حکومەتی کاتی باشترە کە ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە. هەردوو حکومەتەکە وەکو چەمکێکی سیاسی بەکاردەهێنرێن، ئەگەرنا ئێمە تەنیا حکومەتی هەمیشەیی و حکومەتی کاربەڕێکەرمان هەیە کە دوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی تەنیا ئیشوکارەکان بەڕێ دەکات".

### حکومەتی کاتی چییە؟

حکومەتی کاتی لە دوای گۆڕانکارییەکی سیاسی سنووردار دروستدەکرێت، دەسەڵات و ئەرکەکانی دیاریکراو و سنووردار دەبێت بۆ تێپەڕاندنی قۆناغەکە. دامەزراوەکانی دیکەی وەکو پەرلەمان و دادوەری دەمێنێت و ڕۆڵی خۆیان دەبێت، دەکرێ وەزیر و بەرپرسانی پێشوو بەشداری حکومەتی کاتی بکەن، ئەمەش هاوشێوەی حکومەتی کاتیی عێراق بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی کە ئەرکی دابینکردنی ئاسایش و زەمینەسازی بوو بۆ بەڕێوەچوونی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی 2005 بۆ دروستکردنی لیژنەیەکی تایبەتمەندی نووسینەوەی دەستوور لە کاتێکی دیاریکراو.

## وردەکاری دەربازبوونی هەزاران چەکداری داعش لە شارەکە

# BBC "نهێنییە بێزەوەرەکەی ڕەققە" ئاشکرا دەکات




**ڕووداو- هەولێر**

دوای چوار مانگ شەڕ و پێکدادان لە شاری ڕەققە، دواجار داعش ئامادە بوو لەگەڵ هاوپەیمانان و هێزەکانی سووریای دیموکرات ڕێکبکەوێت. ڕێککەوتنەکە کە بە "نهێنیی قێزەونی ڕەققە" یان "نهێنییە پیسەکەی ڕەققە" ناسراوە، ڕێگەی بە سەتان چەکداری داعش و خێزانەکانیان داوە بە بارهەڵگر ڕەققە جێبهێڵن و ڕوو لە ناوچەکانی دیکەی سووریا و تەنانەت تورکیاش بکەن. ئەمریکا و بەریتانیا هەوڵێکی زۆریان دابوو ئەو ڕێککەوتنە بشارنەوە، بەڵام بەدواداچوونێکی تایبەتی (بی بی سی) پەردەی لەسەر ڕێککەوتنەکە هەڵماڵی.

یەکێک لە شایەتحاڵەکان کە قسەی بۆ کەناڵە بەریتانییەکە کردووە، شوفێرێکی بارهەڵگرە بەناوی ئەبوو فەوزی کە لە ڕۆژی 12ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)وە پەیوەندیی پێوەکرابوو تاوەکو ژمارەیەک خێزانی ئاوارەبووی تەبقە بەرەو کەمپێکی ئاوارەکان لە باکووری سووریا بگوازێتەوە.

بەڵام ئەبوو فەوزی و شوفێری بارهەڵگرەکانی دیکە هەرزوو بۆیان دەرکەوتبوو ئەو خەڵکەی دەبێ بیانگوازنەوە چەکداری داعش و خێزانەکانیان و چەندین تۆن چەک و تەقەمەنییە. هەقدەستی ئەو کارە هەزاران دۆلار بوو، بەڵام نەدەبوو هیچکەس پێی بزانێت. هەقدەستی شوفێرەکان درەنگ کەوت و ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری درکاندنی ڕێککەوتنەکە بۆ ئاژانسە بەریتانییەکە بووبێت.

ڕێککەوتنەکە وەکوو شمشێرێکی دوو سەرە. بەو ڕێککەوتنە کۆتایی بە شەڕەکە هێنرا و ژمارەی کوژراوانی شەڕڤانی کورد و عەرەبی (هەسەدە) بەشێوەیەکی بەرچاو کەم کرایەوە، بەڵام هەر ئەو ڕێککەوتنە ڕێگای بە دەربازبوونی هەزاران چەکداری داعش دا کە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (بی بی سی) چەکداری بیانیشیان لەنێودا بووە.

مانگی ئایاری ڕابردوو وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ڕایگەیاند کە چەکدارە بیانییەکانی داعش نابێ بگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان، بەڵکو دەبێ لە ڕەققە تەواو بکرێن. ڕێککەوتنەکەی ڕەققە بەکردەوە شکستی بەو پلانە هێنا، لە کاتێکدا بە گوتەی یەکێک لە شوفێرەکان "ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارە بیانییەکان لەنێو ئەو خەڵکەدا بوون کە فەرەنسی، تورک، ئازەربایجانی، پاکستانی، یەمەنی، سعودی، چینی، تونسی و میسرییان تێدابوو".

### چۆنێتی جێبەجێکردنی پلانەکە

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (بی بی سی)، سەرەتا بڕیار بووە چەکدارانی (هەسەدە) و بارهەڵگرەکان پێکەوە بچنە شوێنەکە، بەڵام بەگوتەی ئەبوو فەوزی، شوفێرەکان خۆیان بەتەنیا چووبوونە شوێنە دەستنیشانکراوەکە.

ئەبوو فەوزی وردەکاری زیاتری درکاند "هەر کە گەیشتینە ئەوێ، چەکدارانی داعشمان بە چەک و پشتێنی بۆمبڕێژکراوەوە بینی. ئەوان بارهەڵگرەکانیان بۆمبڕێژ کرد بۆ ئەوەی ئەگەر فێڵێک لە ڕێککەوتنەکەدا کرا یەکسەر بارهەڵگرەکان بتەقێننەوە، تەنانەت منداڵ و ئافرەتەکانیشیان پشتێنی بۆمبڕێژکراویان پێوە بوو".

لەکاتی ئۆپەراسیۆنی شاری ڕەققەدا ڕووماڵی میدیایی کەم بوو. ئەو کات هەسەدە باسی لەوە دەکرد کە تەنیا دەیان چەکداری داعش توانیویانە ڕەققە جێبهێڵن و هەمووشیان خەڵکی ناوچەکە بوون، بەڵام یەکێک لە شوفێرەکان ئەوە ڕەتدەکاتەوە. ئەو شوفێرە دەڵێت: "ئێمە نزیکەی 4000 کەسمان هەڵگرت کە ژن و منداڵیشیان تێدا بوو. کاتێک چووینە ناو ڕەققە واماندەزانی تەنیا 200 کەسن، کەچی تەنیا لە بارهەڵگرەکەی مندا 112 کەس هەبوو".

شوفێرێکی دیکە دەڵێت کاروانی بارهەڵگرەکان لەسەر ڕێگایەک بە درێژایی شەش بۆ حەوت کیلۆمەتر وەستابوون، 50 بارهەڵگر و 13 پاس و 100 ئۆتۆمبێلی داعش لەو هەڵمەتەدا بەشدار بوون، 10 دانە لە بارهەڵگرەکانیش پڕکرابوون لە چەک و تەقەمەنی. ئەبوو فەوزی باس لەوە دەکات کە بەهۆی قورسیی چەک و تەقەمەنییەکان ئەکسلی بارهەڵگرەکەی شکاوە.

کاروانەکە بە بیاباندا تێپەڕیوە، ئەو بیابانەی سەردەمێک بە تەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا بوو. بەدرێژایی ڕێگاکەش چوار چەکداری داعش بە چەکەوە بەسەر هەر کام لە شوفێرەکانەوە بوون. وەکوو ئەبوو فەوزی باسی دەکات، چەکدارەکان بە درێژایی ڕێگاکە هەڕەشەیان لە شوفێرەکان دەکرد، یەکێک لەو چەکدارانە کە لە پێشەوە لەگەڵ ئەبوو فەوزی بووە، ئافرەتێکی بیانی بووە کە بەردەوام بە چەکی کلاشینکۆف هەڕەشەی لێکردبوو. چەکدارانی داعش شوفێرەکان و خەڵکی ناوچەکەیان بە تاوانباری سەرەکی دەزانی لەوەی داعش لەو ناوچانە دەرکراوە.

> بارهەڵگرێک کە چەکدارانی داعشی گواستووەتەوە:
>
> **4000 کەسمان لە ڕەققە گواستەوە**

> **فڕۆکە و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەسەر کاروانەکەوە چاودێرییان دەکردن**

> **چەکدارەکان خۆیان و ئۆتۆمبێلەکانی ئێمەیان بۆمبڕێژ کردبوو**

### گوند و شارۆچکەکانی سەر ڕێگا

کاروانی بارهەڵگرەکان بە ژمارەیەک گوند و شارۆچکەدا تێپەڕیون، لەوانەش شەنینە. پێش گەیشتنی کاروانەکە، ئۆتۆمبێلێکی (هەسەدە) دەچووە ناو ئاوایی و داوای لە خەڵک دەکرد بچنە نێو ماڵەکانیان.

مەحموود کە دوکاندارە لە شەنینە، باسی ئەوە دەکات کە چۆن چەکدارانی داعش بە لێشاو ڕوویان لە دوکانەکەی کردبوو "هەموویان لە نووکی پەنجەوە بۆ تۆقی سەریان پڕچەک بوون". وەکوو مەحمود بۆ (بی بی سی) باسکردووە، چەکدارانی داعش کە چەندین مانگی بێوچان شەڕیان کردبوو "ڕەنگیان بەڕووەوە نەمابوو، هەموویان برسی بوون". بۆیە ئەوەی لە دووکانەکەدا بۆ خواردن دەشیا، هەموویان کڕی".

سێ چەکداری داعش پاکەتە جگەرەکانی دوکانی مەحموودیان دڕاندبوو. چەکدارێکی تونسیش بە زمانی هەڕەشە بە مەحموودی گوتبوو "دواجار دەگەڕێینەوە و دەسەڵاتی شەریعە دەچەسپێنین".

خاڵێک کە دوکاندارەکە و ئەبوو فەوزی ئاماژەی بۆ دەکەن دەستپاکیی چەکدارانی داعشە. ئەبوو فەوزی گوتی: "ڕەنگە داعشەکان کۆمەڵێک کەسی دەروون نەخۆشی خۆکوژ بووبن، بەڵام کاتێک دێتە سەر پارە دەستیان پاکە".

خەڵکی گوندێکی سەر ڕێگای کاروانەکە بە ئاژانسە بەریتانییەکەیان ڕاگەیاندووە کە تێپەڕینی ئەو کاروانە بەلای گوندەکەیاندا بیرەوەریی چوار ساڵ ترس و تۆقینی بەبیرهێنابوونەوە. موهەننەد، دانیشتووی گوندەکە، ئاشکرای کرد کە دوو هامەر لە پێش کاروانەکەوە دەڕۆیشتن.

خەڵکی گوندەکە دەڵێن لە کاتی تێپەڕینی کاروانەکە بەلای گوندەکەیاندا چەکدارەکان بە ئاماژە هەڕەشەی گەڕانەوەیان لە خەڵکەکە دەکرد، تەنانەت هەندێکجار وەکو ئاماژەیەک بۆ سەربڕین پەنجەیان بە ملی خۆیاندا دەهێنا. موهەننەد دەڵێت: "ئێستاش بڕوا ناکەم داعش بۆ هەتا هەتایە لەو ناوچەیە دەرکرابێ".


چەکدارانی داعش هەڕەشەی گەڕانەوەیان لە دانیشتووانی ئەو گوند و شارۆچکانە کردووە کە پێیدا تێپەڕیون

### چاودێری بە فڕۆکەی هاوپەیمانان

ئەبوو فەوزی و ژمارەیەک لە شایەتحاڵەکان ئاشکرای دەکەن کە فڕۆکە و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەسەر کاروانەکەوە دەجووڵان و لایتیان لە بارهەڵگرەکان و ڕێگاکە دەدا. ئەبوو فەوزی دەڵێت "کاتێک بەشی کۆتایی کاروانەکە خەریک بوو لە ڕێ لابدات، فڕۆکەیەکی جەنگی هاتە خوارتر و تیشکێکی لە ناوچەکە دا. چەکدارانی داعش خەریک بوو خۆیان پیس بکەن".

خاڵی کۆتایی بارهەڵگرەکەی ئەبوو فەوزی ناوچەیەک بووە لە نێوان گوندەکانی مەرکادە ئەلسووار لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و لەوێ چەکدارانی داعش چەک و تەقەمەنییەکانیان لە بارهەڵگرەکە داگرتبوو. وەکوو شوفێرەکە باسی دەکات، لە کاتی گەڕانەوەیدا چەکدارانی (هەسەدە) پرسیاریان لێکردبوو کە تەقەمەنییەکانی لە کوێ داگرتووە، ئەویش لەسەر نەخشەیەک شوێنەکەی پیشان دابوون. چەکدارانی هەسەدە شوێنەکەیان نیشانە کردبوو "تاوەکو مامە ترەمپ دواتر بۆردومانی بکات".


چەکدارانی داعش لە ڕەققەوە گواستراونەتەوە بۆ ئەلسوور

### قاچاخچییەکان

کەوتنی ڕەققە بازاڕی قاچاخچییەکانی گەرم کردووە. یەکێک لە قاچاخچییەکان بەناوی عیماد بە (بی بی سی) ڕاگەیاندووە "لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر خێزان ڕەققەیان جێهێشتووە و دەیانەوێت بچنە تورکیا، خۆم ئەم هەفتەیە 20 خێزانم ئاودیو کردووە. زۆرینەیان بیانین، بەڵام سووریشیان تێدایە".

وەلید کە قاچاخچییەکی دیکەی ئەو ڕێگەیە، زانیارییەکانی عیماد پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام بەهۆی توندکردنی سنوورەکان لە لایەن تورکیاوە، کاری قاچاخچییەکان قورستر بووە. بە گوتەی عیماد، لە چەند هەفتەی یەکەمی دوای ئازادکردنی ڕەققە، قاچاخچییەکانیش هەقدەستی خۆیان لە 600 دۆلارەوە بۆ 1500 دۆلار بۆ یەک کەس بەرز کردبووەوە.

وەلید ئاشکراشی دەکات "ئەو چەکدارە بیانیانەی پلەی باڵایان هەیە، قاچاخچی خۆیان هەیە کە زۆربەی جاران هەر ئەوانەن کاتی خۆی ئەوانیان هێنابووە سووریا. ئەوان پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوانیاندا مابوو".

> **لەژێر گوشاری بۆردومان‌دا ناچار بە دانوستاندن کراین**
>
> بەرپرسێکی هەواڵگریی داعش

### بۆچی داعش ئامادەبوو ڕێککەوتن بکات؟

یەکێک لەوانەی لەگەڵ کاروانی ڕاکردووانی داعش بووە، ئەبوو موسعەب حوسەیفا، بەرپرسی هەواڵگریی داعش بووە. بەڵام ئێستا لە گرتووخانەیە. پێشتر داعش بە ڕێکخراوێک ناسرابوو کە دانوستاندن ناکات، بەڵام لە ڕەققە وەکوو هەموو لایەنێکی دۆڕاو ملی بۆ ڕێککەوتن دا.

بە گوتەی ئەبوو موسعەب، لە ڕۆژی 10ی تشرینی یەکەم، بۆردومانی هاوپەیمانان بۆ ماوەی 10 کاژێر بەردەوام بووە کە تێیدا 500 بۆ 600 کەس کوژران "ئەو بۆردومانە گوشاری خستە سەرمان و دوای ئەوە دانوستاندن دەستی پێکرد". هەرچەندە پێشتر سێ هەوڵی دانوستاندنیان ڕەتکردبووەوە. بۆردومانە چڕەکە لە ڕۆژی دواتریش بەردەوام بوو، یەکێک لە خانووەکان کە 35 ئافرەت و منداڵی تێدا بوو، لەگەڵ زەوی تەخت کرا.

### چارەنووسی داعشەکان

ئەبوو موسعەب ئاشکرای کردووە کە بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە، دەبووایە هەر کەسێک تەنیا چەکی خۆی لەگەڵ خۆی بەرێت و چەکە قورسەکان جێبهێڵن، بەڵام بە گوتەی خۆی "هەر چۆنێک بێت ئێمە ئیدی چەکی قورسمان بەدەستەوە نەمابوو".

بەرپرسی پێشووی هەواڵگریی داعش باسی چارەنووسی خەڵکی ناو کاروانەکەشی کردووە. کاروانەکە لە ناوچەیەکی گوندنشینی نزیک سنووری نێوان سووریا و عێراق بەتاڵ کرا. دواتر هەزاران کەس بڵاوەیان لێکرد. ئەبوو موسعەب خۆی یەکێک بووە لەو کەسانەی هەوڵی ڕاکردنی داوە و ڕێگەی ڕاکردنەکەشی بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (هەسەدە)دا تێدەپەڕی.

ئەبوو موسعەب چیرۆکی ڕاکردن و دەستگیرکرانی خۆی بۆ ئاژانسە بەریتانییەکە باسکردووە و دەڵێت: "من لەگەڵ ئەو گرووپەدا مامەوە کە بڕیارمان دابوو ڕێگەی تورکیا بگرینەبەر". بۆ ئەوەش دەبووایە بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دوژمنی خۆیاندا تێپەڕن. گرووپەکە لەگەڵ قاچاخچییەک ڕێکدەکەون بۆ ئەوەی "لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە" دەریان بکات.

بەپێی گێڕانەوەی خۆی "سەرەتا کارەکان باش دەڕۆیشتن، بەڵام قاچاخچی هی ئەوە نییە پشتی پێ ببەستی، ئەو لە نیوەی ڕێگەدا وازی لێ هێنابین. لەو کاتە بەدواوە دەبووایە هەر کەسێک خۆی ئاگای لەخۆی بێت، بۆیە بڵاوەمان کرد و هەر کەس کەوتە دەست خۆی". دوور نییە ئەبوو موسعەب کە یەکێکە لە فەرماندە سەرەکییەکانی داعش، توانیبای لە سووریا دەربچێت، ئەگەر بهاتبایە و قاچاخچییەکی باشی دەستخستبایە و پارەی تەواوی پێبووایە.

### داعش لە ئیدلیب

بەڵام هەموو چەکدارەکان بیریان لە دەرچوون لە سووریا نەکردەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (بی بی سی)، ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکان و خێزانەکانیان ڕێگەی پارێزگای ئیدلیب لە ڕۆژئاوای پارێزگای ڕەققەیان گرتەبەر. پارەی گواستنەوەی چەکدارەکان لە ڕەققە بەرەو ئیدلیب لە نێوان 4000 بۆ 20 هەزار دۆلار بووە کە بەپێی ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە دەگۆڕا.

ئەبوو بەسیر ئەلفەرەنسی، چەکدارێکی فەرەنسی و گەنجی داعش، پێش ئەوەی ڕەوشەکە بە تەواوەتی لە ڕەققە تێکبچێت، شارەکەی جێهێشتبوو. ئەو ئێستا لە ئیدلیبە و دەیەوێت هەر لەوێش بمێنێتەوە.

ئەبووبەسیر بە ئاژانسە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە، تەنانەت ئەو کاتەش کە ئەو ڕەققەی جێهێشت ڕەوشەکە تێکچووبوو. وەکو خۆی دەڵێت: "ئێمە چەکداری بەرەی پێشەوە بووین و بەردەوام لەدژی هێزە کوردییەکان شەڕمان دەکرد. ژیانمان سەخت بوو. بەڕاستیش نەماندەزانی ڕەققە گەمارۆ دەدرێت".

ئەبوو بەسیر کۆمەڵێک زانیاری لەبارەی چەکدارە فەرەنسییەکان ئاشکرا دەکات کە دەشێت لە داهاتوودا مایەی ترس و دڵەڕاوکێی هەموو دەزگا ئەمنییەکانی ئەورووپا بن. ئەبوو بەسیر دەڵێت: "ژمارەیەک برای فەرەنسیمان هەیە کە سووریایان جێهێشتووە و چوونەتەوە فەرەنسا بۆ ئەوەی لەوێ هێرش بکەن".

ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە چوار مانگ و دوو هەفتەی خایاند. ئۆپەراسیۆنەکە پێنج ڕۆژ دوای دەرچوونی کاروانەکە لە ڕەققە کۆتایی هات. ڕەنگە ڕێککەوتنەکەی نێوان هاوپەیمانان و داعش ژمارەیەکی زۆر هێزی مرۆیی و خەرجیی سەربازی بۆ ئەمریکا و (هەسەدە) گەڕاندبێتەوە، بۆ ماوەی چەند هەفتەیەکیش خۆراکێکی پڕوپاگەندەیی باشی بە ئیدارەی ئەمریکی و هاوپەیمانان دا.

بەڵام شەڕی دژی داعش هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو. یەکەمیان هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتەکەی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکان و دووەمیان ڕێگەگرتن لە ڕوودانی هێرشی تیرۆریستی لە دەرەوەی عێراق و سووریا. ڕەققە بە شوێنی سەرەکی داڕشتنی پلانی هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژئاوا دادەنرا.

چیرۆکی ئەبوو موسعەب و هاوڕێ فەرەنسییەکانی ئەبوو بەسیر ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ڕێککەوتنی نێوان هاوپەیمانان و داعش لەلایەکەوە ئەگەری زیندووبوونەوەی شانەکانی داعش لە داهاتوویەکی نزیکدا بە کراوەیی دەهێڵێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە هەڕەشەیەکە بۆ دەزگا ئەمنییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا کە ژمارەیەکی زۆر چەکدار و داڕێژەری پلانە تیرۆریستییەکان دەکرێت سنوورەکانی سووریایان بڕیبێت و بیر لە پلانی هێرشی داهاتوو بکەنەوە.

> **ژمارەیەک لە برایانمان چوونەتەوە فەرەنسا بۆئەوەی لەوێ هێرش بکەن**
>
> چەکدارێکی فەرەنسیی داعش

ڕزگار عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# یەکێتی ئازادە کێ دەکاتە پارێزگاری کەرکووک، ئیشی پارتی نییە تەدەخول بکات



- کورد هەڵەی زۆر گەورەی کردووە لە کەرکووک
- تاوەکو ئێستا حەشدی شەعبیم نەبینیوە

لەلایەن مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەیەوە پاڵێوراوە بۆ ئەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرێ. بەڵام خەریکە مانگێک بەسەر کاندیدکردنیدا تێدەپەڕێ و هێشتا ئەو پۆستەی وەرنەگرتووە. بۆیە حەز دەکات وەکو بەرپرسی مەڵبەندی سێی ڕێکخستنی یەکێتی بیناسێنین. ڕزگار عەلی دەڵێت زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکووک بە پارتیشەوە لەگەڵ ئەوەن ئەو ببێتە پارێزگاری کەرکووک و چاوەڕێی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا دەکات کە بڕیارە ڕۆژی 21/11/2017 بەڕێوەبچێ. بەڵام تاوەکو ئێستا شوێنی کۆبوونەوەکە دیاری نەکراوە.

**هەڤپەیڤین: هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو- سلێمانی**

**ڕووداو: لە ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و دواتریش زۆربەی کات لە کەرکووک بووی، دۆخی کەرکووک لە ڕووی سیاسی، ئابووری و ئەمنی چۆنە؟**

**ڕزگار عەلی:** 16ی ئۆکتۆبەر دەرئەنجامی چەند شکستێکی سیاسیی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بوو. تۆ ئەگەر سەیری پێش 16ی ئۆکتۆبەر بکەی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هیچ لایەنێک ئامادەی دانوستاندن نەبوو. لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئامادە نەبوو. تەنیا و تەنیا پێداگیری لەسەر بابەتی ریفراندۆم کرد، ئەمەش وایکرد کە هەرچی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و دۆست و دەوروداوسێیە لە دەست بدەین. دواى ڕزگارکردنی حەویجە هێزەکانی عێراق هاتنە بەرامبەر

> **به حزووری کاک کۆسرەت پاڵێوراوم بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک**

پێشمەرگە، هێزەکەی عێراق هێزێکی بێ شومار بوو. ئەوەی لە کەرکووک ڕوویدا کۆکراوەی سیاسەتە هەڵەکانی سەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو. سەبارەت بە ڕەوشی کەرکووک، خەڵکی کەرکووک لە دوای 2003 لەژێر سایەی ئیدارەیەکی کوردی ژیاوە کە خۆی زیاتر لە یەکێتی و پارتی دەبینێتەوە، ئێستا ئەوە نەماوە، خەڵک هەست بە جۆرێک نامۆیی دەکات، ڕانەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان پارێزگار عەرەب بێ، یان تەنیا سوپای عێراق لە شارەکە بێ.

**ڕووداو: پێشێلکاری بەرامبەر خەڵک ناکرێ؟**

**ڕزگار عەلی:** ناتوانم بڵێم پێشێلکاری لە کەرکووک نییە، پێشێلکاری لەلایەن دەوڵەتەوە هەمیشە کراوە. جا لەلایەن سوپا بووبێ، یان پۆلیس. پێشتر ڕەنگە لەلایەن پێشمەرگە و ئاسایش کرابێ. هێزی ئەمنی فریشتە نییە تاوەکو پێشێلکاری نەکات. بە تایبەتیش لەو بارودۆخەی کەرکووک، عەرەبەکانی کەرکووک وا هەست دەکەن ئینقیلابی 17ی تەممووزی 1968 ڕوویداوە کە بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم.

**ڕووداو: ئێستا پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەتە، دانانی پارێزگارێک لەو کاتەدا چ گرنگییەکی بۆ کەرکووک هەیە؟**

**ڕزگار عەلی:** بە دانانی پارێزگارێکی کورد کەرکووک نابێتە شامی شەریف. کورد لە پێنج ساڵی ڕابردوودا هەڵەی زۆر گەورەی کردووە لە کەرکووک. ئیدارەیەکی نارێکی هەبووە، سیاسەتێکی ناسەقامگیری هەبووە. جاری وا هەبووە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا لەوپەڕی باشیدا بووە، جاری واش هەبووە لەوپەڕی خراپیدا بووە. ئینجا ئەو گەندەڵییەی لە کەرکووک کراوە، گەندەڵییەکی زۆر خەیاڵییە تەسەوری ناکەی.

**ڕووداو: ئایا پاڵاوتنی ئێوە براوەتەوە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، بەتایبەتی کە ئێستا مەکتەبی سیاسی نەماوە و سەرکردایەتی سیاسی یەکێتی کێشەی هەیە؟**

**ڕزگار عەلی:** بۆ مەسەلەی دانانی پارێزگارێک بۆ کەرکووک یان هەر شوێنێکی دیکە، سەرەتا بۆچوونی مەڵبەندی سلێمانی یان کەرکووک وەردەگیرێ. سەرەتا پرس بە مەڵبەندی کەرکووک کرا. ئەوانیش بەندەیان پاڵاوت. دواتر ئەو پاڵاوتنە برایە مەکتەبی سیاسی، بە حزووری کاک کۆسرەت و هەموو برادەرانی مەکتەبی سیاسی دەنگی لەسەر دراوە.

**ڕووداو: پارتی دەڵێت ئەوان دڵنیانین کە تۆ کاندیدی مەکتەبی سیاسی یەکێتیت، یان باڵێکی نێو یەکێتی؟**

**ڕزگار عەلی:** منیش نامەی ڕەسمییان بۆ ناردووم، ئیمزای کاک مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی لەسەرە. برادەرانی پارتی دەبێ واز لە دەستەواژەی باڵ بهێنن. هەق نییە برادەرانی پارتی تەدەخول لە کاروباری نێوخۆی یەکێتی بکەن. منیش دەتوانم بڵێم ئێستا پارتی دوو سێ باڵە. بەڵام ئەوانەی ئەو جۆرە قسانە دەکەن هەم خۆیان بچووک دەکەنەوە، هەمیش پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی تێکدەدەن.

**ڕووداو: بەڵام ئێستا ناوی کەسی دیکەش دێ بۆ پارێزگاری کەرکووک؟**

**ڕزگار عەلی:** ئێمە چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و چوار ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی کە خەڵکی کەرکووکین، ئەو باڵەی لێدەرچێ کە پێشتر پارێزگاری کەرکووک بوو، ئێمە هەر حەوتمان بە دەستەجەمعی کار بۆ کەرکووک دەکەین.

**ڕووداو: هوشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی گوتبووی ئەوان پشتیوانی لە کاندیدبوونی ئێوە ناکەن بۆ پارێزگاری کەرکووک. ئایا ئەو هەڵوێستە بە فەرمی بە یەکێتی ڕاگەیێندراوە؟**

**ڕزگار عەلی:** من ئەو بەڕێزە ناناسم و لە ژیانمدا یەکجار دیومە. ئەوە گوایە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتییە، دەبووایە بەر لە هەموو شتێک زمانێکی دیبلۆماسی هەبووایە لە قسەکردن. ئەوە زمانی عەسکەرە، بەڵێ و نەخێر. من لە پارتی دەپرسم: سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا سەر بە پارتی نییە؟ جێگری یەکەمی پارێزگاری نەینەوا سەر بە پارتی نییە؟ چەندین بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری گشتی لە نەینەوا پارتی نین؟ ئەوێ پڕ لە حەشدی شەعبی نییە؟ حەشدی شەعبی هاتە مووسڵیش، بۆچی لەوێ دەوام دەکەن؟

شتێکی دیکەش بە برادەرانی پارتی دەڵێم: فەرماندەیەکی گەورەی دژە تیرۆری عێراق سەر بە پارتییە، ناوی کاک فازڵە، هاوشانی هێزەکانی حەشدی شەعبی شەڕی مووسڵ دەکات، شەڕی تەلعەفەر دەکات، شەڕی مەخموور دەکات. ئەو سیاسەتی دوو فاقییە لە بیرکردنەوەی هەندێک کەسدا عەیبە. هیوادارم ئەو قسانەی کاک هۆشیار هیچ کاتێک بۆچوونی پارتی نەبێ. ئێمە ئازادین کێ هەڵدەبژێرین بۆ پارێزگاری کەرکووک، ئەوە ئیشی پارتی نییە تەدەخول بکات.

**ڕووداو: هوشیار سیوەیلی دەڵێ ئێوە بەشداربوون لە پیلان و خیانەتی تەسلیمکردنی کەرکووکدا. ڕۆڵی ئێوە لەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ حەشدی شەعبی و قاسم سلێمانیدا کرا چی بوو؟**

> **پەرلەمانی عێراق هەمان هەڵەی کوشندەی کورد دووبارە دەکاتەوە**

**ڕزگار عەلی:** من دەمەوێ باسی حەشدی شەعبی بکەم. حەشدی شەعبی کاتێک دروست بوو کە داعش نزیککەوتەوە لە بەغدا. بە فتوای مەرجەعی باڵای شیعەکان ئەو هێزە دروستبوو. دواتر پەرلەمان دەنگی لەسەر یاسای حەشدی شەعبی دا. بەرپرسی یەکەمی ئەو هێزە، وەزیرە لە عێراق. ئەگەر پارتی یان یەکێتی یان هەر لایەک بە حەشدی شەعبی ڕازی نییە، بۆ نموونە یەکێتی با سەرۆک کۆمار و وەزیرەکان و پەرلەمانتارەکانی بکشێنێتەوە، بۆ پارتیش هەمان قسە دەڵێم. ناکرێ لە بەغدا حەشدی شەعبیت قبوڵ بێ و لە کەرکووک و مووسڵ قبوڵت نەبێ. پەرلەمانتارانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان دەنگیان بە یاسای حەشدی شەعبی داوە. من ئەندام پەرلەمان نەبووم، با جارێ بچن سزای پەرلەمانتارەکانیان بدەن کە دەنگیان بە یاسای حەشدی شەعبی داوە. ئەو موزایەدە نانیشتیمانییە کە پێیدەگوترێ فێڵ لەخۆکردن زۆر عەیبە.

**ڕووداو: من وەڵامی پرسیارەکەم دەستنەکەوت، هیچ ڕۆڵێکت هەبوو لەو ڕێککەوتنە؟**

**ڕزگار عەلی:** بۆ زانیاریت من تاوەکو ئێستا

> **پەرلەمانتارانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان دەنگیان بە یاسای حەشدی شەعبی دا**

حەشدی شەعبیم نەبینیوە. تەنیا یەکجار هادی عامریم بینی، ئەویش ئەوکاتە بوو کە داعش پەلاماری مەخمووری دا.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا هیچ پرس و ڕایەک بە بەغدا و حەشدی شەعبی کراوە کە دەتانەوێ پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک دابنێن بە ناوی ڕزگار عەلی؟**

**ڕزگار عەلی:** ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەیە بە ڕەسمی ئاگادار کراونەتەوە. ئەو لایەنانەش بریتین لە فراکسیۆنەکانی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک. مەکتەبی سیاسی پارتی، مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو، لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و بەڕێز قوباد تاڵەبانی.

**ڕووداو: هیچ وەڵامێکتان لەو لایەنانەوە بۆ هاتووەتەوە؟**

**ڕزگار عەلی:** برایانی یەکگرتوو لە نێو ئەنجوومەنی پارێزگا کێشەیان نییە، ئەوان بە ئاشکرا دەڵێن دەنگ بە کاندیدی یەکێتی دەدەین. لەگەڵ برادەرانی پارتیش لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک قسە کراوە، ئەوانیش دەڵێن چاوەڕێی بڕیاری مەکتەبی سیاسی دەکەین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە کەرکووک. ئەو برادەرانەی پارتی لە ئەنجوومەن ڕەفیقمن، ئەوان دەڵێن مانعمان نییە دەنگ بە کاندیدی یەکێتی بدەین.

**ڕووداو: بۆچی تائێستا ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک نەیتوانیوە کۆببێتەوە؟**

**ڕزگار عەلی:** ئێستا قسە هەیە کە ئەم هەفتەیە کۆببێتەوە.

**ڕووداو: کە دەڵێن 20ی ئەم مانگە پارێزگار دادەنرێ ڕاستە؟**

**ڕزگار عەلی:** ئەو زانیارییەم نییە.

**ڕووداو: خۆت خەڵکی کەرکووکی و ماوەیەکی زۆریش بەرپرسیارێتیت هەبووە لە کەرکووک. پێتوایە دۆخی کەرکووک بەمزووانە ئاسایی ببێتەوە؟**

**ڕزگار عەلی:** کەرکووک جێی ململانێیە، ئەگەر ئێمە وەکو کورد یەکگرتوو نەبین، پێموانییە لە کەرکووک بەهێز ببین. ئەو دۆخەی جاران بریتی بوو لەو فەراغە ئەمنییەی لەلایەن حکومەتی عێراق دروستبوو، ئەو فیرقەی سوپای عێراق کە لە کەرکووک بوو هەڵات، چەک و تەقەمەنی بەجێهێشت. جاران سوپای عێراق لەناو کەرکووک و باشووری کەرکووک بوو، پێشمەرگە لە سەرووی کەرکووک بوو، ناچار بوو بۆ پاراستنی شارەکە بچێتە باشووری کەرکووک.

من ئاساییبوونەوەی دۆخی کەرکووک بەو قورسییە نابینم، چونکە ململانێی کەرکووک لەسەر چەند شتێکە، چارەنووسی کەرکووکە، ئەگەر حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەماهەنگ بن، تەبابن بۆ کەرکووک. من پێموایە یەک لەو کارانەی دەتوانین بیکەین، جێبەجێکردنی مادەی 140ە. ئینجا دەبێ مافی هەموو پێکهاتەکانیش بدەی، ناکرێ مافی عەرەب نەدەی. مافی تورکمان نەدەی.

**ڕووداو: ئەگەر بووی بە پارێزگاری کەرکووک یەکەم داوا کە لە سەرۆکی حکومەتی عێراقی بکەی چی دەبێت؟**

**ڕزگار عەلی:** یەکێکیان بریتی دەبێ لە جێبەجێکردنی ماددەی 140، ماددەی 140 زۆر گرنگە، بەڵام نەک بۆ وەرگرتنی 10 ملیۆن دینار بۆ ئاوارەی کورد و 20 ملیۆن دینار بۆ ئاوارەی عەرەب. بەڵکو دوو بڕگەی گرنگی هەیە کە بریتییە لە گەڕانەوەی ئاوارە، گەڕانەوەی عەرەبی هاوردە بۆ شوێنەکانیان. گەڕاندنەوەی زەویوزاری داگیرکراوی کورد و تورکمان. ئینجا سنوورە ئیدارییەکان وەکو خۆی لێ بێتەوە. پاش ئەوانە دەتوانرێ دۆخی کەرکووک زۆر بە ئاسانی ئاسایی ببێتەوە و ئامادە ببێ بۆ سەرژمێری و دواتریش ڕاپرسی.

**ڕووداو: ئەی یەکەم داوات لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی دەبێت؟**

**ڕزگار عەلی:** حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ سیاسەتی کۆنی خۆی بگۆڕێ. دەبێ ئەوپەڕی شەفاف بێ لە مەسەلەی داهاتی نەوت و هەموو داهاتەکانی دیکە.

**ڕووداو: ئێوە لەگەڵ ئەوەدان کە دەبێ ئاسایش بەهەربوو دەزگاکەیەوە بگەڕێتەوە کەرکووک؟**

**ڕزگار عەلی:** ئاسایش لە کەرکووک یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان. دەبێ مافی هەموو لایەک پارێزراو بێ، هەموو لایەک هاووڵاتیی پلە یەک بێ. من نامەوێ وەکو کوردێک بە عاتفی قسەت لەگەڵ بکەم. موزایەدە و شۆڤێنیەتی کوردی پێوە بێ. باشە کورد ئاسایشی هەبێ، بۆچی عەرەب و تورکمان نەیبێ؟ جا لە هەمووی سەیرتر دوو ئاسایش، ئایا چۆن دەکرێ تۆ لە شارێک دوو ئاسایشت هەبێ و باسی دەستووریش بکەی. باسی مافی عەرەب و تورکمان بکەی. ئێمە لە ساڵی 2007 هەوڵمان لەگەڵ ئەمنی نیشتیمانی عێراق دا کە ئاسایشێکی هەمەلایەنە بۆ پێکهاتەکانی کەرکووک دروست بکرێ و نابێ حیزب بەڕێوەی ببات. ئەوەی یەکێتی و پارتی حیزب بەڕێوەی دەبات. تەنانەت لۆگۆی یەکێکیان سەوزە و هی ئەوی دیکەیان زەردە. من نازانم ئەوە چ دەوڵەتدارییەکە. ئەگەر ئەو دوو ئاسایشە لە کەرکووکیش بن و سەر بە هەرێمی کوردستانیش بن، دەبێ لە قۆناغی یەکەم تێکەڵ بکرێن. نابێ دوو بەڕێوەبەری هەبێ. نابێ لە دوو سەرچاوە بڕیار وەربگرێ.

**ڕووداو: بوونی پێشمەرگە لەگەڵ هێزە**

> **به دانانی پارێزگارێکی کورد کەرکووک نابێتە شامی شەریف**

**عێراقییەکاندا لە پارێزگای کەرکووک بەپێویست دەبینن؟**

**ڕزگار عەلی:** ئەگەر لە یادتان بێ لە ساڵی 2005 و 2006 سەنتەرێکی هەماهەنگی هەبوو. هێزەکانی ئەمریکا و عێراق و پێشمەرگە و پۆلیسی کەرکووکی لێبوو. ئەو چوار لایەنە مەلەفی ئەمنیی کەرکووکیان بەدەستەوە بوو. واجبی هەموو لایەنەکان دیاری

> **یەکەم داواکاریم لە بەغدا جێبەجێکردنی مادەی 140 دەبێ**
>
> **بۆ کورد ئاسایشی هەبێ، عەرەب و تورکمان نەیبێ؟**
>
> **ناردنی نەوت لەڕێی ئێرانەوە شتێکی غەریب نییە**
>
> **ناکرێ لە بەغدا حەشدی شەعبیت قبوڵ بێ و لە کەرکووک قبوڵت نەبێ**

کرابوو لە کوێیە. هیچ منەتی تێدانییە پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە. گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان بابەتێکی زۆر دەستوورییە.

**ڕووداو: پێشمەرگە دەگەڕێتەوە؟**

**ڕزگار عەلی:** دەگەڕێتەوە، بەڵام بۆ شەڕ ناگەڕێتەوە. دەبابە و تۆپ بیبات و لەولاش عێراق دەبابە و تۆپ بهێنێ.

**ڕووداو: ئەو قسانەی تۆ دەریدەخات کە چەندین ساڵە کورد لە فەراغێکی دەستووریدا ئیشی کردووە. نەیزانیوە یان ئەوەتا زانیویەتی و خۆی بێدەنگ کردووە؟**

**ڕزگار عەلی:** هەر کورد وا نییە، عەرەبەکانیش وان. ئەگەر سەیری پەرلەمانی عێراق بکەی. لە هەمان هەڵەی کوشندەی کورددا دەژی. هەر ڕۆژە و بڕیارێک دەدەن و گوێ بە دەستوور نادەن. دواتر ئەو بڕیارە هەڵدەوەشێتەوە. بۆ نموونە بڕیاریان داوە متمانە لە 15 پەرلەمانتاری کورد وەربگرنەوە، بەڵام سێ چوار ملیۆن کورد بەشداری لە ریفراندۆم کردووە، دەبێ حەسانەی عێراقیبوون لە 3-4 ملیۆن کورد وەربگریتەوە. من سەیرم پێدێ پەرلەمانی عێراق خۆی زۆر بچووک کردووەتەوە، زۆر هەرزەکارانە بۆ ئیشەکە دەچن.

**ڕووداو: پلانتان چی دەبێت بۆ ئەوانەی لە خورماتوو و کەرکووک و ناوچەکانی دیکە ئاوارەبوونە؟**

**ڕزگار عەلی:** ئێمە ئەگەر واقیعی بین، جارێ نابێ ئاوارە هەبێ. بۆ ئاوارە دروستبوو؟ ئەوەی دووز کارێکی قێزەونیان کرد بەرامبەر بە کورد. هەر کەسێک کردوویەتی دەبێ بدرێتە دادگا، نابێ بەبێ سزا تێپەڕێ. دەتوانم بڵێم ئەوەی بە کوردی خورماتوو کرا، جینۆساید بوو. دەبێ پەرلەمانتاران و نوێنەرانی کورد لە بەغدا ئەم کەیسە بگەیەننە هەموو دونیا. کێ بەرپرسی سەربازی بووە لەوێ، بدرێتە دادگا.

**ڕووداو: ئایا پشتیوانی لەوە دەکەی کەرکووک ببێتە هەرێمێکی فیدراڵ لە عێراقدا؟**

**ڕزگار عەلی:** ئەو بیرۆکەیە دەمێکە هەیە. بەڵام ئێمە ڕێگەمان نەدا. ئێستا دوو شوێن هەن ناتوانن ببن بە هەرێم، یەکێکیان بەغدایە، ئەوی دیکەشیان کەرکووکە، تاوەکو ماددەی 140ی دەستوور یەکلایی نەکرێتەوە، ناتوانێ داوای بە هەرێمبوون بکات.

**ڕووداو: مامەڵەکردنی پێشووی پارێزگار و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هیچ کەموکوڕیی هەبوو؟**

**ڕزگار عەلی:** من پێموایە باڵانس نەبوو. دەتوانی بە دوو جۆر مامەڵە لەگەڵ کەرکووک بکەی، جۆرێکیان بێتە مایەی خێر و برایەتی لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا، یان بیکەی بە مایەی فیتنە لەنێوان هەرێم و بەغدا.

**ڕووداو: چارەنووسی نەوتی کەرکووک چی لێدێ؟**

**ڕزگار عەلی:** نازانم، بەڵام حکومەتی عێراق سیستمێکی هەیە، ڕۆژانە چەند نەوت دەردێنێ یان چەندی دەفرۆشێ، ڕایدەگەیەنێ لەبەر ئەوەی ئەندامە لە ئۆپێک.

**ڕووداو: لەگەڵ ئەوەی کە بڕیپیەکی نەوتی تازە، نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی ئێرانەوە بگوازرێتەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان؟**

**ڕزگار عەلی:** ئەگەر سەیری مێژووی عێراق بکەین، نەوتی لە ڕێی زۆر وڵاتەوە ناردووە. بۆیە ناردنی نەوت لەڕێی ئێرانەوە شتێکی غەریب نییە. عێراق یەک مەنفەزی هەناردەکردنی نەوتی هەیە، ئەویش کەنداوە. نەوتی کەرکووک تاوەکو دەیگەیەنیتە کەنداو یان بەندەری جەیهان ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ سنووری ئێران، کامەیان نزیکترە؟ تەبعەن ئێران.

**ڕووداو: لەگەڵ ئەوەدای کە بەشێکی نەوتی کەرکووک بدرێتە پاڵاوگەی کرماشان؟**

**ڕزگار عەلی:** لە هەموو حاڵەتێکدا نەوت سامانێکی فیدراڵییە. ئەمە ئیشی پارێزگایەک نییە، وەزارەتی نەوتی عێراق دامەزراوەیەکی گرنگە. دەزانێ لە چ ڕێگایەکەوە نەوتەکەی بنێرێ قازانجی بۆ ئابووریی عێراق هەیە. خۆی ڕێککەوتنەکە وایە، عێراق نەوتی کەرکووک دەداتە پاڵاوگەی کرماشان، ئێران لە باشوور کە نزیکە لە بەندەری فاو، لەوێ قەرەبووی نەوتی کەرکووکیان بۆ دەکاتەوە. قازانجی ئێران چییە لەو مەسەلەیە، باکووری ئێران نەوتی نییە. لە کرماشانەوە سووتەمەنی بۆ ئەو ناوچانە دێنێ. واتە ئەمە بۆ عێراقیش قازانجە، چونکە تۆ تا ئەو نەوتەی کەرکووک دەگەیەنیتە بەسرە، تێچووی زۆرە.

**ڕووداو: چۆن سەیری ئەو بەرگرییەی پارتی دەکەی لە پردێ کە دەڵێن نامێڵن هەولێریش وەکو کەرکووک بفرۆشرێ؟**

> **عەرەبەکانی کەرکووک وا دەزانن ئینقیلابی 17ی تەمووز ڕوویداوە**

**ڕزگار عەلی:** من نازانم کەرکووک چۆن فرۆشرا، ئەو قسەیە زۆر دەکرێ. ئەو هێزەی لە کەرکووک بوو، لە پارتی و یەکێتی پێکهاتبوو. بەرپرسی یەکێک لە میحوەرە گرنگەکانیش پارتی بوو. ئەم قسەی خۆفرۆشتنە، خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی. کێ سەرگەڕانی فرۆشت؟ کێ شنگال و مەخمووری فرۆشت؟ کێ زوممار و ڕەبیعەی فرۆشت؟

## منداڵێکی کوردی ئێزدی نادرێتەوە خێزانەکەی

**ڕووداو- دهۆک**

منداڵێکی کوردی ئێزدی کە لەژێر دەستی داعش بووە، ئێستا لە خانەی بێسەرپەرشتانی مووسڵە، 25 ڕۆژە باوکی دەچێتە مووسڵ بەڵام نایدەنەوە. هەر جارەی بە بیانوویێک دەستی بە رووەوە دەنێن. دلۆڤان دەخیل عەبۆ تەمەن 5 ساڵ لە هێرشی داعشدا بۆ سەر شنگال لەگەڵ دایکی، دوو خوشکی و برایەکیدا کەوتنە دەست داعش و بێسەروشوێنکران. دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دلۆڤان لە خانەی بێسەرپەرشتانی موسڵ دۆزرایەوە، باوکی ناسنامەکەی و وێنەکانی و خوشکە بچووکەکەی بردوونەتە موسڵ، بە بەڵگە سەلماندوویەتی دلۆڤان کوڕی ئەوە، بەڵام بە پاساوی ئەوەی دەبێ دادگا کەیسەکە یەکلایی بکاتەوە، نایدەنەوە.



کوردستانی ڕووداو
ژمارە (482) - دووشەممە 2017/11/20

### ئاماری جیاواز لەبارەی قوربانیانی بومەلەرزەکەی کرماشان بڵاودەکرێتەوە

# حکومەتی ئێران دەڵێت 500 و پەرلەمانتاران دەڵێن 1000 کەسن



گوندی کویکی سەرپێلی زەهاو دوای بوومەلەرزەکە



هاوکاریکردن و دڵنەوایی دانەوە



گریانێکی بەکوڵ لەسەر گۆڕی قوربانییانی بومەلەرزەکە

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

بەردەوام هەنسک دەدات. هەر لەو شوێنەی دوایین ماڵئاوایی لە کچە تاقانەکەی کردووە، دانیشتووە. ژێر پێی داروپەردووی خانووە رووخاوەکەیانە. خانوویەک کە بڕیار بوو پەنای خێزانەکە بدات، بەڵام بومەلەرزە نەیهێشت. ئەحمەد بە دەم گریانەوە دەڵێ: "بەنیاز بووم کچەکەم بۆ نوێژ هەڵبستێنم، بەڵام هەموو خێزانەکەم لە ماوەی گوتنی (اللـه اکبر)ێکدا لە دەست دا".

ئەحمەد، دانیشتووی یەکێک لە گوندە بومەلەرزە لێدراوەکانی باشووری پارێزگای کرماشانە. ئەو کرێکارە، لە بەیانییەوە تاوەکو ئێوارە لەسەر کار بوو بۆ ئەوەی لوقمە نانێکی حەڵاڵ بۆ خێزانە چوار کەسییەکەی بباتەوە. ئەحمەد خەمی لەدەستدانی خێزانەکەی بە روخسارییەوە هاوار دەکات کە خۆری بەتینی هاوینی کرماشان سووتاندوویەتی.

لەسەر ئەو باڵنج و بەتانی و بەرماڵەی کە کچەکەی پێی نووستبوو، دانیشتووە و باسی دوایین قسەکانی نێوان خۆی و کچەکەی دەکات و دەڵێت: "کچەکەم پێیگوتم بابە دەخەوم، ئەو بەرماڵە لەژێر سەرم دادەنێم، نەوەک بیرت بچێ و هەڵمنەستێنی بۆ نوێژ، ئیدی خەوت. من هەموو بەیانییەک کە بۆ کار دەچووم، کچەکەم بانگ دەکرد بۆ ئەوەی نوێژی بەیانی بکات".

کچەکەی ئەحمەد پۆلی سێی سەرەتایی بوو، بە گوتەی باوکی، یەکەمی پۆلەکەی بوو، ئەو بەر لەوەی ماڵئاوایی لە باوکی بکات، داوای لە باوکی کردبوو شیرینی بۆ بکڕێت بۆ ئەوەی بەسەر هاوڕێکانیدا دابەشی بکات، باوکیشی بەڵێنی پێدابوو ڕۆژی هەینی کە لە کار گەڕایەوە شیرینییەکەی بۆ بکڕێ.

کاتێک کچەکەی داوای شیرینی لێکردبوو، عەبدولباستی کوڕیشی داوای لێکردبوو تۆپێکی بۆ بکڕێ. ئەحمەد لەم کاتەدا لەسەر شوێنی نووستنی یەکجاریی کچەکەی هەڵدەستێ و ئەو شوێنەمان پیشان دەدات کە عەبدولباستی کوڕی گیانی لەدەستدا. خۆڵ و خاکەکەی هەڵدەگرێ، بە سەریدا دەکات. پاشان چنگ لە خۆڵەکە گیردەکات و دوو مشتی لێ هەڵدەگرێ و ماچی دەکات و دەڵێت: "منداڵەکانم زۆر زۆر خۆشدەویستن. هەموو شتێکم بۆ دەکڕین، بۆ ئەوەی منداڵێکی پاک و ژیریان لێ دەربچێ".

داروپەردووی خانووە رووخاوەکەیمان پیشان دەدات، خانوویەک کە چەند ئاسنێکی سەقفەکەی لەنێو خۆڵ و خاکی سەقف و دیوارە رووخاوەکاندا سەریان دەرهێناوە و دەڵێ "بەڵام هەمووی لە ماوەی یەک "اللە اکبر"دا لەژێر ئەمەدا نوقم بوون".

دواتر ئاماژە بۆ ئەو شوێنە دەکات کە خۆی و خێزانەکەی لێ بوون. دەڵێ "منیان بە بێهۆشی دەرهێنابوو، خێزانەکەشمیان کە دەرهێنابوو، باوەشی بە کوڕە بچووکەکەماندا کردبوو. ناوی ئاریان بوو، ویستبووی ئاریان هیچی لێ نەیەت، بەڵام ئاسنێکی سەقفەکە هەردووکیانی کوشتبوو".

شەوی 2017/11/12 بومەلەرزەیەکی بەهێز هەر چوار پارچەی کوردستان و چەند وڵاتێکی دیکەی هەژاند، بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی بە تایبەتی لە سنووری پارێزگای کرماشان بوونە قوربانی.

بەپێی سەنتەری جیۆلۆجی ئەمریکی، نێوەندی بومەلەرزەکە شاری هەڵەبجە بووە و گوڕەکەشی 7.5 پلەی ڕێختەر بووە، بەپێی سەنتەری بومەلەرزەزانی ئێرانیش گوڕی بومەلەرزەکە 7.6 پلەی ڕێختەر بووە، نێوەندەکەی سنووری ئێران و عێراق (باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بووە و نزیکترین شار لێی ئیزگلی سەر بە کرماشان بووە.

### ئاماری جیاواز

دوای تێپەڕینی هەشت ڕۆژ بەسەر ئەو بومەلەرزەیەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانی هەژاند، هێشتا کەس نازانێ لەبن دارو پەردووی خانووە رووخاوەکانی شار و گوندەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشاندا تەرمی چەند کەس ماون. حکومەتی ئێران بە فەرمی 436 کوژراوی ڕاگەیاندووە، بەڵام هەر ئەم ئامارە خۆی چەند جارێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە. جاری وابووە تا 530 کەسیان ڕاگەیاندووە، بەڵام دیسان کەمیان کردووەتەوە.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو سەید جەواد حوسێنی کیا، نوێنەری شاری سۆنقوری پارێزگای کرماشان لە ئەنجوومەنی شووڕای ئێران ڕایگەیاند "هێشتا گەڕان و پشکنین لە ناوچە بومەلەرزە لێدراوەکان کۆتایی نەهاتووە. ئاماری کوژراوەکان ڕەنگە لە 1000 کەس زیاتریش بێ".

دوو ڕۆژ دوای بومەلەرزەکە، ئەحمەد سەفەری، نوێنەری شاری کرماشان، گوتی "ژمارەی کوژراوەکان زیاتر لە هەزار کەسە" سەفەری گوتی ڕۆژێک دوای بومەلەرزەکە سەردانی گوندێکی کردووە، 20 کەس کە بەهۆی بومەلەرزەکەوە گیانیان لەدەستدابوو، بە خاکیش سپێردرابوون، بەڵام ناویان لە ئامارەکاندا نەبوو.

چالاکڤانان و خەڵکی ناوچە بومەلەرزە لێدراوەکانیش دەڵێن بەپێی ئەو شتەی بەچاوی خۆیان دیتویانە، ژمارەی کوژراوەکان زۆر زیاترە لەو ئامارانەی حکومەت بڵاویان دەکاتەوە.

بەپێی دوایین ئامارەکان 9388 کەسیش بەهۆی بومەلەرزەکەی هەفتەی ڕابردوو بریندار بوون.

### گوندی مەرگ

لە هەندێ شوێن ژمارەی کوژراوەکان هێندە زۆر بووە کە خەڵک کەسوکاری خۆیان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا ناشتووە. لە گوندی کویک لە دەشتی زەهاو، ژمارەی دانیشتووانەکەی کە 115 بووە، 80 کەسیان بوونەتە قوربانی.

دانیشتوویەکی گوندەکە دەڵێ: "چەندین بنەماڵە لە گۆڕی بە کۆمەڵی 5-6 کەسیدا نێژراون". ئەندامێکی مانگی سووری ئێرانیش کە هەر خۆیشی خەڵکی گوندێکی دەشتی زەهاوە، دەڵێ: "چەند بنەماڵەی 4-5 کەسیمان لە گۆڕی بە کۆمەڵدا ناشتووە".

پارێزگاری کرماشان ئەمانە ڕەت دەکاتەوە. هوشەنگ بازوەند دەڵێ "ئەمە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە. لە هیچ ناوچەیەکی پارێزگای کرماشاندا گۆڕی بە کۆمەڵ نییە".

### بومەلەرزەکە و میدیای ئێرانی

ڕۆژی دواتر، بومەلەرزەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە مانشێتی سەرەکی زۆرینەی ڕۆژنامەکانی ئێران. چەند ڕۆژنامەیەک مانشێتی لاپەڕەی یەکەمیان بۆ هاوخەمیی زیاتر لەگەڵ دانیشتووانی کوردی ناوچە زیانلێکەوتووەکان بە کوردی و زیاتر بە زاراوەی کرماشانی نووسی. ڕۆژنامەی ئێران نووسیبووی :"ئێران لە خەمی کرماشاندا" ڕۆژنامەی ئیعتماد بە زاراوەی کرماشانی نووسیبووی: "تەنیا نید کرماشان". هەروەها ڕۆژنامەی قانوون نووسیبووی "ژانت ژان ئێرانە". ڕۆژنامەی هەمبەستەگی نووسیبووی "فرمێسکی ئێران".

ڕۆژنامەی جامیعەی فەردا لەسەر وێنەی هەژێنەری شیوەنی سێ ژنی کورد نووسیویەتی: "ڕوڵەی عەزیزم، ڕۆڵەی بێکەسم".

ڕۆژنامەی هونەرمەند بە کرماشانی نووسیویەتی: "وەی کوردەوار". ڕۆژنامەی ئاسمانی ئابی بە دێڕە شیعرێک تەعبیری لەو کارەساتە مرۆییە کردبوو نووسیبووی "بۆچی نەگریم، شووشە لە سەد لاوە شکاوە".

ڕۆژنامەکانی دیکەش بە بڵاوکردنەوەی چەندین وێنە و دیمەنی دڵتەزێن لە بومەلەرزەکە بە زمانی فارسی و مانشێتی جۆراوجۆری وەک "قەسری ماتەم" لە باتی قەسری شیرین، "کرمانش ئاە" لەباتی کرمان شاە. "داروپەردووی کارەسات لە وڵاتی فەرهاد"، "ڕۆژانی تاڵی وڵاتی شیرین" ، "زاگرۆس لەرزی، ئێران گریا" و "دڵی ئێران لەرزی". بومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشانیان کردە مژاری سەرەکی.

### ژێرخانێکی وێرانبوو

بومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان گەورەترین کارەساتەی مرۆیی ساڵی 2017 بووە لە جیهاندا. ئەم بومەلەرزەیە لە شارەکانی قەسری شیرین، سەرپێڵ زەهاو، داڵاهۆ، سەلاس و باوەجانی و جوانڕۆ و گوندەکانی سەر بەو شارانەدا زیاترین زەرەر و زیانی لێکەوتووەتەوە. بەپێی ئامارەکان 1900 گوند زیانیان بەرکەوتووە.

بەپێی ڕاپۆرتی دامەزراوەی خانووبەرەی پارێزگای کرماشان، بومەلەرزە زەرەر و زیانی بە 30 هەزار و 500 خانووبەرە گەیاندووە و 15 هەزار و 500 خانووبەرەشی بە تەواوەتی رووخاندووە.

ڕێکخراوی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی ئێرانیش ڕایگەیاندووە کە بومەلەرزەکە 78 قوتابخانە و 415 پۆلی خوێندنی بە تەواوەتی رووخاندوون.

موجتەبا نیک کردار، جێگری پارێزگاری کرماشان ڕایگەیاند: "بەپێی هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکان بومەلەرزە نزیکەی 650 ملیۆن دۆلار زیانی بە خانووبەرە و ژێرخان گەیاندووە". بەگوتەی نیک کردار، خانووبەرەی خەڵک و ناوەندە بازرگانییەکان نزیکەی 198 ملیۆن دۆلار زەرەرو زیانیان بەرکەوتووە. هەروەها بینا حکومییەکان و ژێرخانەکانیش نزیکەی 445 ملیۆن دۆلار زیانیان بەرکەوتووە، بەڵام دەڵێت "ئەمانە هەڵسەنگاندنی سەرەتایین و زەرەو زیانەکان ڕەنگە لەوە زیاتریش بن".

حکومەت بەگشتی نزیکەی 267 ملیۆن دۆلاری بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوچە بومەلەرزە لێدراوەکان تەرخان کردووە. ئەمەش بەشێکی وەک قەرز و بەشێکی بێ بەرامبەر بە خەڵک دەدرێ.

بۆ هەر خانوویەک لە گوندەکان هەزار و 250 دۆلار و لە شارەکانیش بۆ هەر خانوویەک هەزار و 500 دۆلار هاوکاری بێ بەرامبەر بۆ هەر کەسێک دەدرێ کە زیان بەر خانووەکەی کەوتبێ. هەروەها بۆ هەر خانوویەک لە گوندەکان 6 هەزار و 250 دۆلار و لە شارەکانیش 8 هەزار و 750 دۆلار قەرزی بانکی بە سوودی 4% دەدرێ.

نوێنەرەکانی پارێزگای کرماشان داوای بودجەی تایبەتیان بۆ ناوچە بومەلەرزە لێدراوەکان کردووە. قاسم جاسمی، نوێنەری کرماشان، داوای لە سەرۆک کۆماری ئێران کرد لە بودجەی ساڵی داهاتووی ئێراندا بودجەیەکی تایبەت بۆ پارێزگای کرماشان تەرخان بکات. حیشمەتوڵا فەلاحەت پیشە، نوێنەری داڵاهۆش، داوای کردووە لە بودجەی ساڵی داهاتووی ئێران بودجەیەکی تایبەت بۆ نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی پارێزگای کرماشان تەرخان بکرێ.

بومەلەرزە زەرەر و زیانی بە هەموو شت لە ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشان گەیاندووە. بەپێی هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی ڕێگاوبانی کرماشان، بایی زیاتر لە 4 ملیۆن و 200 هەزار دۆلار زەرەر و زیان بە جادەکانی ئەم پارێزگایە گەیشتووە.

هاشم حەسەن نیا، جێگری ڕێکخراوی ڕێگاوبانی پارێزگای کرماشان، هۆکاری زەرەر و زیانی ڕێگاوبانەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ ڕۆچوونی زەوی و داڕووخانی شاخەکان.

هەروەها خوسرەو شەهبازی، سەرۆکی ڕێکخراوی کشتوکاڵی پارێزگای کرماشان، دەڵێ "بومەلەرزە نزیک بە 400 ملیۆن دۆلار زیانی بە کەرتی کشتوکاڵی ئەم پارێزگایە گەیاندووە". بەگوتەی شەهبازی، لە بومەلەرزەکەدا 197 هەزار سەر ئاژەڵی بچووک و 3800 سەر ئاژەڵی گەورە لەنێوچوون. هەروەها 400 حەوزی ماسیش زەرەرو زیانیان بەر کەوتووە.

سەرۆکی ڕێکخراوی کشتوکاڵی کرماشان دەڵێ "ئەو زەرەر و زیانەی بەر کەرتی کشتوکاڵ کەوتووە لەڕێی هاوکاری بێ بەرامبەر و قەرزی بانکییەوە قەرەبوو دەکرێتەوە".

### دەروونی 9000 کەس زیانی پێگەیشتووە

بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی تەندروستی ئێران لە بومەلەرزەی پارێزگای کرماشاندا نزیکەی 90 هەزار کەس زیانیان پێگەیشتووە و 9 هەزار کەسیش تووشی نەخۆشییە دەروونییەکانی وەک شڵەژاوی دەروونی، ترسان، شۆک، نیگەرانی و هەڵچوون بوون و پێویستییان بە خزمەتگوزاریی بەپەلەی دەروونی هەیە.

بەپێی لێکدانەوەی وەزارەتی تەندروستی ئێران، نزیکەی 10 لەسەدی بومەلەرزە لێدراوەکان پێویستییان بە خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی هەیە. ژمارەیەکی زۆری ئەوان کەس و کاری خۆیان لە دەستداوە یا بێ ماڵ و حاڵ بوون.

### مەترسی بڵاوبوونەوەی کۆلێرا

ئیبراهیم شەکیبا، سەرۆکی ناوەندی تەندروستی کرماشان، دەڵێ: زبڵی ناوچە بومەلەرزە لێدراوەکان بە ڕێکوپێکی کۆ ناکرێتەوە و زێرابەکانیش خاوێن ناکرێنەوە کە ئەمانە ئەگەری بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا لێ دەکرێ. هەروەها بە هاتنی سەرما ئەگەری بڵاوبوونەوەی ئەنفلەوەنزاش هەیە". وەزیری تەندروستیی ئێرانیش دەڵێ "ڕێککاری پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکان گیراوەتەبەر".

ئێستا نەخۆشیی هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە لە بومەلەرزە ڕزگاریان بووە. ڕەنگە ئەحمەدیش یەکێک بێ لەوان کە دەڵێ "ئەوەی هەمبوو و نەمبوو لە دەستم چوو، بریا بۆ فێنکی دڵم تەنیا یەکیان مابایە".

> **قوربانیانی بومەلەرزەکەی کرماشان لە گۆڕی بە کۆمەڵدا دەنێژرێن**

> **لە کۆی 118 دانیشتووی گوندێک 80 کەسیان بوونەتە قوربانی**

> **200 هەزار سەر ئاژەڵ بەهۆی بومەلەرزەکەی کرماشانەوە لەنێوچوون**

> **9000 کەس تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون**



> **خێزانەکەم باوەشی بە کوڕەکەمدا کردبوو بۆ ئەوەی نەمرێ، بەڵام پارچە ئاسنێک هەردووکیانی کوشتبوو**
>
> باوکێکی جەرگسووتاو

## وەزیری ناوخۆی عێراق:

# خۆمان ڕێگە بە هەندێک تەقینەوەی داعش دەدەین

**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی باڵای ئەمنی لە عێراق ڕایگەیاند کە توانای دەزگا هەواڵگرییەکانی عێراق بەجۆرێک بەرزبووەتەوە، دەتوانن پێشوەخت چاودێریی ئەو بۆمبانە بکەن کە داعش بۆ ئەنجامدانی هێرش ڕەوانەی بەغدایان دەکات، دەشڵێت ئەوان دوای چۆڵکردنی ناوچەکان، ئینجا ڕێگە دەدەن داعش تەقینەوەکانی بکات.

قاسم ئەعرەجی، وەزیری ناوخۆی عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی ئاشکرای کرد "ئێمە خەڵکانێکمان هەیە کە لەگەڵ داعش کاردەکەن و ڕازی بوون بەوەی کار لەگەڵ ئێمەش بکەن، داعش بەمەی نەزانیوە و ئێمەش نامانەوێت زانیاریدەرەکانمان ئاشکرا ببن".

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامە بەریتانییەکە، هەندێکجار هێزە ئەمنییەکان خۆیان پارەی ئەو ئۆتۆمبێلە دەدەن کە بۆمبەکە بۆ بەغدا دەهێنێ و ڕێگەش دەدەن بۆمبەکە لەو شوێنە بتەقێتەوە کە داعش دیاری کردووە. بە گوتەی ئەعرەجی، دوای تەقینەوەکە "داوا لە خەڵکی خۆمان دەکەین بەیاننامەی فەرمی بە ژمارەی ساختەی قوربانیان بڵاو بکەنەوە". ئەمەش بۆ ئەوەیە زانیاریدەرەکان ئاشکرا نەبن.



لەدوای هێرشەکەی گەڕەکی کەڕادەی بەغدا کە زیاتر لە 300 کەس تێیدا کوژران، وەزیری ناوخۆی پێشووی عێراق دەستی لەکارکێشایەوە و ئەعرەجی هاتە شوێنەکەی. ئەعرەجی پێیوایە ئەگەری هێرشی وەکوو هێرشەکەی کەڕادە زۆر کەم بووەتەوە، لەبەر ئەوەی داعش چیدی ناوچەی شاری بەدەستەوە نەماوە بۆ ئەوەی هێرشەکانی تێدا ڕێکبخات.

وەزیری نێوخۆی عێراق لەبارەی سیخوڕەکانی حکومەت لەناو داعش زانیاری زیاتری دا و گوتی "ئەندامانی خێزانە باڵاکانی داعش هاوکاریمان دەکەن و یارمەتی هێزە ئەمنییەکانمان دەدەن". بە گوتەی ئەعرەجی، ئەو ڕۆژەی بڕیار بووە قسە بۆ (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی بکات، هاوژینی سەرکردەیەکی داعش پەیوەندییان پێوە دەکات، لەبەرامبەریشدا ئەوان پارەی دەدەنێ و ناشهێڵن ناوی ئاشکرا بێت. وەکوو ئەعرەجی باس دەکات "ئەو ئافرەتە ئەمە دەکات چونکە دەیەوێت گیانی کوڕەکانی (لە داهاتوودا) پارێزراو بێت و خۆیشی بە زیندوویی بمێنێتەوە".

پێشتر هێزە ئەمنییەکانی عێراق بە گەندەڵی و بەرتیل خواردن تۆمەتبار دەکران، هەر ئەمەش زۆرجار ڕێگەی بۆ ئازادکردنی فەرماندە و چەکدارانی داعش و قاعیدە خۆشکردبوو. وەزیری نێوخۆی عێراق نایشارێتەوە ئەم دیاردەیە تاوەکو ئێستا هەیە و لە ماوەکانی پێشوودا هێندەی نەمابوو بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە تۆمەتی هاوکاریکردنی خێزانە داعشەکان بۆ ڕاکردن لە مووسڵەوە بەرەو بەغدا دادگایی بکرێت.

ئەعرەجی کە سەرکردەیەکی باڵای ڕێکخراوی بەدریشە، شارەزاییەکی باشی لە میکانیزمەکانی گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی بە نهێنی هەیە. ئەو شارەزاییەش بۆ ئەزموونی خۆی لە ساڵانی ئاوارەیی لە ئێران و سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەگەڕێتەوە. ئەعرەجی لە هەشتاکان ئاوارەی ئێران بووە، لەوێ لەلایەن هێزە تایبەتەکانی ئێرانەوە مەشقی شەڕی گەریلایی پێکراوە.

لە ماوەی چواردە ساڵی ڕابردوودا، ئەعرەجی دوو جار لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکراوە. جاری یەکەمیان لە 19ی نیسانی 2003 بە تۆمەتی فەرماندەییکردنی هێزی میلیشیایی 85 ڕۆژ لە گرتووخانە مایەوە.

چوار ساڵ دواتر ئەعرەجی جارێکی دیکە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا و 23 مانگ لە کەمپی بوکا مایەوە، ئەوجارەیان تۆمەتەکان جدی بوون، لەوانە: "بە قاچاخ گواستنەوەی بۆمب و دابەشکردنیان" کە دواتر بۆ لێدانی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بەکاردەهێنران، جگە لەمەش تۆمەتبار بوو بەوەی لە شانەیەکی تیرۆرکردنی کەسایەتییەکاندا بەشدار بووە. بەگوێرەی زانیارییە نهێنییەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا کە دواتر ویکیلیکس ئاشکرای کردن، ئەمریکا زانیاری تەواوی لەسەر ئەو کارانەی ئەعرەجی هەبووە.

ئەعرەجی ئێستا بەهۆی پۆست و وەزارەتەکەیەوە زوو زوو لەگەڵ بەرپرسانی باڵای سەربازی و دیپلۆماتیکی ئەمریکی لە عێراق کۆدەبێتەوە. جیا لەمە بەشێکی زۆر لە هێزەکانی وەزارەتەکەی لە لایەن ئەمریکییەکانەوە مەشق و چەکیان پێشکەش دەکرێت. ئەعرەجی لەوبارەوە بە ئاژانسی (ئەسۆشیێتد پرێس)ی ئەمریکی گوتووە "ئەمە ژیانە، تاوەکو دوێنێ بەندیان کردبووم و ئەمڕۆش لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا کۆدەبمەوە".

## دیندار زێباری، بەرپرسی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان بۆ (ڕووداو):

# لە دوو هەفتەی ڕابردوودا 1000 خێزانی دیکە ئاوارە بوون

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەڵێ نیگەرانییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان داوەتە نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکا و بەغدا بۆ ئەو کەمتەرخەمییەی نیشانی دەدەن بەرامبەر پێشێلکارییەکانی حەشدی شەعبی لە کەرکووک و خورماتوو دەرهەق بە کورد.

لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو، نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، چەندین ڕاپۆرتیان لەبارەی ڕەوشی ناوچەکانی کەرکووک و خورماتوو بڵاوکردەوە. نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی خۆیدا هێمای بۆ 150 خانوو و ماڵی کوردان کردبوو لە خورماتوو کە لەلایەن گرووپەکانی حەشدی شەعبییەوە تەقێندراونەتەوە یان سووتێنراون، بەڵام دیندار زێباری، بەرپرسی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت "بەپێی بەدواداچوونی ئێمە، لە کەرکووک و خورماتوو زیاتر لە 450 خانووی هاووڵاتیانی کورد تەقێندراونەتەوە یان سووتێندراون یاخود ڕووخێنراون".

دیندار زێباری کە دەڵێت لەو ڕۆژانە شاندی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکا و ئەورووپایان بینیوە، جگە لەوەی گلەیی ئەوەیان لێکردوون، پێشیان گوتوون "دەبێ بە زووترین کات تیمی بەدواداچوونی ڕاستییەکان بچنە کەرکووک و خورماتوو و شنگال و مەخموور، هەموو وردەکارییەکان تۆمار بکەن و بیکەنە ڕاپۆرت".

ڕۆژی 16 ئۆکتۆبەری ئەمساڵ، سوپای عێراق و گرووپەکانی حەشدی شەعبی بەچەکی قورسەوە هێرشیانکردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و دواتر دەستیان بەسەر شاری کەرکووک و خورماتوو و پردێ و شنگال و مەخموور و خانەقیندا گرت. هەمان ڕۆژ لە ترسی تۆڵەسەندنەوە و پەلاماری کوشتن، زۆرتر لە 180 هەزار کەس لە کەرکووک و خورماتوو و ناوچەکانی دیکەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون.

دیندار زێباری، دەڵێ لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی سوپای عێراق و حەشدی شەعبیدانە، ناتوانن بەشێوەیەکی مەیدانی لێکۆڵینەوە بکەن و وردەکارییەکان تۆمار بکەن، بەڵام دەڵێت "زۆربەی وێرانکارییەکان لە خورماتوون. لە کەرکووک و خانەقین و شنگال و مەخموور تەنیا ماڵی بەرپرسانی حیزبی و سیاسی ڕووخێنراون یان تەقێندراونەتەوە". سەبارەت بە بکەری وێرانکارییەکانیش زێباری دەڵێت "هەرچەندە قورسە بتوانرێ دەستدرێژیکارەکان بناسرێنەوە بەو پێیەی گرووپەکانی حەشدی شەعبی لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقیشدا نین، بەڵام لە خورماتوو حەشدی تورکمانی تاوانی زۆریان ئەنجامداوە".

دیندار زێباری دەڵێت: "چەکدارانی حەشدی شەعبی نزیکەی 400 کەسیان لە سنووری کەرکووک کوشتووە. لە خورماتووش لەنێوان 150 بۆ 200 کەس کوژراون".

گوتیشی: "تەنیا لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، 1000 خێزانی دیکە لە کورد و عەرەبی سوننە لە کەرکووک و خورماتوو و شنگال و ناوچەکانی دیکەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون".

> داوامان لە ئەمریکا کردووە تیمی بەدواداچوونی ڕاستییەکان بنێرنە خورماتوو



لە کەرکووک و خورماتوو زیاتر لە 450 خانووی هاووڵاتیانی کورد تەقێندراونەتەوە یان سووتێندراون یاخود ڕووخێنراون

هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێوخۆی عێراق و لەسەر ئاستی دەرەوەش درێژەیان هەیە بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بێنە ناوچە کێشە لەسەرەکان و کار لەسەر ئەو پێشێلکارییانە بکەن کە بەهۆیەوە هەزاران کەس ئاوارە بوون.

هەرچەندە دیندار زێباری دەڵێ سەتان بەڵگەیان کۆکردووەتەوە لەسەرپێشێلکارییەکان، پرسیاریان ئاراستەی ئەمریکییەکانیش کردووە کە بۆچی لێکۆڵینەوەیان لەو ناوچانە فەرامۆش کردووە؟ بەبڕوای ئەو "باشترین چارەسەر بۆ ئەوەی ڕای گشتی جیهان تێبگات چی ڕوودەدات، ئەوەیە تیمی بەدواداچوونی ڕاستییەکان دەستبەکار ببن".

# بەغدا دۆسیەی پارێزگاری نەینەوا یەکلایی دەکاتەوە



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

نزیکەی 20 ڕۆژە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بڕیاری لەکارلادانی بۆ پارێزگاری نەینەوا دەرکردووە، بەڵام هێشتا لەسەر کارەکەی بەردەوامە. سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی و پێکەوەژیان دەڵێت چاوەڕوانی دادگای کارگێڕیی بەغدا دەکەن بڕیاری خۆی لەو بارەیەوە بدات. پارێزگاری نەینەواش دەڵێت ئەو بڕیارەی ئەنجوومەن لە دژی ئەو دەریکردووە "نایاساییە".

ڕۆژی 2017/11/1 ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لە ناحیەی ئەلقووشی سەر بە قەزای تلکێفی پارێزگای نەینەوا کۆبووەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا تۆمەتی گەندەڵی درایە پاڵ نەوفەل حەماددی پارێزگاری نەینەوا و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەن بڕیاری لەسەرکارلادانی درا. دوای کۆبوونەوەکە نەوفەل حەمادی لەگەڵ پاسەوانەکانی خۆی چووە نێو باڵەخانەی ئەنجوومەن و ڕایگەیاند کە ئەو بڕیارەی ئەنجوومەن نایاساییە".

سەیدۆ چەتۆ، سەرۆکی کوتلەی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەنجوومەن دوای ئەوەی ئەو بڕیارەی دەرکرد، بڕیارەکەی نارد بۆ دادگای کارگێڕیی بەغدا بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەوە بدات، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی پارێزگاش، دەبێ دادگا لە ماوەی 15 ڕۆژدا وەڵامی ئەنجوومەن بداتەوە".

وەک سەیدۆ چەتۆ گوتی، ئەمڕۆ دووشەممە 2017/11/20 دادگای کارگێڕیی بەغدا لە بارەی ئەو کەیسە کۆدەبێتەوە و بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدات. دانیشتنەکەش بە ئامادەبوونی پارێزگار یان پارێزەرەکەی بەڕێوەدەچێ.

لە دیدی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەواوە، ئێستا نەینەوا بێ پارێزگارە، چەند ڕۆژیشە چاوەڕێی قسەی کۆتایی دادگای کارگێڕیی بەغدا دەکەن. سەیدۆ چەتۆ دەڵێت "ئەگەر دادگای کارگێڕی بڕیارەکەی ئێمەی پەسەند کرد، ئەوە یەکسەر کار بۆ دانانی پارێزگارێکی نوێ دەکەین".

لە مانگی ئایاری 2015، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بڕیاری لەسەرکارلادانی ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی نەینەوای دەرکرد، دواتر لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوادا نەوفەل حەمادی کە سەر بە کوتلەی نەهزەی نوێیە، بە پارێزگاری نەینەوا هەڵبژێردرا.

نەوفەل حەمادی، پارێزگاری لەسەرکارلادراوی نەینەوا، ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوای بە نایاسایی وەسف کرد و بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو بڕیارە نایاسایی و نادەستوورییە؟ بەبێ هیچ هۆکارێک کۆبوونەوەی ئەنجوومەن گواسترابووەوە ئەلقووش. بەپێی پەیڕەو ئەگەر کۆبوونەوە دەستی پێکرد و لە ماوەی 30 خولەکدا نیساب تەواو نەبوو، کۆبوونەوەکە دوادەخرێ، بەڵام ئەوان سێ کاژێر چاوەڕێی تەواوبوونی نیسابیان کردووە. هەر بەپێی پەیڕەو نابێت لە یەک ڕۆژدا دوو کۆبوونەوە بکرێ، بەڵام ئەوان کردوویانە، جگە لەوەش دوو ئەندامی ئەنجوومەن بەشدارییان لە کۆبوونەوەکە کردووە کە بەپێی ماددەی تیرۆر بڕیاری دەستگیرکردنیان هەیە".

پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتی بە ئەنجوومەن داوە بانگی پارێزگار بکات و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات. ئەگەر لە ماوەی دوو هەفتەدا ئامادە نەبوو، دەتوانێ لەسەر کار لایبدات. پارێزگاری نەینەوا دەڵێت: "حەوت ڕۆژ بەسەر داواکارییەکەی ئەواندا تێپەڕی، ئەو ڕۆژەی ئەوان لە ئەلقووش کۆبوونەوە، من چووم بۆ باڵەخانەی ئەنجوومەن، بەڵام کەسی لێنەبوو. هەموو ئەو شتانەش لە دادگا باس دەکەم".

پارێزگاری نەینەوا چاوەڕێی وەڵامی دادگای کارگێڕی دەکات و دەڵێت "دادگا هەر بڕیارێک بدات، پێوەی پابەند دەبم، بەڵام دڵنیام لە بەرژەوەندیی من بڕیار دەدات".

نەوفەل حەمادی هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە کە دراونەتە پاڵی و دەڵێت: "ئەوانەی ئەو تۆمەتانە دەدەنە پاڵ من، ئامانجی بازرگانییان هەیە، دەیانەوێ کەسێک لە شوێنی من دابنێن کە لەگەڵ ئەوان بازرگانی بە موڵکی حکومەتەوە بکات".

ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 482 ) - دووشەممە 2017/11/20



## بەغدا مووچەی فەرمانبەرانی بەنداوەکانی کوردستان دەدات

**ڕووداو- هەولێر**

بەغدا ڕازیبوو ڕاستەوخۆ مووچەی فەرمانبەرانی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان بدات. عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نزیکەی ساڵێکە هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن مووچەی فەرمانبەرانی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دابینبکرێت، ئێستاش بەغدا ڕەزامەندی دەربڕیوە. عەبدولستار مەجید زیاتر گوتیشی "زۆر دەمێکە ئەو داوایەمان لە بەغدا کردووە، پێشتر ئەوان داوای گواستنەوەی میلاکاتی هەموو فەرمانبەرەکانیان دەکرد و دەیانگوت بەو مەرجە مووچەیان دەدەینێ، ئێمەش بەوە ڕازی نەبووین، بەڵام دواجار ڕازیبوون بەبێ گواستنەوەی میلاکاتیشیان مووچەی ئەو فەرمانبەرانە دابین بکەن".

# ئەمساڵ زستانێکی ساردە بۆ بازاڕی فەرش و مۆکێت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بازرگانێکی هاوردەکردنی فەرش و موکێت دەڵێت بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی، فرۆشی موکێت و فەرش بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو نزیکەی 60 % کەمی کردووە، ئێستا خواست زۆرتر لەسەر ئەو فەرش و مۆکێتانەیە کە نرخیان هەرزانە.

> **خاوەنی پێشانگایەک:**
> فرۆشمان بەڕێژەی 60 % کەمی کردووە

ساڵانە لەگەڵ دابەزینی پلەکانی گەرما، بازاڕی فرۆشتنی فەرش و موکێت گەرم دەبێت، ساڵانی ڕابردوو لەم وەرزەدا، پێشانگاکانی فەرش و مۆکێت جمەیان دەهات لە کڕیار، بەڵام ئەمساڵ بازاڕەکە زۆر سست بووە.

سەنگەر ئەسکەندەر، بەڕێوەبەری گشتیی گرووپی کۆمپانیاکانی سوپەر سەرار بۆ بازرگانیی فەرش و موکێت بە (ڕووداو)ی گوت: "قەیرانی دارایی و بێکاری و پاشەکەوتی مووچە و ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان کاریگەریی زۆریان هەبووە، بەراورد بە ساڵی ڕابردوو فرۆشی موکێت و فەرش نزیکەی 60 % دابەزیوە".

پێشتر لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان موکێت و فەرشی ئیماراتی، سووری، ئوردنی، سعودی و چیکی هەبوون، بەڵام ئێستا زیاتر فەرش و موکێتی تورکی و ئێرانی بەرچاو دەکەون.

سەنگەر ئەسکەندەر کە ماوەی 18 ساڵە بازرگانی فەرش و موکێتە، دەڵێت: "فەرشی ئێرانی و موکێت و کەپسی تورکی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانیان پڕ کردووە، 95 %ی ئەو کەپس و موکێتانەی لە پێشانگاکانی هەرێمی کوردستان هەن تورکین و نرخی مەترێکیان بەگوێرەی کێش و کواڵیتییان لە دوو دۆلارەوە تاوەکو 25 دۆلار دەڕوات".

گرووپەکەی سەنگەر خاوەنی هەشت پێشانگای فرۆشتنی فەرش و موکێتە لە شاری هەولێر، بە جوملەش موکێت و فەرش بە پێشانگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک و کەرکووک و شارەکانی دیکەی عێراق دەفرۆشێ، پێشتر ساڵانە 180 تاوەکو 200 بارهەڵگر موکێت و فەرشی لە ئێران و تورکیاوە هاوردە دەکرد، بەڵام ئەمساڵ نیوەی ساڵانی ڕابردووی هاوردە کردووە.

سەنگەر دەڵێت: "پێشتر بازاڕ گەرم بوو، هەرچەندی کاڵامان بهێنایە بە ماوەیەکی زۆر کەم ساخ دەبووەوە، بەڵام ماوەی دوو ساڵە بازاڕ زۆر لاوازە".

گوتیشی: "ئەمساڵ فرۆشی جوملە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی لاوازە، تەنیا بازاڕی شاری مووسڵ بۆ جوملە گەرمە".

وەرزی فرۆشتنی فەرش و موکێت لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم دەستپێدەکات تاوەکو کۆتایی مانگی کانوونی یەکەم، ئێستا گەرمەی بازاڕەکەیە، بەڵام خاوەن پێشانگاکان دەڵێن فرۆشیان زۆر کەم بووەتەوە.

عومەر عەلی، بەڕێوەبەری فرۆشتنی پێشانگای شوان بۆ فرۆشتنی فەرش و موکێت لە شاری هەولێر، دەڵێت: "ئەمساڵ بازاڕمان زۆر لاوازە، پێشتر لەم کاتەدا بازاڕمان ئەوەندە گەرم بوو، لە هەشتی بەیانییەوە تاوەکو 12ی شەو لەبەر کڕیار پشوودانمان نەبوو، ئێستا جگە لەوەی بازاڕ لاوازە، هاووڵاتیان دوای مامەڵەیەکی زۆر شتێکت لێدەکڕن. زیاتریش ئەو مۆکێت و کەپسانە دەکڕن کە نرخی مەترێکیان 2-5 دۆلارە".

بەهۆی بێ بازاڕییەوە خاوەن پێشانگاکان ناچاربوون نرخی کاڵاکانیان زۆر دابەزێنن، بەڵام هێشتاش کڕیاران کەمە. عومەر عەلی نموونە بە مۆکێت دێنێتەوە و دەڵێت: "بەهۆی لاوازیی بازاڕ نرخی زۆربەی کاڵاکان دابەزیوە، بۆ نموونە موکێتی کێشی کیلۆ و 900 گرامی پێشتر مەتری بە 9 دۆلار بوو ئێستا بە 6 دۆلارە، موکێتی حەریری پێشتر نرخی مەترێکی 13 دۆلار بوو ئێستا بە 10 دۆلارە، موکێتی ئاسایی سادە پێشتر نرخی 4500 دینار بوو ئێستا 3250 دینارە".

> **بازرگانێک:**
> هاوردەی فەرش و مۆکێتم 50 % کەم کردووەتەوە

پێشتر سەرجەم ئەو کەپس و موکێتانەی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان هەبوون هاوردە بوون، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە کارگەیەکی دروستکردنی کەپس و موکێت بەناوی فۆمیکس لە هەولێر دامەزراوە.

کەماڵ حەمەساڵح، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیا و کارگەی فۆمیکس دەڵێت "بەرهەمی ڕۆژانەی کارگەکەمان 5 هەزار مەتر موکێتە، بەهۆی بەرزیی کواڵیتی و هەرزانیی نرخەکەی بەتایبەت لە شارەکانی عێراق خواستێکی زۆر لەسەر بەرهەمەکانمان هەیە، بۆیە 70 %ی بەرهەمەکانمان بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکەین". ئەو کارگەیە یەکێکە لە پرۆژە مۆڵەتپێدراوەکانی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، بەڵام مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێنانی بەغدای نییە، ئەمەش زۆر جار کێشە بۆ هەناردەکردنی کاڵاکانی دروست دەکات.

ئەو خاوەن کارگەیەی موکێت و کەپس دەڵێت بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی، زۆربەی وڵاتان 40 %ی نرخەکەی، ڕەسمی گومرگی دەخەنە سەر بەرهەمی هاوردە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان باجێکی زۆر کەم دەخرێتە سەر هاوردە، بۆیە ساڵانە ملیۆنان دۆلاری هەرێمی کوردستان بۆ هاوردەکردنی مۆکێت و کەپسی تورکی و ئێرانی دەچێتە دەرەوە.

کەماڵ گوتی "بەرپرسانی گومرگی هەرێمی کوردستان حیساب بۆ نرخی کاڵاکە ناکەن، بۆ هاوردەکردنی هەر تریلەیەک کەپس و موکێت 1000 تاوەکو 1200 دۆلار ڕەسم وەردەگرن، ئەمەش ڕەسمێکی زۆر کەمە و ئێمە داوامان کردووە زیاد بکرێ".



زۆرترین خواست لەسەر ئەو فەرش و مۆکێتانەیە کە مەتریان بە2-5 دۆلارە (فۆتۆ: ڕووداو)

### تورکەکان دژایەتیی فۆمێکس دەکەن

کەماڵ حەمەساڵح، خاوەنی کارگەی فۆمێکس بۆ مۆکێت و کەپس کە کارگەیەکی خۆماڵییە، دەڵێت بەرهەمی کارگەکەیان بەتایبەت لە شارەکانی عێراق خواستی زۆری لەسەرە، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەناردەی بەرهەمی تورکی بۆ عێراق هەبووە، بۆیە دەڵێت "تورکەکان بەهەموو شێوەیەک دژایەتی کارگەکەم دەکەن، کاڵاکانیان زۆر هەرزان بە بازرگانانی کوردستان و عێراق دەفرۆشن. هەندێ کارگەی تورکی تەنیا بۆ ئەوەی کارگەکەم پێ دابخەن، کاڵاکانیان بەنرخی تێچوو دەفرۆشنەوە، چونکە ئەوان 18 %ی تێچووی کاڵاکانیان لە حکومەت وەردەگرنەوە. بۆیە منیش ناچاربووم نرخ دابەزێنم، بەو هۆیەوە قازانجێکی زۆر کەم دەکەم".

## لە ماوەی پێنج مانگدا

# شارەوانیی هەولێر زیاتر لە یەک ملیار دیناری لە زبڵ و تابلۆ دەستکەوتووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

چیدی دووکاندار و خاوەن شوێنە بازرگانییەکان ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان تابلۆی گەورە بە رووکاری شوێنەکانیاندا هەڵبواسن، چونکە شارەوانی حەق و حیسابیان لەگەڵ دەکات. ئەمەش بووەتە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ شارەوانی.

بە مەبەستی زیادکردنی داهات، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەسمی هەڵواسینی تابلۆی پێناسی شوێنە بازرگانییەکانی بۆ چەند بەرامبەر زیاد کردووە، ئەمەش خاوەنی شوێنە بازرگانییەکانی نیگەران کردووە و هەندێکیان ناچاربوون تابلۆکانیان بچووک بکەنەوە.

پێشتر بەهۆی زۆریی داهاتەوە حکومەت ڕەسمی تابلۆی پێناسی شوێنە بازرگانییەکانی وەرنەدەگرت، بەڵام ئێستا بۆ هەر یەک مەتر چوارگۆشە ساڵانە 40 هەزار دینار وەردەگرێ.

بڕیارەکە لە مانگی ئاداری ئەمساڵ لە سنووری سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێر جێبەجێ کرا. سەرەتا شارەوانییەکان لەڕێگەی کارمەندانی خۆیانەوە پارەکەیان کۆدەکردەوە، بەڵام دواتر وەزارەت گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت کرد کە 12 %ی داهاتی تابلۆکانی دەداتێ.

محەممەد جەواد، سەرۆکی لێژنەی باڵای کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک و وەرگرتنی ڕەسمی تابلۆ بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانیای میدیا تێک کراوە، کۆمپانیاکە مانگانە پارەی زبڵ و خاشاکی شوێنە بازرگانییەکان، پارەی 7 %ی ڕەسمی پیشەی موڵکەکانی شارەوانی و 40 هەزار دیناری ساڵانەش بۆ هەڵواسینی هەر مەترێک تابلۆی پێناس وەردەگرێت، ئەگەر شوێنە بازرگانییەکە تابلۆی پێناسی دیکەی ڕیکلامی هەبوو لەسەر باڵەخانەکە، بۆ هەر مەترێک چوار گۆشە دەبێت 25 هەزار دیناری دیکەش بدات".

هەر شوێنێک ئاڵوگۆڕی بازرگانی تێدا بکرێت یان هەر کار و پیشەیەکی تێدا بکرێ، دەبێت بۆ ناسینەوەی تابلۆیەک هەڵبواسێ، بۆیە ئەو شوێنانەی تابلۆیان هەڵنەواسیوە، دەبێت تابلۆیەکی پێناس هەڵبواسن و ناوێکیش بۆ پیشە و شوێنەکەیان دیاری بکەن، بەپێچەوانەوە سزا دەدرێن.

کۆمپانیای میدیاتێک کۆمپانیایەکی خۆماڵی کەرتی تایبەتی بواری ئایتییە و لە ساڵی 2007 دامەزراوە، دوای گرێبەستەکەی لەگەڵ شارەوانی، لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ لە ماوەی 12 ڕۆژدا داتابەیسێکی دروستکرد و ناوی 45 هەزار و 589 شوێنی بازرگانیی تێدا تۆمار کرد.

چیا پاڵانی، بەڕێوەبەری تەکنیکی کۆمپانیای میدیاتێک، بە (ڕووداو)ی گوت: "سەرەتا داتابەیسێکمان دروستکرد، دواتر لەڕێگەی GPS ەوە شوێنی هەموو یەکە بازرگانییەکانمان دیاری کرد، دواتر کۆدی تایبەتمان پێبەخشین و تەواوی زانیارییەکانی ئەو شوێنانەمان تۆمار کرد".

کۆمپانیای میدیاتێک ئێستا مانگانە پارەی زبڵ و خاشاک لە 32 هەزار شوێن وەردەگرێ، تاوەکو ئێستا وێنەی تابلۆی پێناسی 20 هەزار شوێنیان لە سنووری شەش شارەوانییەکەی هەولێر گرتووە و پارەیان لە 50 %یان وەرگرتووە.

چیا پاڵانی بڕی ئەو داهاتەی ئاشکرا کرد کە لە ماوەی پێنج مانگدا کۆیانکردووەتەوە و گوتی: "داهاتەکە نزیکەی ملیارێک و 300 ملیۆن دینار بووە، 79 ملیۆن و 243 هەزار دینار پارەی تابلۆی پێناسی شوێنە بازرگانییەکان بووە و 12 %ی پارەکە کە دەکاتە 156 ملیۆن دینار، بۆ کۆمپانیاکەمان بووە".

سەبارەت بە کۆکردنەوەی پارەی زبڵی ماڵان، چیا پاڵانی گوتی: "250 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونمان لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر تۆمار کردووە، تەواوی زانیارییەکانمان لەبەردەستن، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە وەزارەت جارێ پارەی وەرگرتنی زبڵ و خاشاکی ماڵانی ڕاگرتووە".

بەر لە قەیرانی دارایی، مانگانە حکومەت پێشینەیەکی 75 ملیۆن دیناری بۆ خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان دابین دەکرد، بەڵام لەدوای قەیرانی دارایی، بە بڕیارێک بۆ 15 % کەمکرایەوە، ئەمەش گرفتی بۆ خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان دروستکرد، ئێستا شارەوانییەکان بۆ جێبەجێکردنی کارە خزمەتگوزارییەکانیان پشت بە 20 %ی ئەو داهاتە دەبەستن کە لە ڕەسمی مۆڵەتی دروستکردنی خانوو و باڵەخانە، قیرانە و پیشە و هەڵواسینی تابلۆی پێناس و کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک دەستی دەکەوێ. لەنێو شارەوانییەکانیش شارەوانی یەک زۆرترین یەکەی بازرگانیی تێدایە، بۆیە لەم ماوەیەدا کۆمپانیای میدیاتێک 361 ملیۆن و 375 هەزار دیناری تەنیا لە کرێی کۆکردنەوەی زبڵ و ڕەسمی پیشە و تابلۆی پێناس کۆکردووەتەوە.

مەروان هادی شوانی، بەڕێوەبەری شارەوانیی یەک لە پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "لە سنووری شارەوانییەکەمان زیاتر لە 11 هەزار شوێنی بازرگانی هەن. بەپێی ڕێنماییەکان مانگانە پارەی زبڵ و خاشاکیان لێوەردەگرین، بەڵام بۆ وەرگرتنی پارەی تابلۆی پێناس وەک هاوکارییەک لەڕێگەی کارمەندەکانمانەوە ئاگاداری شوێنەکانمان کردووەتەوە بۆ هەر مەتر چوارگۆشەیەک بەپێی ڕێنماییەکان دەبێت 40 هەزار دینار ساڵانە بدەن، ئەگەر کەسێک تابلۆکەی گەورە بوو و پارەکەی پێ نەدرا دەتوانێ بچووکی بکاتەوە، بەڵام نابێ لە یەک مەتر چوارگۆشە بچووکتر بێ".

مەروان هادی پێیوایە وەرگرتنی پارەی تابلۆ بڕیارێکی دروست بووە، چونکە هۆکارێک بووە بۆ ڕێکخستنی هەڵواسینی تابلۆ کە پێشتر تابلۆ زۆر بە ناشیرینی هەڵدەواسران.

وەرگرتنی ڕەسمی ساڵانەی تابلۆ و پیشە و پارەی مانگانەی زبڵ و خاشاک، بەشێک لەکۆمپانیا و پێشانگا و مارکێت و دوکانەکانی نیگەران کردووە، ئەوان دەڵێن لە دانانی نرخەکان ڕەچاوی دۆخی بازاڕ نەکراوە، بۆیە بەشێک لە شوێنەکان تابلۆکانیان لێکردووەتەوە یان بۆیەیان کردووە، یان تابلۆی بچووکتریان هەڵواسیوە.

ئەو بڕیارانەی شارەوانی ئێستا تەنیا لە سنووری شارەوانییەکانی سەنتەری شار جێبەجێ دەکرێن و نەپەڕیونەتەوە بۆ قەزا و ناحیەکان.

محەممەد جەواد دەڵێت "بڕیارەکەی وەزارەتی شارەوانی گشتگیرە و پێویستە لە پارێزگاکانی دیکەش جێبەجێ بکرێت، بەپێی زانیارییەکان لە پارێزگای دهۆکیش دەستپێکردووە، بەڵام لە سلێمانی و هەڵەبجە هێشتا کاری پێ نەکراوە".

محەممەد جەواد گوتیشی: "دوای دۆزینەوەی میکانیزمێک، لە داهاتوودا قەزا و ناحیەکانیش دەگرێتەوە".




هەندێک لە دوکاندارەکان لەبەر ڕەسمی تابلۆ قەبارەی تابلۆکانیان بچووک دەکەنەوە (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# ئێران براوەی کێشەی نەوتی کەرکووکە

> بەرپرسانی یەکێتی بەغدا و تارانیان هانداوە بۆ راکێشانی بۆڕیی نەوتی کەرکووک بۆ ئێران
>
> راوێژکارێکی یەکێتی



ئێران بەنیازە بۆڕییەک رابکێشێ و لە رێگەیەوە رۆژانە 650 هەزار بەرمیل لە نەوتی ناوچە کوردییەکان بۆ پاڵاوگەکانی ئێران بگوازێتەوە (فۆتۆ: AFP)

**رووداو- هەولێر**

پێنج هەفتە دوای هێرشەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ سەر پارێزگای کەرکووک، چاودێرانی سیاسی و کاروباری وزە باس لەوە دەکەن کە لەمەودوا تاران کۆنترۆڵی هەناردەی نەوتی کەرکووک دەکات و چاوەڕێش دەکرێت لە چەند رۆژی داهاتوودا و بە رەزامەندیی حکومەتی عێراق، یەکەم بەشی نەوتی کەرکووک بگاتە پاڵاوگەکانی ئێران.

ئاژانسی (رۆیتەرز)ی بەریتانی لەزاری بەرپرسان و بازرگانانی کەرتی نەوتی عێراقەوە رایگەیاندووە کە بە گوێرەی رێککەوتنێکی نوێ، بەشی یەکەمی نەوتەکە لە چەند رۆژی داهاتوودا بە بارهەڵگر رەوانەی ئێران دەکرێت. بڕیارە لە قۆناغی یەکەمدا رۆژانە 15 هەزار بەرمیل نەوت بە بەهای نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار رەوانەی ئێران بکرێت و وردە وردە بڕی نەوتە هەناردەکراوەکە بۆ 60 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز بکرێتەوە.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، ئێران و عێراق پڕۆژەی دروستکردنی بۆڕییەکی نەوتیان لە عێراقەوە بۆ ئێران و لەوێشەوە بۆ کەنداو زیندوو کردووەتەوە. حەمید حوسەینی، ئەمینداری گشتیی ژووری بازرگانیی هاوبەشی ئێران و عێراق لەوبارەیەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئێران بەنیازە بۆڕییەک رابکێشێ و لە رێگەیەوە رۆژانە 650 هەزار بەرمیل لە نەوتی ناوچە کوردییەکان بۆ پاڵاوگەکانی ئێران بگوازێتەوە.

ئەو بڕە نەوتە یەکسانە بەو نەوتەی رۆژانە لە رێگەی تۆڕی بۆڕییە نەوتەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەندەری جەیهان لە تورکیا دەگوازرایەوە. ئەو پڕۆژە نوێیەی نێوان ئێران و عێراق گورزێکە لە خەونی تورکیاش کە دەیویست ببێتە کەناڵی سەرەکیی گواستنەوەی نەوت بۆ ئەورووپا. بەگوێرەی راپۆرتەکەی رۆیتەرز، ئەو پڕۆژەیە گورزێکی کوشندەشە لە نفوزی ئەمریکا لە عێراق، لە کاتێکدا لە ماوەی یەک مانگی رابردوودا کاریگەری و نفوزی سوپای قودسی ئێران لە عێراق رووی لە زیادبوونێکی خێرایە.

قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس، بەشێکی سەرەکییە لەو سەرکەوتنەی ئێران. سوپای قودس لقی چالاکییەکانی دەرەوەی سوپای پاسدارانە کە پشکێکی گەورەی لە بازرگانی و پیشەسازیی نەوتی ئێراندا هەیە. بەگوێرەی زۆربەی راپۆرتەکان، سولەیمانی رۆڵێکی بەرچاوی لە هێرشەکانی کەرکووکدا هەبووە.

ئێران و تورکیا بە توندی دژی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی کوردستان وەستان، ئەمریکاش کەناڵە دیپلۆماسییەکانی بەکارهێنا بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی کورد لە سازدانی گشتپرسییەکە پاشگەز بکەنەوە، بەڵام بە گوێرەی ژمارەیەک سەرچاوەی سیاسیی کوردی کە بۆ (رۆیتەرز) دواون، ناکۆکی نێوخۆیی هۆکاری سەرەکیی شکستی کورد بوو، کێشەی نەوتیش لە چەقی ناکۆکییەکاندا بووە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ئاژانسە بەریتانییەکەی راگەیاندووە: "خەونی کورد بۆ ئەوەی ببێتە هەناردەکارێکی گەورەی نەوت شکستی هێنا و ئێران دەبێت بە پاشای یارییەکە".

شێرزاد یابە، راوێژکاری سیاسی نزیک لە یەکێتی نیشتیمانی کە رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە سەرخستنی پلانەکەی ئێران، بە (رۆیتەرز)ی گوت: "ئێمە هەوڵمان دا بارزانی رازی بکەین هەولێر و سلێمانی بە هاوبەشی کێڵگەکان ئیدارە بکەن، بەڵام ئەو زۆر بە توندی دژی ئەمە وەستایەوە". ئەو راوێژکارە دەڵێت بەرپرسانی باڵای یەکێتی نیشتمانی تاران و بەغدایان هاندا بۆئەوەی "بۆڕییەکی نەوت رابکێشن و نەوتی کەرکووک لە رێگەی بەندەر عەباسەوە هەناردە بکەن"، ئامانج لەمەش ئەوە بوو کۆتایی بە کۆنترۆڵی پارتی لەسەر نەوتی کەرکووک بهێنن.

ئێران و عێراق لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا لێکتێگەیشتنێکیان سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ ئێران واژۆ کرد، بەڵام ئەو لێکتێگەیشتنە تەرجەمەی سەر هیچ هەنگاوێکی کرداری نەکرا. پێدەچێت لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی کەرکووک هەنگاوەکانی بەغدا و تاران بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە جدیتر ببێت.

> پڕۆژەی بۆڕی نەوتی کەرکووک -ئێران پاداشتی سوپای پاسدارانە بۆ ئەو کوردانەی لە گرتنەوەی کەرکووکدا هاوکار بوون
>
> کاربەدەستێکی ئێرانی

لە ماوەی پێنج هەفتەی رابردوودا هەناردەی نەوتی کێڵگەکانی کەرکووک وەستاوە، لە کاتێکدا هەولێر و بەغدا هێشتا دەستیان بە دانوستاندن نەکردووە.

بەرپرسانی پیشەسازیی نەوتی کوردستان دەڵێن زیانی راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک خۆی لە یەک ملیار دۆلار دەدات. بۆیە وەک بەرپرسانی حکومەتی عێراق دەڵێن، بۆ رێگری لە بەردەوامبوونی ئەو زیانە، یەکێتی نیشتمانی و حکومەتی بەغدا و تاران دەستیان بە دانوستاندن کردووە.

عەلا یاسری، بەڕێوەبەری کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق (سۆمۆ)، لە لێدوانێکدا بە (رۆیتەرز)ی گوت کە مانگی رابردوو سۆمۆ و کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ئێران سەبارەت بە وردەکارییەکانی فرۆشتنی نەوتی عێراق بە پاڵاگەی نەوتی کرماشان گفتوگۆیان کردووە، جەختی لەوەش کردەوە کە گفتوگۆی جدی لەبارەی بۆڕییە نەوتەکان لە نێوان ئێران و عێراق لەئارادایە.

## رێککەوتن بەبێ سوپای پاسداران ناکرێت

دانوستاندنەکانی نێوان بەغدا و تاران لەسەر ئاستی کاربەدەستانی وەزارەتی نەوت و ژووری بازرگانییە، بەڵام وەکوو لە راپۆرتی ئاژانسە بەریتانییەکەدا هاتووە، دواجار سوپای پاسداران هەر دێتە ناو گفتوگۆکانی نێوان لایەنە ئێرانی و عێراقییەکان.

رەزا مووسەوی تەباتەبایی، سەرۆکی کۆمپانیای (ENEXD)، لەوبارەیەوە دەڵێت: "هەموو ئاڵوگۆڕێکی بازرگانیی نەوت لە نێوان ئێران و عێراق دەبێ لەلایەن سوپای پاسدارانەوە پەسەند بکرێت، نەک وەزارەتی نەوتی ئێران. کۆمپانیای (ENEXD) بنکە سەرەکییەکەی لە لەندەنە و لە بواری دابینکردنی کەرەستەی پیشەسازیی وزە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاردەکات.

ئەو جۆرە رێککەوتنانە لەلایەن دێسکی چاودێریی وەبەرهێنانی ئێران لە عێراق پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت. ئەو دێسکە لە ئۆفیسی سەرۆککۆماری ئێرانە و فەرماندەکانی سوپای پاسداران کارەکانی بەڕێوەدەبەن. تەباتەبایی پێیوایە "پڕۆژەی ئەو بۆڕییە نەوتە پاداشتی سوپای پاسدارانە بۆ ئەو کوردانەی لە گرتنەوەی کەرکووکدا هاوکار بوون".

## تورکیا چی دەکات؟

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کۆمپانیاکانی نەوتی تورکیا وەبەرهێنەرێکی سەرەکیی کەرتی نەوت و غازی کوردستان بوون. لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا زۆرینەی نەوتی کەرکووک لە رێگەی بۆڕییە نەوتییەکانی کوردستانەوە بۆ بەندەری جەیهان گوازراونەتەوە. بۆیەش ئاساییە بۆڕییە نەوتییەکەی نێوان عێراق و ئێران ببێتە مایەی نیگەرانیی تورکیا.

بەپێی بەیاننامەیەکی وەزارەتی نەوتی عێراق، رۆژی پێنجشەممەی رابردوو شاندێکی وزەی تورکیا لەگەڵ بەرپرسانی نەوتی عێراق کۆبوونەتەوە و تێیدا باسی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی کەرکووک بۆ بەندەری جەیهان کراوە، گەڕی دووەمی کۆبوونەوەکەش لە ئەنقەرە بەڕێوەدەچێت.

بەگوێرەی رۆیتەرز، حکومەتی عێراق دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە وەڵامی داواکاریی بەغدای نەداوەتەوە بۆ ئەوەی نەوتی کەرکووک لە رێگەی بۆڕییەکانی کوردستانەوە هەناردەی تورکیا بکرێت.

# پاشەکشەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان



**بیلال سەعید**

بۆ ئەوەی باشتر پیشەسازیی نەوتی کوردستان شی بکەینەوە، بۆ چوار قۆناغ دابەشی دەکەم: قۆناغی یەکەم (1991-2007)، قۆناغی دووەم (2007=2013)، قۆناغی سێیەم (-2013 2017) و قۆناغی چوارەم 2017 بەدواوە کە ئامانجی من زیاتر روونکردنەوەی بارودۆخی کەرتی نەوتی کوردستانە لە نێوان قۆناغی سێیەم و چوارەمدا.

قۆناغی دووەمی پیشەسازیی نەوتی کوردستان، بەڕای من زێڕینترین قۆناغی پەرەسەندنی ئەو پیشەسازییە بووە، لەو قۆناغەدا، کوردستان لەیەک کاتدا دەبێتە خاوەنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و یاسای نەوت و گازی کوردستان. هەر لەو قۆناغەدا چەندین گەورە کۆمپانیای جیهانی لە کەرتی نەوتی کوردستان دەست بە وەبەرهێنان دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەم قۆناغە دیاریکراوەدا کە نزیکەی 6 ساڵی خایاند، دەکرا کاری زۆر باشتر بکرایە، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندیی حزبی و شەخسی نەکرا!

قۆناغی سێیەمی کەرتی نەوتی کوردستان کە دەکەوێتە دوای ساڵی 2013، دەکرێت بڵێم قۆناغی سەرەتای پاشەکشەی کەرتی نەوت و گازی کوردستان بوو، چونکە ئەوەی بەدەستهات لەدوای ئەو قۆناغە، هێنانەوەی نزیکەی 50%ی کەرتی نەوتی کەرکووک بوو بۆ ژێر رکێفی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەویش لەسایەی بارودۆخێکی نوێ کە بۆ ناوچەکە دروستبوو، هەروەها هاتنی داعش و پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە.

لەم قۆناغەدا بەهۆی نزیکبوونەوەی داعش لە سنوورەکانی کوردستان و پچڕانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و دابەزینی نرخی نەوت، وەبەرهێنان و پەرەپێدانی کەرتی نەوتی کوردستان یەکپارچە بەرەورووی وەستان و تەنانەت راگرتنی کارکردن لەهەندێک کێڵگەی نەوتی کوردستان بووەوە. کە دەرهاویشتەکانی گۆڕانکاری و باشبوونی دوای ئەم قۆناغەش بەهۆی نزیکیی ماوەکەی لە قۆناغی چوارەم نەتوانرا سوودی لێوەربگیرێ و لەناوچوو.

قۆناغی چوارەمی کەرتی نەوتی کوردستان کە من بە قۆناغی 2017 یان قۆناغی دوای 16ی ئۆکتۆبەر پێناسی دەکەم، بە خراپترین قۆناغی پیشەسازیی نەوتی کوردستانی دەزانم، لەبەر ئەوەی کوردستان بەرهەمهێنانی نەوتی لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک لەدەستدا، ئەمەش بە مانای لەدەستدانی 50%ی داهاتی کوردستان کە سەرچاوەکەی نەوتە، رەنگە وەرگرتنەوەی ئەو نەوتە ئەستەم بێ. هەر بەو هۆیەشەوە کارتی کوردی لە دانوستانەکاندا لاواز بووە.

پیشەسازیی نەوتی کوردستان کە دەتوانین بڵێین لە ماوەی 10 ساڵدا (2007-2017) کاری باشی بۆ کرا، چەندین دەستکەوتی گرنگی بەدەستهێناوە، لەوانە: دەرچوواندنی یاسای نەوت و غاز لەلایەن پەرلەمانی کوردستان. هاتنی کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە بۆ کوردستان، راکێشانی بۆڕیی نەوتی کوردستان- تورکیا و بەستنەوەی نەوتی کەرکوک بە بۆڕییەکە.

بەڵام ئەم دەستکەوتە گرنگانە، دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر چییان لێهات؟ کوردستان بەهۆی رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر نزیکەی 50%ی بەرهەمهێنانی نەوتی لەدەستداوە، ئەگەر لەڕووی ژمارەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، دەکرێت بڵێین نزیکەی 350 هەزار بەرمیل هەناردەی نەوتی رۆژانەی کوردستان کەمی کردووە، ئەگەر یەک بەرمیل بە 45 دۆلار بفرۆشین، هەرێمی کوردستان رۆژانە 13 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار داهاتی لەدەستداوە کە لە مانگێکدا دەکاتە 405 ملیۆن دۆلار.

هەرچەندە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان لە ساڵانی رابردوودا بانگەشەی زۆری بۆ کرا و چەندین جار کەسی یەکەمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان رایگەیاند کە ئاستی رۆژانەی بەرهەمهێنان دەگەیەننە یەک ملیۆن بەرمیل، بەڵام بە لەدەستدانی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک، باشتر و زیاتر دەمامکی بانگەشەکارانی ئەم بابەتە دەرکەوت کە ئێستا کاتی رووبەڕووکردنەوەی ئەو پرسیارانەیان هاتووە: ئایا بۆچی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان زیادی نەکرد؟ لە باشترین حاڵەتدا توانای کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان رۆژانە لە 400 هەزار بەرمیل تێناپەڕێ.



بۆڕیی نەوتی کوردستان بەهێزترین کارتی دەستی کوردە بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا

قۆناغی گەشەسەندنی پیشەسازیی نەوت جگە لەو جۆرە بانگەشانە، هەندێک کەموکوڕیی دیکەشی هەبووە. لەوانەش پابەندنەبوون بە بڕگە و مادەکانی یاسای نەوت و گازی کوردستان، دروستنەکردنی سندوقی داهاتەکانی نەوت و گازی کوردستان و کۆمپانیا تایبەتمەندەکان، ناشەفافی لە کەرتی نەوت و گازی کوردستان، ئەمەش زیاتر ئایندەی کەرتی نەوت و گازی کوردستانی لێڵ کردووە و نازانرێت لە سایەی بڕیارە تاکلایەنەکانی عێراق، پیشەسازیی کوردستان بەرەو کوێ دەچێت؟

زۆر لە هەنگاوە سیاسییەکانی رابردوو بە پشتبەستن بە کەرتی نەوتی کوردستان، وەک سەرچاوەیەکی داهات و وەک کارتێکی سیاسی مامەڵەپێکراو، نراون، ئەمە چەندە هەڵە بووە یان راست شتێکی دیکەیە، بەڵام ئێستا کوردستان دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ پیشەسازیی نەوت بکات؟

ئەوەی لە پیشەسازیی نەوتی کوردستاندا بەدەستهاتووە، بە هەموو کەموکورتییەکانیەوە، هێشتا بەهێزترین کارتی دانوستاندنی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقە. چونکە عێراق کە ئێستا بودجەکەی لەسەر بنەمای فرۆشتنی 3 ملیۆن و 888 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا دارشتووە، 550 هەزار بەرمیلی هی کەرکووک و هەرێمی کوردستانە. تاکە رێگەی هەناردەکردنی ئەو 550 هەزار بەرمیلەش بۆڕیی نەوتی کوردستان — تورکیایە.

لەماوەی 10 ساڵی رابردوودا زۆرترین رەخنە بەرەورووی ئەم کەرتە و سەرپەرشتیارانی کراوەتەوە کە کەرتی نەوت ناشەفافە، بەڵام سەیرە ئێستاش کە خەریکە ئەوەی هەیە لەدەست دەچێ، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و حکومەت بەشێوەیەکی شەفاف مامەڵەیان لەگەڵ ئەم کەرتە نەکردووە، لەکاتێکدا رێککەوتنێک لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆت وەک کۆمپانیایەکی تایبەتمەندی وردبینی کرا، بەڵام تا ئێستا ئەنجامی کارکردنی ئەم کۆمپانیایە رانەگەیەنراوە! جگە لەوەی رێککەوتنی 50 ساڵەی لەگەڵ تورکیا و رێککەوتنی 20 ساڵەی لەگەڵ رۆسنەفت و ناوەڕۆکی بەشێک لە گرێبەستە نەوتییەکان تا ئێستا بە ناڕوونی ماونەتەوە و نازانرێت چۆن کراون و ئایا لە بەرژەوەندی کوردستانن یان نا؟ بۆیە کاتی ئەوەیە بەشێوەیەکی شەفاف حکومەت پرۆسەی نەوت بەڕێوەببات.

یەکێک لە یاسا باشەکانی نەوت و گاز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەقۆناغی ڕابردوودا، یاسای نەوت و گازی کوردستان بووە، بۆیە دەکرێت بکرێتە بناغەی بەدامەزراوەییکردنی کەرتی نەوت و گاز. هەروەها گرنگە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، روونکردنەوەی زیاتر بدات، یەدەگی نەوتی کوردستان چەندە؟ چەند کۆمپانیا لە کوردستانن و چەندیان پاشەکشەیان کردووە؟ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان چەندە؟ رێککەوتنی لەگەڵ چەند وڵات هەیە و ناوەڕۆکی رێککەوتنەکان چین؟ بۆچی نایانەوێت نەوتی کوردستان بەشێوەیەکی شەفاف بەڕێوەببرێت؟ بۆچی تەندەر بۆ کێڵگە نەوتییە نوێیەکان نەکرا؟ کەی پابەند دەبن بە یاسای نەوت و گازی کوردستانەوە؟



## شاجوان خەون بە عادل ئیمامەوە دەبینێت

**ڕووداو- هەولێر**

ئەحلام حەجی، شاجوانی پێشووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ماوەیەکی زۆرە خەون بەکارکردن لەگەڵ ئەکتەری ناوداری میسری عادل ئیمامەوە دەبیبنێت و دەخوازێت لە درامایەکدا بەیەکەوە ڕۆڵی ببینن. دەنگۆی ئەوە لە میدیاکانی میسری بڵاوکرایەوە کە ئەحلام کاندیدکراوە بۆ ڕۆڵبینن لەگەڵ عادل ئیمام، بەڵام ئەحلام بە (ڕووداو)ی گوت "هیوادارم بتوانم بەرامبەر بە ئەستێرەیەکی گەورەی وەک عادل ئیمام ڕۆڵ ببینم ، بێگومان ئەوە خەونی من و هەر کەسێکی دیکەیە، کە حەز بە بواری نواندن بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو داواکارییەم پێشکەش نەکراوە". ئەحلام کە پێشتر چەند جارێکی سەردانی کوردستانی کردووە بە مەبەستی بەشداری کردن لە چەند پرۆژەیەکی تایبەت بە نمایشی جلوبەرگ و کاری خێرخوازی.

## عەزیز شاروخ بۆ (ڕووداو):

# نازانم دەتوانم جارێکی دیکە گۆرانی بڵێم یان نا

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو- مهاباد**

لە سەنتەری شاری مهاباد ئەدرەسی دووکانەکەی لە هەر کەسێک بپرسی، یەکسەر پێتدەڵێت لە شەقامی وەفاییە. عەزیز شاروخ کە پاشناوەکەی بە مانای "ڕوو جوان" یان "شا ڕوو" دێت، ڕۆژانە لە دووکانە بچووکە سوننەتییەکەی خۆیدا پێشوازی لە هەواداران و کڕیارانی بەرهەمەکانی و بەرهەمی هونەرمەندانی دیکە دەکات. کاتێک (ڕووداو) سەردانی کرد تەنیا هەفتەیەک بوو گەڕابووەوە دووکانەکەی، زوو زوو کەسێک وەژوور دەکەوت و لە تەندورستیی دەپرسی. هەندێکیش داوای سیدی بەرهەمەکانی خۆی یان هونەرمەندانی دیکەیان لێ دەکرد.

هونەرمەند عەزیز عەبدوڵڵا، ناسراو بە عەزیز شاروخ، ساڵی 1938 لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. هەر لەوێش خوێندنی ناوەندی تەواو کردووە، پاشان پەیمانگەی مامۆستایانی لە ورمێ تەواو کردووە و دوای سێ ساڵ بووەتە مامۆستا لە شاری مهاباد.

شاروخ کە خاوەنی چەندین گۆرانیی دانسقەیە، دەمێکە هیچ بەرهەمێکی بڵاونەکردووەتەوە. ئەو دەڵێت کۆمەڵێک گۆرانیی ئامادەن و بەنیازە بڵاویان بکاتەوە.

لە ماوەی ڕابردوودا هەواڵی نەخۆشکەوتنی ئەو هونەرمەندە لە میدیاکان بڵاوکرایەوە، شاروخ بە پەلە گەیەنرایە نەخۆشخانە و نەشتەرگەریی دڵی بۆ کرا. لەپاش نەخۆشکەوتنی و دەرچوونی لە نەخۆشخانە، لەنێو دووکانەکەیدا کە تۆمارگەیەکی فرۆشتنی سیدی و کاسێتی گۆرانییە،

> گۆرانیی هونەرمەندانی ئێستا سەرنجڕاکێش نین

قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "لە مانگی ئابی ئەمساڵدا، بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە، کەوتمە نەخۆشخانە و لە بەشی بووژنەوەی دڵ دانرابووم، چەندین ڕۆژ لەژێر چاودێریی دکتۆرانی پسپۆڕی دڵدا بووم، ئێستا تەندروستیم باشە و دکتۆرەکان مۆڵەتیان دا بگەڕێمەوە ماڵەوە".

عەزیز شاروخ نزیکەی مانگێک لە ماڵەوە دەمێنێتەوە. ئێستا گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی. ئەو دەڵێت "نزیکەی مانگێک لەماڵەوە بووم و نەمدەتوانی بچمە دەرەوە و بێمە دووکان. بە سوپاسەوە خەڵکێکی زۆر لە تەندروستییان پرسیم و لەخەممدابوون، لەڕێی (ڕووداو)ەوە دەستخۆشی و سوپاسگوزاری ئاراستەی تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەم".

عەزیز شاروخ لە هەڤپەیڤینێکی پێشووتریدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاوا باسی سەرەتای کاری هونەریی خۆی کردبوو: "سەرەتا باوکم پێیخۆش نەبوو گۆرانی بڵێم، چونکە پێیوابوو ئەوەی گۆرانی بڵێت دەبێتە چاوەش. بۆیە دوای کۆچی دوایی باوکم دەستم بە گۆرانیگوتن کرد، من لە زیندان بووم کە هەواڵی کۆچی دوایی باوکم و برایەکم پێگەیشت".

سەبارەت بە هۆکاری بەندکردنیشی گوتبووی: "ساڵانی شەستەکان بۆ ماوەی سێ ساڵ مامۆستا بووم، ئەوکات دەگەڕام کۆمەکم بۆ شۆڕشی ئەیلول کۆدەکردەوە، بە تاوانی کۆکردنەوەی کۆمەک، لە شاری مهاباد دەستگیرکرام و ڕەوانەی تاران کرام و ماوەی سێ ساڵ بەندکرام".

ئەوکاتەی ئەم قسانەی بۆ ئێمە دەکرد، خەڵک پەیتا پەیتا دەهاتنە سەردانی و لە تەندروستییان دەپرسی و هیوای باشبوونیان بۆ دەخواست، هەندێکیشیان داوای سیدی و گۆرانییە بڵاوکراوەکانی شاروخیان دەکرد.

چەندین وێنەی کۆن و سەردەمی گەنجیی خۆی لە دووکانەکەیدا هەڵواسیوە، هەروەها وێنەی کۆنی هونەرمەندان و شاعیرانی کورد، شاروخ زۆر ئارەزووی هەڵواسین و دانانی ئەو وێنە کۆنانە دەکات، دەڵێت ئەگەر دووکانەکەی گەورە بووایە، وێنەی تەواوی کەسایەتی و هونەرمەند و شاعیرانی کوردی هەڵدەواسی.

شاروخ بە هونەرمەندێکی کلاسیک دادەنرێ، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە، تاوەکو ئێستا نزیکەی 42 کاسێتی هەیە. بەو گۆرانیانەوە کە لە ئاهەنگەکاندا تۆماری کردوون، خاوەنی 400 گۆرانییە.

شاروخ باسی ڕەوشی هونەری ئەمڕۆی کوردی دەکات و دەڵێت: "بەداخەوە، ئەگەر بەراوردی گۆرانییەکانی ماملێ و تایەر تۆفیق و حەسەن زیرەک و حەسەن جزیری و دیلان لەگەڵ زۆرینەی گۆرانیبێژانی ئێستا بکەین، دەبینین لە ئاستی پێویستدا نین و زۆر سەرنج ڕاناکێشن".

دوایین بەرهەمی شاروخ لە کۆتایی 2014 دا بڵاوبووەوە کە دوو سیدی بوون بە ناوەکانی (گوڵم دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت) و (شین بۆ ماملێ). زۆربەی تێکستەکانی کاسێتی یەکەم لە شیعری سوارە ئێلخانیزادەن و ئەوەی دووەمیش بۆ یادی محەممەدی ماملێ تۆمار کراوە. عەزیز شاروخ دەڵێت: "دوای ئەو دوو سیدییە هیچ گۆرانییەکی دیکەم تۆمار نەکردووە. بەڵام



> یەک ساڵ گۆرانیگوتنم لێ قەدەغە کراوە

بۆ کۆنسێرت و زەماوەند بانگهێشتکراوم، بۆ وێنە لەلایەن کوردی ئوسترالیاوە بانگێشتکرام و کۆنسێرتم بۆ کردن. لەدوای گەڕانەوەشم لە ئوسترالیا، کۆنسێرتم لە سنە، سەقز و بۆکان کردووە".

عەزیز شاروخ 15 گۆرانی تۆمارنەکراوی هەیە، سەبارەت بە درێژەدان بە تۆمارکردنی گۆرانی و ئەنجامدانی کۆنسێرت، گوتی "ئێستا دۆخی تەندروستیم بەرەو باشی چووە، بەڵام ناتوانم گۆرانی بڵێم، چونکە فەنەر (شەبەکە)یان بۆ دڵم داناوە و دەبێ ماوەی یەک ساڵ پشوو بدەم و گۆرانی نەڵێم. بۆ دوای ئەو ساڵەش نازانم و دیار نییە کە دەتوانم جارێکی دیکە گۆرانی بڵێم یا نا؟ دەبێ ئەوکات خۆم تاقیبکەمەوە".

## شاجوانی 2017ی ڕووسیا قسە بۆ (ڕووداو) دەکات

# تاجی شاجوانی باری دارایی نەگۆڕیم



لە بیستو پێنجە مین خولی ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی ڕووسیا کە لە 15ی ئاداری ئەمساڵ بەڕێوەچوو، لەنێو پەنجا کچی زۆر جوانی ڕووسی ناسناوی شاجوانی 2017ی بردەوە. پۆلینا پۆپۆڤا، خەڵکی مۆسکۆیە و تەمەنی 22 ساڵە، نوێنەرایەتی وڵاتەکەی دەکات بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان. پۆپۆڤا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت ئەو ناسناوەی پێیدراوە، باری ئابووریی ئەوی نەگۆڕیوە.

هەڤپەیڤین:
خالید حوسێن
ڕووداو- مۆسکۆ

**ڕووداو: پۆلینا پۆپۆڤا کێیە، لە کوێ لەدایکبووە، چ کارەیە؟**

**پۆلینا پۆپۆڤا:** من ناوم پۆلینا پۆپۆڤایە. لە هەڵبژاردنی شاجوانی ڕووسیا بۆ ساڵی 2017 نوێنەرایەتی شاری (سڤێردلۆڤسکی)م کرد، هەرچەندە من لە شاری (ئیکەتەرینا بورگ) لەدایکبووم، بەڵام لەبەر ئەوەی پێش من کچێک وەکو نوێنەری شاری ئیکەتەرینا بورگ دەستنیشان کرابوو بۆ کێبڕکێیەکە، نەدەکرا منیش بەناوی هەمان شار بەشداری بکەم، بۆیە بڕیارم دا بەناوی شاری (سڤێردلۆڤسکی) بەشداری بکەم. ئێستاش لە شاری مۆسکۆ دەژیم و سەرقاڵی خۆئامادەکردنم بۆ پێشبڕکێی شاجوانی جیهان.

**ڕووداو: چ ئامادەکارییەک دەکەی بۆ ئەم بۆنە جیهانییە؟**

**پۆلینا پۆپۆڤا:** کێبڕکێی شاجوانی جیهان ئەمساڵ لە ئاسیا بەڕێوەدەچێت لە دوورگەی (خاینای) لە چین. دەستم بە ئامادەکاری کردووە. ئێستا خەریکی خوێندنی زمانی ئینگلیزیم، هەروەها زمانی (چینی) دەخوێنم. جگە لەوە خەریکی ڕاهێنانم لەسەر ژەنینی پیانۆ، چونکە لەوێ من نمایشی ژەنینی پیانۆ

> بەشداری کێبڕکێی شاجوانی جیهان دەکەم

دەکەم و خەریکی ئامادەکردنی بەرهەمێکی مۆسیقیم. هیوام وایە بۆ هەموویان سورپرایز بێت. لە فیلمێکی دۆکیومێنتاریشدا ڕۆڵم هەیە لەگەڵ چەند کچێکی دیکە کە لە وڵاتانی جیاوازەوە دێن. هەروەها پرۆژەیەکی خێرخوازیی ئامادە دەکەم کە ئەمساڵ پرۆژەکەی من تایبەت دەبێت بە یارمەتیدانی (سەگی دەریا) لە دەریای بەیکاڵ.

**ڕووداو: پێشبینیت چییە، پێتوایە لەو کێبڕکێیە سەرکەوتوو دەبی؟**

**پۆلینا پۆپۆڤا:** ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، نازانم دەتوانم سەربکەوم یان نا، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەموو هەوڵێک دەدەم. هەموو توانای خۆم بەکاردێنم. بەدڵنیاییەوە پشتگیری زۆر گرنگە. هیوام وایە کە نەک تەنیا لەلایەن وڵاتەکەی خۆم، بەڵکو لە وڵاتانی کیشوەری ئاسیاوە پشتگیریی بکرێم، چونکە من لەوێ ژیاوم و لەوێ کارم کردووە، تەنانەت ویستم بچم لە چین بخوێنم، بەڵام بەداخەوە ژیانی من وابوو کە دەبوو بگەڕێمەوە بۆ مۆسکۆ، ئەوەتا ئێستا لێرەم.

**ڕووداو: دوای ئەوەی کە بە شاجوانی ڕووسیا هەڵبژێردرای، چ گۆڕانکارییەک لەژیانی تۆدا ڕوویداوە؟**

**پۆلینا پۆپۆڤا:** جا بڵێم چی گۆڕاوە لە ژیانی مندا؟ بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاری ڕوویداوە، چونکە من ئێستا ناوبانگم هەیە و بۆ زۆر شوێن بانگهێشتم دەکەن، دەیانەوێ گرێبەستم لەگەڵ بکەن. ئێستا من کچێکی بەناوبانگم و لە وڵاتی خۆمدا پێگەیەکی جیاوازم هەیە. هەموو ئەوانە بۆ من جێگەی دڵخۆشین، ئێستا ژیانێکی جیاوازم هەیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە ژیانی تایبەتیمدا هەروەک جاران گفتوگۆ دەکەم لەگەڵ هاوڕێیانم، بەردەوام بە میوانی دەچم بۆ لای دایک و باوکم. ناتوانم بڵێم کە هەموو شتێکی من گۆڕاوە، بەڵام هەندێ بەرپرسیارێتیم هاتووەتە سەرشان کە بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە، ئەوەش بۆ من زۆر جێگای خۆشحاڵییە، ئێستا من وەک کەسێکی زۆر جدی دەردەکەوم و هەڵسوکەوت دەکەم.

**ڕووداو: ئەی باری داراییت گۆڕاوە؟**

**پۆلینا پۆپۆڤا:** نەخێر، باری داراییم هەروەکو جارانە، ئەو داهاتەی کە جاران هەمبوو ئێستاش هەر ئەوەم هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە من خەڵاتێکم هەیە کە لە کۆتایی ساڵ وەریدەگرم، مەبەستم ئەو کاتەی کە من ماوەی شاجوانیم تەواو دەبێت و تاجی شاجوانی ڕووسیا دەخەمە سەر کچێکی دیکە. بەپێی گرێبەستەکە من ئەو کاتە دەتوانم ئەو خەڵاتەی خۆم وەربگرم. سەبارەت بە ژیانی تایبەتیشم دەتوانم بڵێم کە هەروەکو جارانە، زیاتر لەگەڵ هاوڕێیانم کات بەڕێدەکەم و یەکتر دەبینین. دەچم بۆ سینەما. من لە بەرامبەر پارکە جوانەکەی (مەکسیم گۆرکی) دەژیم و بەردەوام لەوێ پیاسە دەکەم، دەتوانی بەردەوام من لەوێ ببینی. بەڵام ئەم ماوەیە ئامادەکاری دەکەم بۆ پێشبڕکێی شاجوانی جیهان. وەرزش و ڕاهێنان لەسەر پیانۆ زۆربەی کاتی من دەبات، ئێستا کاتێکی زۆر کەم بۆ ژیانی تایبەتیم ماوەتەوە.

**ڕووداو: چ خەون و خولیایەکت هەیە بۆ داهاتوو؟**

**پۆلینا پۆپۆڤا:** ئاواتم بۆ داهاتوو ئەوەیە یەک پیشەی تایبەتیم هەبێت کە هەموو تواناکانی خۆمی تێدا بەکاربهێنم، ئینجا دەمەوێ خەریکی ژیانی تایبەتیم بم".

**ڕووداو: چۆن پێناسەی جوانی دەکەی؟**

**پۆلینا پۆپۆڤا:** جوانی لەلای من پێش هەموو شتێک جوانیی ناخی مرۆڤە. مرۆڤ چۆن هەڵسوکەوت دەکات، چۆن قسە لەگەڵ خەڵکانی دیکە دەکات، چی پێشکەشی خەڵک دەکات. جوانیی ئەوە نییە کە مرۆڤ بە ڕوخسار چۆن دەردەکەوێ، لای من پێوەری جوانی هێز و لەشولار نییە، ئەگەر پێوەری جوانی ڕوخسار بێت کەواتە ئەوە هەڵسەنگاندنێکی ڕاست نییە.

> پرۆژەیەکم هەیە بۆ یارمەتیدانی سەگی دەریا

> خەونم ئەوەیە لە داهاتوودا کاری تایبەتی خۆمم هەبێت



> جوانیی ناخ لە جوانیی ڕوخسار گرنگترە

> دڵنیا نیم لەوەی دەبمە شاجوانی جیهان

## ئوستراليا 50 پەنابەری عێراقی "دەستبەسەرکردووە"

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی عێراق داوای لە وەزارەتی دەرەوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات ڕێکاری خێرا بگرنەبەر بۆ ئازادکردنی ئەو 50 پەنابەرە عێراقییەی لەلایەن ئوسترالیاوە دەستبەسەرکراون. عەلی بەیاتی، گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاشکرایکرد، باڵیۆزخانەی عێراق لە کانبێرای پایتەختی ئەو وڵاتە زانیویەتی پۆلیسی ئوستراليا 50 پەنابەری عێراقی لە دوورگەی مانۆس دەستبەسەرکردووە. بەگوتەی بەیاتی ئەو پەنابەرانە "لە ڕەوشێکی مرۆیی دژواردان و هەوڵدەدرێت ناچاربکرێن بگەڕێنەوە عێراق. ئەو جۆرە مامەڵەکردنەش لەگەڵ پەنابەران پێچەوانەی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە".



تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 482 ) - دووشەممە 2017/11/20

# بەهۆی کچێکی نەمسایی ئیقامەی وەرگرت



**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو- سۆفیا**

بە پێچەوانەی کۆچبەرانی دیکەی کورد کە ناخۆشترین شت بەلایانەوە وەرگرتنی پەنجەمۆریانە لە وڵاتێکی وەکو بولگاریا، هێمن پەنجەمۆری بولگاریا بە چانسێکی باش دەزانێ، چونکە سوودی زۆری پێگەیاندووە و ئایندەی ژیانی لەسەر بنیاتناوە، ئەو لەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی نەمسایی کرد و ئێستا لە ڤییەننای پایتەخت لەگەڵ کچە نەمساییەکە ژیانێکی بێ گرفتی هەیە.

هێمن ساڵی 2016 کوردستانی جێهێشت بەو نیازەی لە وڵاتێکی ئەورووپی بگیرسێتەوە. دوای ئازار و مەینەتییەکی زۆر و مانەوە لە جەنگەڵستانەکانی سنوور، گەیشتە بولگاریا. بەڵام دوای دوو ڕۆژ مانەوەی لە سۆفیای پایتەخت، لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە بە تۆمەتی کۆچکردن بە نایاسایی و بڕینی سنوور، دەستگیر کرا. 27 ڕۆژ لە زیندانی بۆسمۆسی پایتەخت هێڵدرایەوە. بەڵام پێش ئازادکردنی لە زیندان، هەر 10 پەنجەکەی مۆر دەکەن، ئینجا ئازادی دەکەن.

دوای دوو هەفتە مانەوەی لە سۆفیا، هێمن لەگەڵ 18 کۆچبەری دیکە، بەرەو ڕۆمانیا بەڕێدەکەوێ، شەش ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە، ئینجا ڕێگەی هەنگاریا دەگرێتەبەر، لەوێش نۆ ڕۆژ دەمێنێتەوە، تاوەکو ڕێگەی دەربازبوون بۆ نەمسا دەدۆزێتەوە و لە ڕێگەی قاچاخچییەکەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئەو وڵاتە.

لە دوای خۆتەسلیمکردنی بە پۆلیسی نەمسا، چوار مانگ چاوەڕێی وەڵام دەکات. هێمن لەو ماوەیە بەهۆی گەڕان و کارکردنەوە ئاشنای کچێکی نەمسایی دەبێ بەناوی کاترینا. هێدی هێدی ئەو ئاشنایەتییە هەڵدەکشێ بۆ هاوڕێیەتی نزیک و خۆشەویستی و بڕیار دەدەن ببنە هاوژینی یەکدی. لەکاتێکدا مانەوە و دیپۆرتکردنەوەی هێمن، یەکلایی نەبووەتەوە.

دوای چوار مانگ چاوەڕوانی، پۆلیسی نەمسایی هێمن ئاگادار دەکاتەوە بە دەرکەوتنی پەنجەمۆری بولگاریا و ڕاستەوخۆ دەستگیری دەکەن و بڕیار دەدەن دیپۆرتی بولگاریای بکەنەوە، ئەم هەواڵە هەردوولایان دڵتەنگ و بێزار دەکات. کاترینا هیچی لەدەست نایەت. هێمن بە هەموو شێوەیەک بەرگری دەکا و جەستەی بریندار دەکات و هەمیشە هاوار دەکات و جنێو دەدا، بۆ ئەوەی دیپۆرتی بولگاریای نەکەنەوە، بەڵام بە پاسەوانی سێ پۆلیسی نەمسایی ئەو کۆچبەرە کوردە لە فڕۆکەخانەی سۆفیا دادەبەزێندرێ و ڕادەستی پۆلیسی بولگاری دەکرێ.

کاترینا لە ڤییەنا و هێمن لە زیندانی بولگاریا لە پەیوەندیدان، کچە نەمساییەکە جواب بۆ مەعشوقەکەی دەنێرێ و دەڵێ: "هەرچی لەدەستم بێت دەیکەم، قوربانی دەدەم، خۆم دەخەمە مەترسییەوە، تا دەتگەیەنمەوە نەمسا". کاتێک کاترینا دەزانێ هێمن لە زیندان ئازاد کراوە، ناسنامەی برازایەکی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و بەرەو بولگاریا وەڕێدەکەوێ و خۆشەویستەکەی ئاگادار دەکاتەوە کە خۆی ئامادە بکات و دەیەوێ لەڕێی ناسنامەی برازاکەیەوە بەڕێگەی یاسایی بیگەیەنێتە ڤییەنا.

> **کاترینا لە پێناو هێمندا فێڵی لە نیشتمانەکەی خۆی و بولگاریا کرد**

هێمن و کاترینا بەڕێگەی یاسایی و بە کۆنترۆڵدا دەڕۆن، وەلێ لە کۆنترۆڵی سنووری سربیا ئەم کارە نایاساییە ئاشکرا دەبێ و هێمن دەستگیر دەکرێ و کاتریناش بە 3000 یورۆ سزا دەدرێ، ئەگەرچی ئەو کچە نەمساییە توانای ماددی باش نەبووە، بەڵام لە پێناوی گەیشتن بە خۆشەویستەکەی سێ هەزار یورۆیەکە دەدا و بڕە پارەیەکیش بۆ ئازادبوونی کۆچبەرە کوردەکە دەدات و لە زیندان دەریدەهێنێ، کاترینا دەگەڕێتەوە نەمسا و پێشنیاز بۆ هێمن دەکات ئەمجارەیان بە ڕێگەی قاچاخ بگەڕێتەوە نەمسا.

بەناچاری، جارێکی دیکە هێمن بەڕێگەی قاچاخ بەرەو نەمسا دەڕوات، لەکاتی گەیشتنی بە ڤییەنا، کاترینا بەرنامە و پلان دادەنێ و پێی ڕادەگەیەنێ کە خۆی ڕادەستی پۆلیس نەکات، تا بەشێوەیەکی فەرمی مارەبڕیی دەکەن و وێنەی زەماوەند دەگرن. لە پاشان خۆی ڕادەستی پۆلیس بکات، بەمشێوەیە دۆسیەکەی بەهۆی کاتریناوە بەهێز دەبێ و حکومەتی نەمسا دەرفەتی مانەوە بە هێمن دەدات. وەلێ لەم هەوڵەشدا سەرکەوتوو نابن و لەدوای خۆڕادەستکردنی بە پۆلیسی نەمسا، پەنجەمۆری بولگاریای دەردەکەوێتەوە. بۆ جاری دووەم هێمن دیپۆرتی بولگاریا دەکەنەوە. لەکاتی گێڕانەوەی ئەم بیرەوەرییە لە زیندانی لۆمۆبێز بۆ (ڕووداو)، هێمن گوتی "هەموو پەندێکی کوردی بەجێیە. کورد دەڵێ ریسەکەمان بووەوە بە خوری، واتە پاش ئەو هەموو هەوڵەی هەردوولامان هیچمان بە هیچ نەکرد".

کاترینا، بە هەر نرخێک بێ، دەیەوێ لەگەڵ هێمن بەیەکەوە ژیان بەسەرببەرن، لەبەرئەوە دەچێتە باڵیۆزخانەی بولگاریا لە وڵاتەکەی، لەوێ داوا دەکا هاوژینەکەی بۆ بنێرن، بەڵام داواکەی ڕەتدەکرێتەوە و پێی دەڵێن: تەنیا دەتوانن لە نیشتیمانی یەکەمەوە ئەو کەسە بانگهێشت بکەن و دەرفەتی هاتنی پێبدەن. لەبەرئەوە، دەبێ بگەڕێتەوە کوردستان، ئینجا بانگهێشتنامەی قبوڵ دەکەن و دەتوانێ بەرەو نەمسا بێ.

کاترینا، ئەم هەواڵە بە هێمن دەگەیەنێ و داوای لێدەکات بگەڕێتەوە نیشتیمانی خۆی، ئەوکات دەتوانێ بانگهێشتنامەی ئاراستە بکا. هێمن بڕیار دەدا بگەڕێتەوە کوردستان. بەڵام دەبێ سزای سێ مانگ بەندکردن تەواو بکات ئینجا خۆی دیپۆرتی کوردستان بکاتەوە.

هێمن کە تەمەنی 31 ساڵە، مانگی ئەیلولی ڕابردوو ماوەی زیندانییەکەی کۆتایی دەهات، بەرلەوەی ئازاد بکرێ، داوای دیپۆرتکردنەوەی کرد و گەڕایەوە سلێمانی. مانگی تشرینی یەکەم، لەلایەن کاتریناوە بانگهێشتی نەمسا کرا، ئێستا وا نزیکەی مانگێکە پێکەوە دەژین، لەدوای ئەو هەموو ناخۆشییە، کاتی ڕۆژە خۆشەکانە، پێویستە چێژ لە ژیانی نوێیان وەرگرن.

# کۆچبەرانی تازە منداڵانی سوێدی فێری کوردی دەکەن

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

کاتێک تابان دەبینێ چەندین منداڵی کوردی لەدایکبووی سوێد، زمانی کوردی نازانن، خۆبەخشانە قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و کۆرسێکی فێربوونی زمانی کوردییان بۆ دەکاتەوە. ئێستا سەتان منداڵ لە سوێد فێری کوردی بوون کە بە گوتەی تابان پێشتر یەک وشە کوردییان نەزانیوە. مهابادیش وەکو تابان خۆبەخشانە کۆرسێکی فێربوونی زمانی کردووەتەوە، بەڵام زمانی سوێدی بۆ ئەو کۆچبەرە تازانەی دێنە سوێد.

خێزانە کوردەکانی نیشتەجێی سوێد نیگەرانن لەوەی دەرفەتیان نییە بۆ بەهێزکردنی زمانی دایکیی منداڵەکانیان، ئەم پرسەش کۆچبەرانی تازە و دێرینی کوردی ئەو وڵاتەی بە یەک گەیاندووە. پەنابەرانی دێرینی کورد، کۆچبەرانی نوێ فێری سوێدی دەکەن و کۆچبەرانی تازەش، منداڵانی کورد فێری کوردی دەکەن.

مهاباد حامد، 43 ساڵ، کۆچبەرێکی کوردە و لە دامەزراوەی بەهاناوەچوونی پیر و پەککەوتەکان کار دەکات. هەفتانە زیاتر لە سێ ڕۆژی هەیە کە لەگەڵ کۆچبەران بەسەری دەبات، وەک خۆبەخشێک بە هاوکاریی ڕێکخراوی خاچی سوور زمانی سوێدی فێری کۆچبەرانی تازە دەکات.

مهاباد کە 25 ساڵە لە سوێد دەژی، خۆشحاڵە بەوەی کە سەتان کۆچبەری کوردی فێری سوێدی کردووە. مهاباد بە (ڕووداو)ی گوت "ئاشنابوون بە بنەماکانی زمانی سوێدی زۆر گرنگە و کلیلی فێربوونی زمانە لەسەر ئاستی پراکتیکی".

مهاباد پێیوایە کۆرسەکەی ئەو بۆ کۆچبەران زۆر پێشکەوتووترە لەوەی لە قوتابخانە فەرمییەکانی فێربوونی زماندا هەیە و دەڵێت: "ڕۆتینی نێو قوتابخانە فەرمییەکانی فێربوونی زمانی سوێدی، کۆچبەرانی تازەی نیگەران کردووە، وای کردووە لە دەست پرۆسەکە هەڵبێن، چونکە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەبرێ و شکڵێکی بازرگانیی وەرگرتووە".

سەرجەم ئەو کۆچبەرانەی مهاباد فێری سوێدییان دەکات، کوردن. مهاباد دەڵێت: "باشترە مامۆستایەکی کوردت هەبێت فێری زمانە سوێدییەکەت بکات، من تەنیا نیم و مامۆستای سوێدیشمان هەیە، بەڵام قوتابیە کۆچبەرەکان زیاتر کەیفیان بە من دێت".

مهاباد تەنیا کورد نییە کە خۆبەخشانە کۆچبەران فێری زمانی سوێدی دەکات، ئەو دەڵێت: "دەیان کوردی دیکە وەکو من خۆبەخشانە کۆچبەرانی نوێ فێری زمانی کوردی دەکەن، بەڵام کاتەکانمان دابەش کردووە، چونکە کاری خۆبەخشی لەم وڵاتە زۆر زەحمەتە".

> **سەتان منداڵم فێری کوردی کردووە**
> کۆچبەرێکی تازەی کورد

### دوورکەوتنەوە لە زمانی دایک

نەبوونی دەرفەت بۆ منداڵانی کۆچبەری بێ ئیقامە و دوورکەوتنەوەی منداڵانی کوردی خێزانە دێرینەکانی سوێد لە زمانی کوردی، خەریکە دەبێتە هۆکاری ئەوەی نەوەیەک بێتە بەرهەم کە هیچ کوردی نازانن.

سیامەند زەهاوی کە کوردێکی دانیشتووی سوێدە، دەڵێت: "سەرقاڵیی دایک و باوک، نەبوونی دەرفەت بۆ هاوڕێیەتی لە نێو منداڵانی کورد خۆیان، لەگەڵ ئەمانەش هاندان نییە منداڵان ڕوو لە فێربوونی زمانی دایک بکەن، ئەنجامەکەی ئەوەیە نەوەیەک ئێستا لە سوێد دەژی کە هیچ کوردی نازانێت".

گوتیشی: "بەتەحەداوە دەڵێم 90%ی منداڵانی کوردی نیشتەجێی ئەم ستۆکهۆڵمە یەک وشە کوردی نازانن".

تابان زەندی کۆچبەرێکی تازەی کوردە لە سوێد، بەهۆی نەبوونی ئیقامە، مافی کارکردنی نییە. ئەو بەشێوەیەکی خۆبەخشانە خولی فێربوون و پەرەپێدانی زمانی کوردی بۆ منداڵانی کوردی ئەو وڵاتە کردووەتەوە.

ئەو منداڵانەی کە تابان وانەی کوردییان پێدەڵێ، پێشتر یەک وشە کوردییان نەدەزانی. ئەو دەڵێت "سەتان منداڵی کوردم فێری زمانێکی پاراوی کوردی کردووە کە هیچ کوردییان نەدەزانی".

تابان زەندی کە خۆی پسپۆڕی زمانی کوردییە و ئێستا سوێدییەکەی لە ئاستێکی باشدایە، پێیوایە سەرقاڵبوونی دایک و باوک بە کارکردن، تێکەڵبوونی منداڵ بە سیستم و بەرنامەی ئەو وڵاتە، وای کردووە منداڵان زۆر گەرموگوڕ نەبن لەگەڵ زمانی دایک. گوتیشی: "فێربوونی زمانی دایک لە قوتابخانەکان، بەتایبەت بەشە کوردییەکەی زۆر سەرکەوتوو نییە و منداڵان زۆر بە گەرمی ڕووی تێناکەن".

تابان دەڵێت نەک منداڵەکان بگرە هەندێک لە گەنج و گەورەکانیش خەریکە زمانی دایکیان بیردەچێتەوە، بە کوردییەکی لاواز قسە دەکەن. تابان بەرنامەی هەیە پەرە بە کارەکەی بدات و دەڵێت "ئەگەر مافی مانەوە وەربگرم، بەرنامەم هەیە، لە شێوەی ڕێکخراوێک، یان وەک کۆمپانیایەک لە ئاستێکی پێشکەوتووتر کار لەسەر زمانی کوردی بکەم و منداڵان، یان ئەوانەی خواستی پەرەپێدانی زمانی کوردییان هەیە، پێشبخەم".



ئەو خێزانە کۆچبەرانەی مافی مانەوەیان نادرێتێ ڕێگەیان پێدەدرێت منداڵەکانیان لە قوتابخانەکانی سوێد بخوێنن

### منداڵانی کۆچبەر ناچنە قوتابخانە

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (Dagens nyheter)، بەشداریی قوتابیانی کۆچبەری تازە لە قوتابخانەکان، ئەمساڵ لە نزمترین ئاستدایە و لە کۆی 100 قوتابخانەی تایبەت کە ئامادەییان بۆ وەرگرتنی قوتابیانی کۆچبەری تازە دەربڕیوە، تەنیا 60 قوتابی داوایان پێشکەش کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکە، 700 قوتابخانەی سوێد، هیچ قوتابییەکی کۆچبەریان نییە.

لاورا یوهانسن پسپۆڕی بواری پەروەردە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو خێزانانەی مافی مانەوەشیان نییە، بۆیان هەیە لە بواری خوێندن و پەروەردە سوودمەند بن و منداڵەکانیان بنێرن، بەڵام وەک پێویست بایەخی پێنادەن".

### نەژادپەرستەکان دژی زمانی دایکن

چەند ئەندامێکی پارتی سوێدیە دیموکراتەکان کە بە پارتێکی نەژادپەرست ناسراوە و دژایەتی بیانیانی ئەو وڵاتە دەکات، داوا دەکەن وانەی زمانی دایک بە گشتی، هەروەها بەتایبەت بۆ منداڵانی تازەی کۆچبەر نەمێنێ. لە ڕێگەی گوتارێکی هاوبەشیان لە ڕۆژنامەی یوتوبۆری پۆستن، هەردوو ئەندامی پارتی سوێدیە دیموکراتەکان، (ڕۆبێرت ستێنکفیست و ستیفان ژاکوبسن) دەڵێن "وانەی زمانی دایک بۆ کۆمەڵگەی سوێدی شتێکی زیادەیە، بە تایبەتی بۆ منداڵانی 8 تاوەکو 12 ساڵی زیانی هەیە".
ئەوان نووسیویانە "باشترە لە بری ئەوە بایەخ بە زمانی سوێدی بدەن، ئەوە بۆ ئەوان باشترە".




## توندوتیژی دژی ئافرەتان 30% زیادی کردووە

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی بەراوردکارییەک لە نێوان نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵ و نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا بۆ ئامارەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان، ڕێژەی توندوتیژی 30%ی زیادی کردووە. بەپێی ئەو بەراوردکارییەکە لە نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵ بە بەراورد بە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو 8 حاڵەتی کوشتنی ژنان، 23 حاڵەتی خۆسووتاندن و 2173 سکاڵا و 24 حاڵەتی دەستدرێژی زیادیان کردووە. بەڵام دوو حاڵەتی خۆکوشتنی ژنان و سێ حاڵەتی سووتانی ژنان کەمی کردووە. بەپێی ئەو بەراوردکارییە ڕێژەی توندوتیژی نزیکەی 30% زیادی کردووە.

# تەرمی کچێکی 14 ساڵان لە گۆڕستان دەدۆزرێتەوە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

خێزانەکەی بەیانی کە خەبەریان بووەوە، دیدار-یان لەنێو ماڵەکەدا نەبینی، یەکسەر کەوتنە سۆراخکردنی، تەلەفۆن بۆ ماڵە خزمان و دراوسێکان دەکەن، لە دراوسێکان دەپرسن، لە کۆڵان دەگەڕێن و لە خەڵک دەپرسن، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، زۆری نەبرد ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس هاتە گەڕەکەکە و خەبەرێکی ناخۆشی دایە ئەوان: تەرمی دیدار لە گۆڕستان دۆزراوەتەوە.

لە کاتێکدا ڕێکخراوەکانی ژنان سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوون بۆ هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان کە ساڵانە لە 16ی نۆڤەمبەر دەستپێدەکات و لە 25ی نۆڤەمبەر کۆتایی دێ، هەواڵی کوژرانی کچێکی تەمەن 14 ساڵان بەناوی (دیدار.ح.و) بڵاوبووەوە.

دیدار خوێندکاری بنەڕەتی بوو، کاژێر دەوروبەری هەشتی بەیانیی ڕۆژی 2017/11/15 تەرمەکەی لە گۆڕستانی ناحیەی ژاراوەی سەر بە قەزای پشدەر دۆزرایەوە، پۆلیس دەڵێت کوژراوە. کەسوکارەکەشی دەڵێن خۆی کوشتووە. دوای ڕووداوەکە، پۆلیس باوکی دیدار و چوار برای دەستگیر کردووە. لەسەر داواکاریی دایکیشی، هاوڕێیەکی یەکێک لە براکانی دیداریش دەستگیر کراوە.

ڕۆمان شێخە ئامۆزای ئەو کچەی کە

> **به نیشانەکان و شوێنی گوللەکە لە ڕووداوێکی تاوانکاری دەچێ**
>
> کارمەندێکی تەندروستی



باوکی دیدار زۆر بە دوای کچەکەیدا گەڕا، بەڵام پۆلیس پێی گوت تەرمی کچەکەت لە گۆڕستانە

تەرمەکەی لە گۆڕستانی ناحیەی ژاراوە دۆزراوەتەوە، چاوەڕێی هاتنەوەی تەرمەکەی دەکرد لە دادپزیشکیی سلێمانی، ئەو باسی سەرەتای دیارنەمانی دیدار دەکات و دەڵێت: "ئەو شەوە مامم و ئامۆژنم لە ژوورێکی نهۆمی دووەمی خانووەکەیان خەوتبوون، دیدار و براکانیشی لە نهۆمی خوارەوە خەوتبوون، بەیانی کە لە خەو هەستابوون دیدار لە نێو جێگاکەی نەمابوو، بۆیە یەکسەر دەکەونە سۆراغی لە نێو دراوسێ و خزمەکان، بەڵام نەیاندۆزییەوە".

باوکی دیدار تاوەکو کاژێر هەشتی بەیانی بەدوای کچەکەیدا دەگەڕێ و تەلەفۆن بۆ خزمانی دەکات، بەڵام پۆلیس کۆتایی بە گەڕانەکەی دێنێ دوای ئەوەی دێتە ماڵەکەیان و هەواڵیان دەداتێ کە تەرمی دیدار لە گۆڕستانی ژاراوە دۆزراوەتەوە.

ڕۆمان کە ماڵی لە حاجیاوایە و سەعات و نیوێک دوای دۆزینەوەی تەرمی دیدار بە ڕووداوەکەی زانیوە، دەڵێت: "ماڵی مامم زۆر بێ کێشە و گرفت بوون، هەم لە نێو خۆیاندا هەمیش لەگەڵ دەوروبەرەکەیان، دیدار تاقە کچی ماڵەوە بوو، بۆیە زۆر خۆشەویست بوو".

دیدار دوو خوشکی هەبوو، یەکێکیان بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەستداوە، ئەوەی دیکەشیان شووی کردووە.

ڕۆمان ڕەتیکردەوە کە دیدار هیچ کێشەیەکی سۆزداری یان نەخۆشیی دەروونی هەبووبێ، ئەو گومان دەکات دیدار خۆی کوشتبێ، بەڵام دەڵێت "نازانین بۆچی خۆی کوشت. لە هیچی کەم نەبوو، هیچ کێشەیەکی نەبوو".

ڕۆمان هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە باس لە کوژرانی دیدار دەکەن و دەڵێ "بەڵگەمان هەیە کە دیدار خۆی کوشتووە، سەعات چوار و هەشت خولەکی بەیانی لە ڕێگەی مۆبایلەکەیەوە نامەیەکی بۆ خوشکەکەی ناردووە و داوای گەردنئازادیی لێکردووە. دیدار لە نامەکەدا نووسیویەتی خوشکی خۆم گەردنم ئازاد بکە و لەلایەن منیشەوە گەردنت ئازاد بێت، ماڵئاوا".

بە گوتەی ڕۆمان، ئامۆزاکەی هەر یەکسەر دوای نامەکە لە ماڵەوە هاتووەتە دەرەوە و لە گۆڕستانی ژاراوە خۆی کوشتووە. ڕۆمان گوتی "دیدار لەسەر گۆڕی گەنجێک کە لەدایکبووی ساڵی 1993 یە و هاوینی ئەمساڵ بە جەڵتە مردبوو، خۆی کوشتووە و سەری لەسەر گۆڕی ئەو کوڕە بووە".

دراوسێیەکی ماڵی دیدار بە مەرجی بڵاونەکردنەوەی ناوەکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی دیدار ڕۆژانە لەگەڵ کچەکەی ئەودا چووەتە قوتابخانە و گەڕاوەتەوە، ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە کچەکەی بەدوای دیداردا چووە بۆ ئەوەی پێکەوە بچن بۆ قوتابخانە، بەڵام ئەو گوتبووی نایەم بۆ قوتابخانە.

دراوسێکەیان گوتی "ئێمە سەرەتا ئاگاداری ونبوونی دیدار نەبووین، تاوەکو پۆلیس هاتە کۆڵانەکەمان". گوتیشی "بەڕاستی زۆر بە پەرۆشین بۆی، چونکە کچێکی زۆر جوان و ژیر و زیرەکی کۆڵانەکەمان بوو. ئەگەر خۆی کوشتبێ بۆ ئێمە جێی سەرسوڕمانە".

### پۆلیس و پزیشک گومانیان هەیە

هەرچەندە کەسوکارەکەی دەڵێن دیدار خۆی کوشتووە، بەڵام پۆلیس و پزیشک گومانیان هەیە و دەڵێن پشکنینەکان دەریدەخەن "ڕووداوەکە تاوانکارییە".

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کاژێر نۆی بەیانی ڕۆژی 2017/11/15 تەرمی کچێکی تەمەن 14 ساڵ لەلایەن پۆلیسەوە هێنرایە بەشی پزیشکی دادوەری لە نەخۆشخانەکەمان کە باڵتۆیەکی ڕەش و قات و بیجامەیەکی ڕەساسی لەبەردابوو، ئێمە لای خۆمان ڕێکاری پزیشکیمان بۆ کرد، بەڵام ڕووداوەکە بۆ ئێمە جێی گومان بوو، بۆیە تەرمەکەمان نارد بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی لە سلێمانی".

عوسمان محەممەد، ئاماژە بە ئەنجامی پشکنینەکان دەکات و دەڵێت "گوللەیەکی دەمانچە بەر لای چەپی سینگی کەوتووە و لە پشتی دەرچووە. هەرچەندە گوللەکە لە نزیکەوە بەری کەوتووە، بەڵام نیشانە و شوێنی گوللەکە گومانی دروست کردووە، ڕووداوەکە لە ڕووداوێکی تاوانکاری دەچوو".

گوتیشی: "ئەو ڕووداوە سێ کاژێر بەر لەهێنانی تەرمەکە بۆ نەخۆشخانە ڕوویداوە، بەڵام جگە لە شوێنەواری گوللەیەک، هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجەدان بەسەر جەستەی کچەکەوە نەبوو".

بە گوتەی بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە دەڤەری ڕاپەڕین، ئەمساڵ ئەوە دووەمین حاڵەتی کوشتنی بە ئەنقەستی ژنانە لە دەڤەرەکەیان تۆمار دەکرێ.

موقەدەم عەبدوڵڵا بابارەسوڵ، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە دەڤەری ڕاپەڕین، سەبارەت بە ڕووداوەکەی ژاراوە، دەڵێت: "پۆلیس دوای ڕووداوەکە، گوتەی لە کەسوکاری کچەکە وەرگرتووە و گوتوویانە کچەکە بەبێ ئاگاداری ئەوان لە ماڵ چووەتە دەرەوە. ئەوان ئاگایان لە هیچ نەبووە و پۆلیس ئەوانی ئاگادار کردووەتەوە". موقەدەم عەبدوڵڵا پێیوایە ئەو کچە کوژراوە نەک خۆی کوشتبێ "پێدەچێ ئەو تاوانە لە شوێنێکی دیکە کرابێت، بۆ ونکردنی تاوانەکە تەرمەکەیان لەو گۆڕستانە فڕێدابێ، هەروەها پێدەچێت تاوانەکە لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی ئەنجامدرابێ، بەڵام نازانرێ بۆچی کوژراوە". گوتیشی "لە شوێنی ڕووداوەکە دەمانچەیەک دۆزراوەتەوە".

> **بەر لە ڕووداوەکە نامەی گەردنئازادی بۆ خوشکەکەی ناردووە**
>
> ئامۆزایەکی دیدار

# ئافرەتێکی کەڕولاڵ فڕێدەدرێتە سەر شەقام

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

هیچ ناسنامەیەکی پێ نییە، خوێندن و نووسین نازانێت و کەڕ و لاڵیشە، بۆیە هیچ کەسێکی ئاسایی ناتوانێت لێی تێبگات، تەنیا ئەوانە نەبن کە لە جوڵەی دەستی کەڕولاڵەکان دەگەن. ئێمەش هەر بە جوڵەی دەست لە هەندێک قسەی حاڵی بووین.

نەجیبە، کچێکی تەمەن 39 ساڵانە و خەڵکی دەڤەری بیتوێنە، بەڵام زۆربەی کات لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکانی هەولێر دەبینرێ. ، هەندێکجار سووکایەتی پێدەکرێت و هەندێکجاریش وەک خۆی بە ئاماژە دەریدەبڕێ، ئەشکەنجە دراوە. نەجیبە بە جوڵەی دەست باسی خۆی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "کەس لە خۆم ناگرێت و لەسەر شەقامەکان دەمێنمەوە. هەر شوێنێکیش بۆی دەچم تەنیا چەند ڕۆژێک لە خۆم دەگرن و دواتر دەرمدەکەن".

نەجیبە باسی خێزانەکەی دەکات و دەڵێت: "کەسوکارەکەم دەریانکردووم، نەنک و باپیرم مردوون، برایەک و سێ خوشکم هەیە، بەڵام کەسیان ئامادەنەبوون لەخۆم بگرن".

دوای ئەوەی خێزانەکەی لەخۆی ناگرن، ڕوو دەکاتە سلێمانی و پاشان هەولێر. شوێنەواری ئەشکەنجە و لێدان بە جەستەی نەجیبەوە دیارە. ئەو دەڵێت لەلایەن زیاتر لە کەسێکەوە ئەشکەنجە دراوە. ئەو بە ئاماژە دەڵێت: "چوار کەس، دوو پیاو و دوو ئافرەت، لە شوێنێک کاریان پێدەکردم، جلوبەرگیان پێدەشووشتم. شوێنەکەیان پێ پاکدەکردمەوە، لە ژوورێکی تاریک دایاندەنام و دەرگایان لەسەر قوفڵ دەکردم، یەکێک لەوانە پیاوێکی ڕیشدار بوو کە من زۆر لێی دەترسام، ئەوان ئەشکەنجەیان داوم، لە سەریان دام، قژیان ڕاکێشام، ئازاری جەستەیان دام و پشتم بریندارە". نەجیبە دەشڵێت: "لەو شوێنە جگە لە من، چەند کەسێکی دیکەی کەمئەندامیشی لێبوو، تەنانەت کەسانی کەڕولاڵی دیکەشی لێبوو، بەڵام ئەوانیان ئەشکەنجە نەدەدا".

کەسێکی نزیک لە خێزانەکەی نەجیبە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەو قسانەی نەجیبە پشتڕاست دەکاتەوە کە کەسوکارەکەی ئامادە نین لەخۆی بگرن. ئەو دەڵێت "هۆکاری کەوتنە سەرشەقامی نەجیبە، بنەماڵەکەیەتی، بەتایبەت براکەی کە زۆر ئازاری دەدا و ئەویش نەیتوانی لەگەڵیان بمێنێتەوە".

نەجیبە دەڵێت نەک هەر شوێنی داڵدەدانی ئافرەتان و ڕێکخراوەکان، تەنانەت پۆلیسیش لەخۆی ناگرن. شایەتحاڵێک گوتی بەچاوی خۆی بینیویەتی کە ڕۆژێک لە کاژێر پێنجی بەیانی بینیویەتی ئەو ئافرەتە لەسەر شەقام کەوتووە و دەستی بە زنجیر بەستراوە.

پۆلیس ئاگاداری ئەو کەیسەن و دەڵێن ئەو کچە خۆی لەلای پۆلیس نامێنێتەوە و دەڕوات، تەنانەت هەوڵی خۆکوشتنیشی داوە.

مقەدەم ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە هەولێر، لەبارەی کەیسی نەجیبە بە (ڕووداو)ی گوت: "نەجیبە ئافرەتێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە، سێ ساڵە ئەم کێشەیەی هەیە، پێنج جار لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمەوە دراوە بە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان لە هەولێر، هەر جارێک لە دوو ڕۆژ زیاتر لەوێ نەیتوانیوە بمێنێتەوە، تەنانەت جارێک چووەتە سەر باڵەخانەی ماڵی داڵدەدان و هەوڵی خۆکوشتنی داوە".

بۆچی کەسوکارەکەی لەخۆی ناگرن؟

ژیلەمۆ عەبدولقادر دەڵێت: "ئەم کچە خەڵکی ڕانیەیە و برایەکی لە هەولێرە، چەند جارێک براکەی لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان وەریگرتووەتەوە، بەڵام براکەی دەڵێت نەجیبە ناتوانێت لە ماڵەوە بمێنێتەوە و هەڵدێت، بۆیە ناتوانین کۆنترۆڵی بکەین".

> **نەجیبە ناتوانێت لە ماڵەوە بمێنێتەوە و هەڵدێت، بۆیە ناتوانین کۆنترۆڵی بکەین**
>
> برایەکی نەجیبە

ژیلەمۆ عەبدولقادر ئاماژەی بەوەدا کە جگە لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان، نەجیبە دوایین جار براوەتە شوێنێک بە ناوی لانەی ئارام کە لەلایەن کەسێکی خێرخوازەوە بەڕێوەدەبرێت، بەڵام لەوێش نەحەواوەتەوە و هەڵاتووە.

گوتیشی: "شێڵتەرەکان سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتین، ئەوان بەرپرسن لە داڵدەدان و پاراستنی ئافرەتان، ئەرکی پۆلیسەکانی ئێمە ئەوەیە ئافرەت ڕزگار بکەین و بیهێنینە شێڵتەر، پێنج جار ئەو ئافرەتەمان هێناوەتە شێڵتەر، لە کاتێکدا شەڵتەرەکان شوێنی ئەو جۆرە ئافرەتانە نین کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، بەڵکو شوێنی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراون، بەڵام لە هەولێر هیچ شوێنێک نییە بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشیی دەروونییان هەیە، یان خاوەن پێداویستی تایبەتن تا لێی بمێننەوە".

تەنیا شوێنێک هەیە لە سلێمانی کە کەسانی وەکو نەجیبە لە خۆدەگرێ، ژیلەمۆ عەبدولقادر دەڵێت: "بەداخەوە ئافرەت هەبووە کێشەی دەروونیی هەبووە و ڕاپۆرتی پزیشکی هەبووە، ئێمە ناردوومانەتە سلێمانی، بەڵام ئەوان باوەڕیان پێنەکردووە، بۆیە پێویستە شوێنێک هەبێت بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە داڵدەی ئەم ئافرەتانە بدات و بیانپارێزێت".

بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر گوتیشی: "ئەم ئافرەتە فایلی لەلای ئێمە هەیە، پزیشکی دەروونی بینیویەتی و چارەسەریشی وەرگرتووە، بەڵام دواتر بەهەمان شێوە ڕایکردووە".

بەیان گەلاڵی، پسپۆڕی دەروونی لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەیسانە دەڵێت: "پێویستە ئەم حاڵەتانە شێڵتەر و شوێنی حەوانەوەی تایبەتی خۆیان هەبێت، کە بەداخەوە لە باشووری کوردستان هیچ شوێنێکی لەم شێوەیە نییە، ئەمەش تازە نییە، زیاتر لە 7 ساڵە داوامان لە وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە پێویستە چەند جۆرە شێڵتەرێکمان هەبێت، یەکێک لەوانە بۆ ئەو جۆرە ئافرەتانەیە، بەڵام بەداخەوە گوێیان لێنەگرتووین".



تا ئێستا شوێنێکی تایبەت نییە بۆ داڵدەدانی کەسانی وەکو نەجیبە



## هاووڵاتییەکی دێرەلووک چوار مانگە بزرە

**ڕووداو- دێرەلووک**

زیاتر لە چوار مانگە هاووڵاتییەکی ناحیەی دێرەلووک بەناوی محەممەد ڕەشید ئیسلام، ونە. خانەوادەکەی بەردەوام بەدوایدا دەگەڕێن دەیانەوێ بزانن ماوە یان مردووە. عیزەت مستەفا، ئامۆزای محەممەدە و دەڵێ هەتا ئەوکاتەی محەممەد ژیانی هاوژینی پێکنەهێنابوو، هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ ژنێکی کوردی دەڤەری موسڵ ژیانی هاوژینی پێکهێنا، کێشە لە ماڵەکەیاندا سەریهەڵدا، تائەو رادەیەی هاوژینەکەی بە چوار منداڵەوە بەیەکجاری ماڵەکەی جێهێشت و محەممەدیش ون بوو. عیزەت دەڵێ "دوای ئەوەی ژنەکەی ماڵەکەی جێهێشتووە، ئیدی بارودۆخی ئەو پیاوە تێکچوو، ئەویش لە 2017/7/3ـەوە ون بووە، هەتاوەکو ئێستا هەموو لایەنێکی پەیوەندیدارمان ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام دیارنییە چی بەسەر هاتووە".

# دوای 21 ساڵ دەربەدەری لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا کوژرا

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

پارتی و یەکێتی زۆر کێشەی گەورەی نێوان خۆیان چارەسەر کرد، بەڵام نەیانتوانی کێشەکەی ئامانج چارەسەر بکەن کە لە ترسی مەرگی خۆی هەر ڕۆژە و لە شوێنێک بوو تا دواجار لە ڕووداوێکی نادیاردا کوژرا.

کاژێر دووی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/11/13 پیاوێکی تەمەن 41 ساڵ بە ناوی ئامانج عەبدولڕەزاق عومەر، دانیشتووی گەڕەکی ڕۆژستی لە ڕانیە، لە بەردەم مزگەوتی قازی محەممەد لە ناحیەی سەروچاوەی سەر بە قەزای ڕانیە، تەقەی لێکرا و لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا کوژرا.

ئامانج لە بنەڕەتدا دانیشتووی کۆمەڵگەی بەستۆرەی سەر بە ناحیەی پیرمام بوو، بەڵام بەهۆی کێشەیەکی سیاسییەوە کە دواجار بووە کێشەی کۆمەڵایەتیی نێوان دوو بنەماڵە، بە ناچاری لەگەڵ خێزانەکەی ڕووی لە دەڤەری پشدەر کرد.

نازم ڕەمزی حەسەن ئامۆزای ئامانج، باسی ئەو کێشەیەی کرد و گوتی: "ساڵی 1996 بەهۆی حیزبایەتییەوە کێشەیەک لە نێوان ئێمە و بنەماڵەیەک لە بەستۆرە ڕوویدا، لەو کێشەیەدا کەسێک کوژرا، بۆیە ماڵی مامم بە ناچاری ناوچەکەیان جێهێشت و چوونە دەڤەری ڕاپەڕین".

بە گوتەی نازم، ئامانج لە ژیانی خۆی دڵنیا نەبووە، بۆیە چووەتە ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، دوای 17 ساڵ وازی لە پەکەکە هێنا و چووە هۆڵەندا، ماوەی دوو ساڵ لەوێ ماوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی حکومەتی هۆڵەندا بە "نەخێر" وەڵامی دۆسیەکەی داوەتەوە، گەڕاوەتەوە کوردستان.

سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکەی، نازم دەڵێت: "سەرەتا ویستمان لە ڕێگەی پارتی و یەکێتییەوە کێشەکە چارەسەر بکەین، چونکە کێشەکە سیاسی بوو، تەنانەت جارێکیش لە پیرمام دانیشتن، بەڵام دواتر پشتگوێیان خست و کردیانە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، بنەماڵەی بەرامبەریش نەهاتنە پێش بۆ ئاشتەوایی".



ئامانج بەهۆی کوژرانی کەسێکەوە 21 ساڵ ئاوارە بوو

ئامانج دوای ئەوەی لە هۆڵەندا دەگەڕێتەوە، خێزان پێکەوە دەنێ و لە گوندی گردجانی سەر بە ناحیەی چوارقورنە خانوویەک بەکرێ دەگرێ و تێیدا نیشتەجێ دەبێ. نازم دەڵێت "ئامانج کەسێکی باش بوو، حەزی لە ژیان بوو، بەڵام زۆربەی ژیانی هەر دەربەدەری بوو".

خزم و کەسەکانی ئامانج هەر لە شوێنی خۆیان ماون، تەنیا ماڵی ئامانج بەهۆی ئەو کێشەیەوە ناچار بوون بەستۆرە جێبهێڵن. نازم دەڵێت ئەوان کێشەیەکیان لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە نییە کە پێشتر کوڕێکیان لێ کوژراوە، بەڵام هاتوچۆی یەکدیش ناکەن.

نازم بە دووری دەزانێ ئامانج لەلایەن ئەو بنەماڵەیەوە کوژرابێ. ئەو دەڵێت "هەرچەندە دوای ڕووداوەکە ئەوان نەهاتن بۆ پرسەی ئامانج، بەڵام لەو باوەڕەدانین ئامانج لەلایەن ئەوانەوە کوژرابێ".

نازم و برا و ئامۆزاکانی بە تەلەفۆن لە ڕووداوەکە ئاگادار کراونەتەوە کە تەرمی ئامانج لە نەخۆشخانەی ڕانیەیە، دوای ڕووداوەکە چوونەتە ڕانیە، هەرچەندە قسەیان لەگەڵ پۆلیسی ناوچەکە کردووە، بەڵام پۆلیس دەڵێت هیچ سەرەداوێکیان دەستنەکەوتووە لەسەر کوشتنی ئامانج و تاوەکو ئێستا بکوژەکەی نادیارە.

عەبدولقادر سەید تاهیر کە دانیشتووی گوندی گردجانە و کوڕی موختاری گوندەکەیە، ئاگاداری ژیانی ئامانج بووە و دەڵێت "ئامانج دوو ساڵ لە گوندەکەمان بوو، کە هات پرسی بە باوکم نەکرد، کە ڕۆیشتیش هەر پرسی نەکرد، لە کاتێکدا دەبووایە لەبەر باری ئەمنی ئەنجومەنی گوند ئاگادار بکاتەوە، هەرچەندە زۆر تێکەڵی خەڵکی گوند نەدەبوو، بەڵام کەسێکی باش و بێ کێشە بوو، کەس لە خەڵکی گوند گلەیی لێ نەبوو".

بە گوتەی عەبدولقادر، پێشتر ئامانج باسی کێشەی خۆی بۆ خەڵکەکە کردبوو، گوتبووی کەسێک بە دەستی بنەماڵەکەیان کوژراوە، بەڵام نکۆڵی لەوە دەکرد کە ئەو بکوژەکە بێ و گوتبووی بکوژەکە لە ژیاندا نەماوە و لە شەڕی دژی داعشدا کوژراوە.

هەر لەبارەی ئەو ڕووداوە فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی پشکنینەکان پێنج گوللەی دەمانچەی بە دووریی یەک تاوەکو دوو مەتر بەرکەوتووە، گوللەکانیش بەر قۆڵ و مل و سینگی کەوتوون".

پۆلیسیش لای خۆیەوە دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە. ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو هاووڵاتییە لە نێو ئۆتۆمبێلێکی جۆری هۆندای سۆناتا بووە و بە دەمانچە تەقەی لێکراوە. ئەوانەی لە شوێنی ڕووداوەکە بوون دەڵێن تەنیا گوێیان لە دەنگی تەقە بووە و تەقەکەرەکەیان نەبینیوە".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکە، ڕائید شۆڕش گوتی "تاوەکو ئێستا هۆکارەکەی نەزانراوە، تەنیا ئەوەندە دەزانین ئەو کەسە پێشتر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە، بەو هۆیەوە ناوچەی خۆیانی جێهێشتووە، بەڵام دیار نییە کوژرانەکەی پەیوەندی بەو کێشە کۆنەوە هەیە یان نا".

> به پارتی و یەکێتی نەیانتوانی کێشەی ئامانج چارەسەر بکەن
>
> ئامۆزایەکی ئامانج



**ژیلەمۆ عەبدولقادر**
موقەدەمی مافپەروەر

## سەری نایەوە و منداڵەکانی نەبینی

زۆر لە هاوژینەکەی پاڕایەوە کە ماڵی جیای بۆ دابنێ، بۆ ئەوەی ئەو لانە ئارامەی خەونیان پێوەدەبینی، نەشێوێ، بەڵام مێردەکەی بە قسەی نەکرد، دواجار ئافرەتەکە بە حەسرەتی بینینی منداڵەکانی لە نەخۆشخانە سەری نایەوە.

ئەو ئافرەتە کە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو، لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە هەموو گیانی لە لەفاف پێچرابوو، بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی: "وەک هەر کچێک کە خەون بەوە دەبینێ ڕۆژێک لە ڕۆژان شوو بکات و ببێتە خاوەن ماڵ و منداڵ، منیش ئەو خەونەم هەبوو. کاتێکیش خوازبێنیم هات و گەیشتینە ڕێککەوتن شووم کرد، بەڵام هەرزوو تووشی کێشە بووم لەگەڵ هاوژینەکەم و خەسووم و دشەکانم، زۆر لەبەر هاوژینەکەم پاڕامەوە کە ماڵی جیامان هەبێ و ماڵمان لێ تێکنەچێ، بەڵام سوودی نەبوو، مێردەکەم نەک هەر گوێی لێنەگرتم، بەردەوام خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان من و خەسووم و دشەکانم دەدزییەوە، ماڵی جێدەهێشت و تاوەکو درەنگی شەو نەدەگەڕایەوە".

ڕۆژێکیان لە شەڕی نێوان ئەو ئافرەتە و دشەکەیدا کارلەکار دەترازێ. بۆ خۆی باسی ئەو شەڕە دەکات و دەڵێت: "ڕۆژێکیان لەگەڵ دشەکەم بوو بەشەڕمان، لەو کاتەدا هاوژینەکەم هاتەوە، زۆری لە من دا، بۆیە سکاڵام لەسەر تۆمار کرد و دەستگیرکرا، دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا. ئیدی من لەگەڵ منداڵەکانم چوومەوە ماڵی باوکم، مێردەکەم بۆ ماوەیەک نەفەقەی ئێمەی دەدا. دوای ماوەیەک هەواڵی بۆ ناردم کە بگەڕێمەوە، منیش گوتم بەو مەرجە دەگەڕێمەوە ماڵی جیام بۆ دابنێی، بەڵام ئەو هەر لەسەر قسەی خۆی سوور بوو. ڕۆژێکیان تەبلیغی دادگام بۆ هات کە مێردەکەم لە دەرەوەی دادگا تەڵاقی داوم. منیش هیچم بۆ نەمایەوە تەنیا ئەوە نەبێ داوای نەفەقە و حەقە مارەیی خۆم بکەم. هەموو مافەکانی پێدام و گوتیشی با منداڵەکانیش بۆ تۆ بێت و خۆت بەخێویان بکە. من ژنی دیکە دەهێنم کە بەڵێن بدات لەگەڵ دایکم دابنیشێ و کێشە دروست نەکات. من ڕازی بووم. بەڵام زۆری نەبرد باوکم گوتی دەبێت منداڵەکانی بدەیتەوە، من ئامادەنیم منداڵی خەڵک بەخێوبکەم. تۆش هێشتا منداڵیت و بەیانی خوازبێنیت دێ و بۆ خۆت شوو بکەوە. زۆر پاڕامەوە منداڵەکانم لێ جیانەکەنەوە، بەڵام سوودی نەبوو، ئیدی ژیان لەلای من مانایەکی نەما، بۆیە ڕۆژێکیان ئاگرم لە جەستەی خۆم بەردا".

ئەو ژنە ڕێژەی سووتانەکەی زۆر بوو، ئومێدی زیندوومانەوەی زۆر کەم بوو، تاکە داواکاری ئەوە بوو کە منداڵەکانی ببینێ، بەڵام تاوەکوو منداڵەکان ئامادەکران و باوکیان ڕازی بوو، ژنەکە بە ئاواتی بینینی کوڕ و کچەکەی گیانی لەدەست دا.

ئەگەر لە دۆسیەکە وردبینەوە، هۆکاری گەیشتنی ئەو ئافرەتە بەو ڕۆژە ڕەشە، گوێ لێنەگرتنی بووە لەلایەن کەسوکارییەوە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# تاڵانیان دەکەن و خاوەن ماڵەکەش دەکوژن

**ڕووداو – هەولێر**

شەوی 2017/11/9 لە کۆمەڵگەی پیرزینی نزیک شاری هەولێر، دەوروبەری کاژێر 1:30ی شەو، دوو کەس بەنیازی دزی هەڵدەکوتنە سەر ماڵی پێشمەرگەیەکی پارتی بەناوی عەبدوڵڵا سلێمان حەسەن، تەمەن 35 ساڵ، دوای بردنی پارە و زێڕ و چەکەکەی عەبدوڵڵا، تەقە لە خاوەن ماڵەکەش دەکەن و برینداری دەکەن، دواتر لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

ئەرسەلان ڕەسوڵ، خاڵی عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی گوت: باوکی عەبدوڵڵا پێشمەرگە بووە، لە خۆشەویستی هاوڕێیەکی لە شاخ کە ناوی عەبدوڵڵا سوور بووە، کوڕەکەی بە عەبدوڵڵا سوور بانگ دەکرد. ئەوان لە بنەڕەتدا خەڵکی پشدەرن، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆ، لەگەڵ مامێکی ئاوارەی شارۆچکەی سۆران بوو.

عەبدوڵڵا، وەکو هەزاران گەنجی دیکەی کوردستان، خەیاڵی سەفەرکردن لە کەللەی دەدات و بڕیار دەدات بچێتە ئەوروپا، سەرەتا دەچێتە تورکیا و ماوەی مانگێک لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام دواتر پەشیمان دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە ڕانیە. پاشان ماڵەکەی دەگوازرێتەوە کۆمەڵگەی پیرزینی نزیک هەولێر.

عەبدوڵڵا سوور باوکی دوو منداڵ بوو، ئەرسەلان دەڵێت شەوی ڕووداوەکە کەسێک میوانی بووە کە لە تورکیا ناسیویەتی. ئەرسەلان گوتی "خوشکەزاکەم لە تورکیا کۆچبەرێکی کوردی ناسیوە کە خەڵکی پشدەرە، ئەو ڕۆژە میواندارییان کردبوو، دزەکان میوانەکەشیان ئەشکەنجە دابوو، خەریک بوو منداڵەکەی بکوژن".

ئەرسەلان باسی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "بەپێی زانیاریی ئێمە، ئەو کەسانە بۆ دزیکردن چوونەتە سەر ماڵی عەبدوڵڵا، بەڵام ئەوە بەلای ئێمەوە جێی گومانە، دەبێ پۆلیس ئەمە ڕوون بکاتەوە. چونکە ئەوکەسانە هەرئەوشەوە تاوانی دیکەشیان کردووە، لە عەنکاوە هەڵیانکوتاوەتە سەر شوێنێک و دوو پۆلیسیان بریندار کردووە. کەسێکیش لە ڕووبەڕووبوونەوەی پۆلیس لە بەردەم کافترپایەک کوژراوە، بەپێی گێڕانەوەکان ئەوەی کوژراوە یەکێک بووە لەوانەی هاتوونەتە سەر ماڵی خوشکەزاکەم".

بە گوتەی ئەرسەلان، ئەوان ناوی ئەو کەسانە و ژمارە و جۆری ئۆتۆمبێلەکەیان لەلایە کە عەبدوڵڵایان کوشتووە، بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر لێکۆڵینەوەی پۆلیس نەبێ، ئاشکرای ناکەن. ئەرسەلان گوتی "نابێت پەلە بکەین لە دەستکەوتنی زانیاری دروست، بەڵام تەنیا پەلە دەکەین لەپێشخستن و کارکردن لەدۆسیەکەدا، چونکە پێمانوایە دۆسیەکەی بەباشی کاری لەسەر ناکرێ، یەکێک لە تۆمەتبارەکان کوڕی بەرپرسێکی سەربازیی خانەنشینکراوە".

خدر محەممەد خدر، باشترین شایەتحاڵی ڕووداوەکەیە، چونکە ئەو شەوە میوانی عەبدوڵڵا بووە. خدر باسی چۆنیەتی ناسینی عەبدوڵڵای کرد و بە (ڕووداو)ی گوت "نزیکەی چوار مانگ لەمەوبەر لە تورکیا عەبدوڵڵام ناسی، پەیوەندیمان هەر مابوو، بۆیە ئەو ڕۆژە هاوسەرەکانمان میوانداریەکیان لە ماڵی کاک عەبدوڵڵا ڕێکخستبوو، دوای نیوەڕۆ گەیشتینە ماڵی ئەوان لە پیرزین".

وەک خدر باسی کرد، ئەو ئێوارەیە دوای ئەوەی نانیان خواردووە، تا درەنگ یادەوەرییەکانی سەفەرەکەی تورکیایان گێڕاوەتەوە، دواتر خەوتوون، بەڵام لە ناکاو لەگەڵ دەنگی عەبدوڵڵا خەبەریان بووەتەوە.

خدر گوتی "لەگەڵ عەبدوڵڵا لە ژوورێک خەوتبووین کە بە ئاگا هاتمەوە، دوو کەس بە چەقۆ و دەمانچەوە بە ژوور سەرمانەوە وەستابوون، یەکێکیان دەمانچەی خستبووە سەر سەری عەبدوڵڵا و دەیگوت هەرچی پارە و ئاڵتوونتان هەیە هەر ئێستا بیهێنن، هەڕەشەشیان لە ژنەکان و منداڵەکان دەکرد هەر کەسێک قسە بکات دەیکوژن، بۆیە کەس نەیدەوێرا هیچ بکات".

دوو کەسەکە دوای ئەوەی هەرچی پارە و زێڕ و چەکی ماڵی عەبدوڵڵایە دەیبەن، ئینجا نۆرەی خدر دێ. خدر گوتی "یەکێک لە منداڵەکانم لەگەڵ من خەوتبوو، یەکێک لە دزەکان چەقۆیەکی خستە سەر ملی و گوتی هەرچیت هەیە دایبنێ، ئەگینا سەری دەبڕم. منیش هەرچی پێم بوو دامە دەستی".

خدر باسی ساتی کوشتنی عەبدوڵڵا دەکات و دەڵێت "دزەکان دوای ئەوەی هەرچی زێڕ و پارەی من و عەبدوڵڵا هەبوو، بردیان، چاویان بە چەکەکەی عەبدوڵڵا کەوت کە چەکێکی ئەڵمانی بوو، ئەویشیان برد، ویستیان بڕۆن، عەبدوڵڵا پێشی بە یەکێکیان گرت، ئەویش گوللەیەکی لە قۆڵی عەبدوڵڵا دا، عەبدوڵڵا هەر وازی لێ نەهێنا، گوللەیەکی دیکەی لێدا، عەبدوڵڵا هەر بەرگریی کرد کە گوللەی سێیەمی تەقاند عەبدوڵڵا کەوت".

خدر ئەو ئۆتۆمبێلەی بینیوە کە دوو کەسەکە پێی هەڵاتوون و دەڵێت "لەسەری کۆڵانەکە ئۆتۆمبێلێکی جۆری نیسان ئاڵتیمای ڕەنگ مارۆنی وەستابوو، هاتە نێو کۆڵانەکە، هەردوو کەسەکەی هەڵگرت و زۆر بە خێرایی ڕۆیشت".

عەبدوڵڵا بە تاکسییەکی دراوسێیان دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە، خدر کە لەگەڵی چووە بۆ نەخۆشخانە، لە عەبدوڵڵای پرسیوە ئەو کەسانە دەناسێ، ئەویش گوتوویەتی "نەخێر". ئەمە دوا قسەی عەبدوڵڵا بووە، دواتر لە نەخۆشخانە گیانی دەرچووە.

سۆران، برای عەبدوڵڵا داوا دەکات خوێنی براکەی بە فیڕۆ نەڕوات، چونکە براکەی کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە و پێیوایە بە غەدر کوژراوە. سەبارەت بە ناسنامەی تۆمەتبارەکان، سۆران گوتی "چەند سەرەداوێکمان دەستکەوتووە، میوانی براکەم یەکێک لە تۆمەتبارەکانی بینیوە کە لە ڕووداوێکی دیکە هەمان شەو لە عەنکاوە کوژراوە، ئۆتۆمبێلەکەشیان لە کامێرای چاودێری بینراوە".

بە گوتەی سۆران، ئەو کەلوپەلانەی دزەکان لە ماڵی عەبدوڵڵا بردوویانە بایی 12 هەزار دۆلارە، هەروەها کەلوپەلی میوانەکەشی بایی 1000 دۆلار بووە.

فاخیر هەرکی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی هەولێر گوتی "بەپێی پشکنینەکان چوار گوللە بەر قوربانییەکە کەوتووە، گوللەکان بەر قۆڵ و قاچ و سینگی کەوتبوون، نەتوانرا نەشتەرگەری بۆ بکرێ و لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".



عەبدوڵڵا سلێمان حەسەن

# کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی تینوو؟

> بەنداوەکانی کوردستان ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا زیاتر دەکەن

ستراتفۆر


لە هەندێک ناوچەی کوردستان ئاوی ژێر زەوی چل ملیمەتر کەمی کردووە

**رووداو– هەولێر**

کورد دەنگی خۆی دا، لە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی ئەمساڵدا زیاتر لە 90%ی بەشداربووانی گشتپرسییەکە دەنگیان بە جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق دا، بەڵام بەر لە گشتپرسییەکە و پاش گشتپرسییەکەش کۆمەڵێک پرسی کێشەساز لە نێوان بەغدا و هەولێر زەق دەکرانەوە، لەوانەش پرسی سنوور، سەرچاوەکانی نەوت و غاز، ئاوارەکان و ئەو عەرەبانەی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان دەژین. یەکێک لەو پرسانەی ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نەدراوەتەوە، ئاسایشی ئاوە کە ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی لە راپۆرتێکدا تیشکی دەخاتەسەر.

وەک راپۆرتەکەی (ستراتفۆر) دەڵێت، رێژەی بارانبارینی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان لە نێوان 300 بۆ 1000 ملیمەترە، بۆیە بە ناوچە شاخاوییەکانی و دۆڵەکانی، تارادەیەک توانیویەتی خۆی لە فراوانبوونی بیابانەکان بپارێزێت بەپێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە.

> کوردستان دەبێت بڕیار بدات کە ئایا دەیەوێت نەوەی داهاتوو لە کەمئاوی بپارێزێت یان دەبێتە دەوڵەتێکی تینوو

بەپێی داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێش هێرشەکانی 2014ی رێکخراوی داعش 95%ی ناوچە شارییەکان و 62%ی ناوچە گوندییەکانی کوردستان ئاوی پاکیان هەبووە. لە هەمان ماوەدا کەمتر لە 75%ی ناوچە شارییەکانی عێراق دەستیان بە ئاوی پاک راگەیشتووە. بەم حاڵەشەوە ئامبیکا ڤیشواناس، ئامادەکاری راپۆرتەکەی (ستراتفۆر) دەڵێت کێشەی کەمئاوی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و "هەندێک جار هۆکاری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی کەموکورتییەکان زیاتر دەکەن".

لەساڵی 2007ەوە، هەرێمی کوردستان رووبەڕووی کەمیی باران و بارینی بەفر بووەتەوە و لە هەندێک ناوچە "ئاوی ژێرزەویی کوردستان 40 ملیمەتر کەمی کردووە".

بەڵام لە پاڵ ئەم کێشە ژینگەییانەدا کۆمەڵێک کێشەی ژێرخانی، سیاسی و ناوچەیی بوونەتە هۆکاری کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان. بە گوێرەی راپۆرتەکە، لە کوردستان "یاساکانی ژینگە وەکوو پێویست نین، تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاو کۆنن، دابینکردنی ئاوی پاک وەکو پێویست نییە" و جیا لەمانەش ساڵانێک شەڕی نێوخۆ و بەکارهێنانی ئاو لە وڵاتانی سەرچاوەی ئاوەکەوە رەوشەکەیان لە کوردستان قورستر کردووە. جگە لەمەش پێشبینییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە رژانی ئاوی دیجلە و فورات بۆ ناو عێراق لە ساڵی 2050 لە نێوان 50 بۆ 80% کەم دەکات.

ڤیشواناس کە شارەزای ئاو و سەرچاوەکانی وزەیە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق سیستەمێکی حوکمڕانیی بەهێزتر، ژێرخانێکی پێشکەوتووتر و ستانداردێکی بەرزتری ژیانی هەیە، هەموو ئەمانەش کۆمەڵێک خاڵن لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان کە دەکرێت لە حاڵەتی بوونە دەوڵەتی کوردستاندا یارمەتیدەر بن".

راپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری ئاسایشی ئاودا و جەخت لەوە دەکاتەوە کە کوردستان هەموو کات ئاسایشی ئاوی وەکوو ئەولەوییەت سەیر کردووە. بەپێی راپۆرتەکە، لە ساڵی 2012دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) هەڵسەنگاندنێکیان بۆ ئاستی پێویستی کوردستان بۆ ئاو کرد، جیا لەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەک لەسەر سێی کۆی وەبەرهێنانەکانی تاوەکو 2020 بۆ ئاو، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و ژینگە تەرخان کردووە.

سەرەڕای ئەمەش، راپۆرتەکە دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا "هیچ پلانێکی کۆنکرێتی نییە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی ئەو ئاوەی پێ بکات کە لە وڵاتانی دیکەوە دەڕژێنە ناو هەرێمی کوردستان. لە کاتێکدا نزیکەی 60%ی ئاوی پاکی کوردستان لە ئێران و تورکیاوە دێن. زۆربەی رێککەوتنەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدان، بەڵام وەکوو لە راپۆرتەکەی (ستراتفۆر)دا هاتووە "ئەگەر هەرێمی کوردستان بە سەربەخۆیی بگات، دەبێ سەرلەنوێ دانوستاندن بکاتەوە و رێککەوتنی نوێی دابەشکردنی ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی خۆیدا بکات".

بەڵام رێککەوتن لەگەڵ ئەنقەرە و تاران ئاسان نابێت، لە کاتێکدا هەم تورکیا و هەم ئێرانیش دژی بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستانن، بۆیە دەڵێت "پێناچێ لەگەڵ هەولێر مامەڵە بکەن". وەکوو لە راپۆرتەکەشدا تیشکی دەخرێتە سەر "تورکیا پێشتر لەگەڵ عێراقیش پیشانی داوە کە ناخوازێت لەسەر رێژەی بەکارهێنان و گلدانەوەی ئاوی دیجلە لەگەڵ بەغدا دانوستاندن بکات".

ئاو دەتوانێت فاکتەرێکی سەرەکی پەیوەندی و ململانێکانی نێوان هەولێر و بەغدا بێت و تەنانەت دەکرێت ئامرازێکیش بێت بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ئێستای ناوچەکە. کۆمەڵگاکانی پارێزگای کەرکووک کشتوکاڵین و بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاوی زێی بچووک دەبەستن کە لە ئێرانەوە دەڕژێتە نێو کوردستان و پێش تێکەڵبوونەوەی لەگەڵ رووباری دیجلە، یەکەمجار دەڕژێتە نێو بەنداوی دوکان.

بەنداوی دوکان، کە لە 1955دروستکراوە، یەکێک لە سێ بەنداوە گەورەکەی هەرێمی کوردستانە و 3.1 ملیۆن مەتر سێجار ئاو گلدەداتەوە. پێشتریش هەر کاتێک بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکە کەم کرابێتەوە، گرژیی لە ناوچەکەدا دروستکردووە، بۆیەش ئامادەکاری راپۆرتەکە پێیوایە "ئەگەر لە داهاتووشدا بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکە کەم بکرێتەوە، ئەوە هەست بەوە دەکەن کە ئەو هەنگاوە ئامرازێکە بۆ ئەوەی لە ناوچەکە دەریانبکەن".

حاڵی حازر 17 بەنداو لە هەرێمی کوردستاندا هەن و پلانی دروستکردنی 20 بەنداوی دیکەش هەیە. راپۆرتەکەی (ستراتفۆر) هۆشداری دەدات کە "هەرچەندە ئەو پلانە دەکرێت کۆمەڵێک قازانجی درێژخایەنی بۆ هەرێمی کوردستان هەبێت"، بەڵام ئەگەر بەو هۆیەوە ئاوی بەشەکانی دیکەی عێراق کەم بکات، ئەوە "مەترسی ئەوە هەیە ململانێ و ناکۆکییەکان لەگەڵ بەغدا زۆرتر ببن". ئامادەکاری راپۆرتەکە پێشنیاز دەکات "حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاو وەکوو ئامرازێک بۆ ئاشتی بەکاربهێنێ و لەگەڵ حکومەتی ناوەندی کار بکات بۆ ئەوەی ناکۆکییەکان بڕەوێننەوە و لەسەر پشکێکی دادپەروەرانە رێکبکەون".

وەکوو لە راپۆرتەکەشدا هاتووە، ئیدارەدانی ئاو کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی فاکتەری جیاوازی ئایینی، ئەتنیکی و نیشتمانپەروەرانە کاریگەری لەسەر دادەنێت، بەڵام ئامبیکا ڤیشواناس پێیوایە کوردستان گەیشتووەتە دووڕیانێک کە دەبێت تێیدا بڕیار بدات ئاخۆ دەیەوێت نەوەی داهاتوو لە کەمئاوی بپارێزێت یان دەبێت بە دەوڵەتێکی دیکەی تینوو".

## ساڵێک لەمەوبەر دەرچووە و کاری پێ ناکات

# حکومەتی بەغدا خۆی لە یاسای دەروازە سنوورییەکان دەدزێتەوە

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو — هەولێر**

ساڵێک لەمەوبەر ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق "یاسای دەروازە سنوورییەکان"ی پەسەند کرد، بەڵام حکومەت کار بە یاساکە ناکات و هەڕەشەی ئەوە دەکات کە دەبێ دەروازە سنوورییەکانی تەسلیم بکرێن.

بەپێی ماددەی 110 لە دەستووری عێراق، داڕشتنی سیاسەتی دارایی و دەروازە سنوورییەکان، لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵە، هەر بۆیەش وەک ئەندامێکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: "هەرێمی کوردستان یاسای تایبەت بە گومرگی دەرنەکرد". بە گوتەی دڵشاد شەعبان، پێشتر دەروازە سنوورییەکان بە هەماهەنگی بەڕێوەدەبران، بەڵام لە ساڵی 2013 بەدواوە، حکومەتی عێراق فەرمانبەرەکانی خۆی لە دەروازەکان کشاندەوە.

دڵشاد شەعبان گوتی: "تاوەکو ساڵی 2013ش بەغدا بەردەوام لە رێگای ناردنی شاندی تایبەتەوە خەمڵاندنی بۆ داهاتی گومرگ و خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکرد و لە پشکی 17%ی بودجەی دەگێڕایەوە، ئەمەش بەردەوام بوو هەتا بودجەی کوردستان لە ساڵی 2014 لەلایەن بەغدا بڕدرا".

یاسای ژمارە 30ی ساڵی 2016 ی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند کراوە و رۆژی 2016/10/10 لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی بڵاوکرایەوە، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جێبەجێ نەکراوە کە بەپێی یاساکە، ئەنجوومەنی دەستەی دەروازە سنوورییەکان لە نوێنەری پارێزگا خاوەن دەروازەکان و نوێنەرایەتی 10 وەزارەت و دەزگای پەیوەندیدار پێکدەهێنرێت و دەبەسترێتەوە بە سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە.

زانا رووستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند "تاوەکو ئێستا ئەو یاسایە لەلایەن بەغداوە نەچووەتە بواری جێبەجێکردن کە سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەنگمان بۆ دا. بە گوێرەی یاساکە 50%ی داهاتی هەر دەروازەیەکی سنووری بۆ ئەو پارێزگایە دەگەڕێتەوە کە دەروازەکەی لێیە. 50%ی دیکەش بۆ بودجەی گشتیی عێراق دەگەڕێتەوە. هەر لە یاساکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە فەرمانبەرانی دەروازە سنوورییەکان خەڵکی ناوچەکە دەبن، بەڵام وەکو پاسپۆرت و رەگەزنامە سەر بە بەغدا دەبن".

زانا رووستایی گوتیشی: "بەپێی دەستوور دەبێ خاڵە سنوورییەکان لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی فیدراڵ بن، هەرێمی کوردستانیش دەیەوێ وەکو پێشوو بێت، ئەمەش لەم قۆناغە ناچێتە سەر. بەغدا لە ماوەی رابردوودا دانی بەو ڤیزا و رێگەپێدانەدا نەناوە کە لە هەرێمی کوردستان بە خەڵکی بیانی دراون، بەڵکو هەرێمی کوردستان ڤیزایەکی تایبەت بەخۆی هەبووە کە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق کاری پێنەکراوە".

باشووری کوردستان کۆمەڵێک دەروازەی سنووریی فەرمی و نێودەوڵەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەیە کە خۆی لە 4 مەرزی نێودەوڵەتی دەبینێتەوە. لەگەڵ 4 مەرزی دیکە کە هەموو پێداویستییەکانی مەرزێکی نێودەوڵەتییان تێدایە، بەڵام لەلایەن بەغداوە نەکراون بە نێودەوڵەتی.

هەرێمی کوردستان سێ مەرزی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێران هەیە، ئەوانیش: باشماخ، پەروێزخان و حاجی ئۆمەران. لەگەڵ چەند مەرزێکی دیکە کە تەنیا بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەکاردێن، ئەوانیش مەرزی کێلێ، سەیرانبەن، تەوێڵە و سەرتەکن.

دوای گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول، حکومەتی ئێران لەسەر داوای حکومەتی عێراق مەرزەکانیان بەڕووی هەرێمی کوردستاندا داخست، بەڵام لە دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر کە سوپای پاسدارانی ئێران رۆڵێکی کارای تێدا هەبوو، مەرزی باشماخ کرایەوە.


کردنەوەی مەرزی پەروێزخان و حاجی ئۆمەران بەستراوەتەوە بە رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا

ئەگەرچی بەرپرسانی ئەو وڵاتە بەڵێنی کردنەوەی ئەو دوو دەروازەیەیان داوە، بەپێی قسەی مەحموود واعزی، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆککۆماری ئێران، حکومەتی ئێران بڕیاری کردنەوەی دەروازە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەران و پەروێزخانی پەسەند کردووە: بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراونەتەوە.

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران، سەبارەت بە کردنەوەی ئەو دوو دەروازەیە بە (رووداو)ی گوت: "کردنەوەی ئەو دوو مەرزە بەستراوەتەوە بە رێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغداوە".

سەرەکیترین دەروازەی سنووریی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، دەروازەی ئیبراهیم خەلیلە، ئەگەرچی لەسەروبەندی بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول و دواتریش تورکیا چەند جارێک هەڕەشەی داخستنی ئەو دەروازەیەی کرد، بەڵام نەک دەروازەکەی دانەخست، بەڵکو داواکاری حکومەتی عێراقیشی بۆ داخستنی دەروازەکە تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەکردووە.

ستراتیژیترین دەروازەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوە، دەروازەی پێشخابوورە. دەروازەکە جگە لەوەی باشوور و رۆژئاوای کوردستان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، لە هەمانکاتدا هەردوو بۆریی نەوتی کوردستان و بۆریی نەوتی کەرکووک –جەیهان، لە ئایندەشدا بۆریی گواستنەوەی غازی کوردستان بەو دەروازەیەدا تێدەپەڕن. بۆیە دەروازەکە زۆرترین چاوی حکومەتی عێراقی لەسەرە، چونکە ئەگەر ئەو دەروازەیەی بکەوێتە دەست، دەبێتە هاوسنووری تورکیا و چیدی پێویستی بە هەرێمی کوردستان نامێنێ.

سامال عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "تاوەکو ئێستا بەغدا بە فەرمی و بە نووسراو داوای لە ئێمە نەکردووە چۆن چۆنی دەروازە سنوورییەکان بەڕێوەببەین، بەڵام تاوەکو ئەم چرکەیە کە قسەتان بۆ دەکەم ئێمە بەشێکین لە عێراق و سەر بە بەغداین، هەموو پێداویستییەکی سنووری نێودەوڵەتی کە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق هەیە لە لای ئێمەش هەیە، بەپێی ئەو رێنمایی و یاسایانەش کار دەکەین کە لە بەغداوە دەردەچن".

لەدوای سەرهەڵدانی قەیرانی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان هەولێر و بەغدا، حکومەتی عێراق چەند جارێک رایگەیاندووە کە ستافی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان دەنێرێ. بەڵام سامال عەبدولڕەحمان دەڵێت "ئێمە بە دیاریکراوی نازانین بەغدا چی دەوێت و رەخنەی لە چی هەیە، فەرمانبەر و هەموو بەشەکانی مەرزەکان سەر بەبەغدان، هەتا ئێستا ئەوان هیچ شاندێکیان نەناردووە بۆ چۆنیەتی ئیدارەکردنی مەرزەکان".

رۆژێک دوای بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول، حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، 72 کاژێر مۆڵەتی دایە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کە ئیدارەی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی رادەستی بەغدا بکەن، بەڵام هەولێر نەچووە ژێر باری ئەو داواکارییە، بۆیە دوای 72 کاژێرەکە، ئێوارەی 2017/9/29 گەشتە نێودەوڵەتییەکانی هەردوو فڕۆکەخانەکە بە بڕیاری بەغدا راگیران.

بەپێی ماددەی 28 لە یاسای ژمارە 148ی ساڵی 1974ی فڕۆکەوانی مەدەنی، فڕۆکەخانەکان لە رووی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتییەوە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقی.

مەولود باوەموراد، وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە پابەندین بەو یاسایە، بەڵام بەغدا وەڵاممان ناداتەوە، وەزیری گواستنەوەی عێراق دەڵێت ئەو پرسە پەیوەندی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە".

## بەهۆی زۆر بەکارهێنانی

# کەمبوونەوەی کاریگەریی ئەنتی بایۆتیک هەڕەشە لە مرۆڤ دەکات



**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەگەڵ سەرقاڵیی مرۆڤ بە گرفت و کێشە ئابووری، سیاسییەکان، میکرۆبەکان سەرقاڵی خۆتەیارکردنن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هاوشێوەی پەتا مێژوویەکانی وەک تاعوون، سکچوون، سیل و گولی و چەندین نەخۆشیی دیکە پەلاماری مرۆڤ بدەنەوە. ئەگەر میکرۆبەکان سەرکەوتوو بن لە بەرگری پەیداکردنی یەکجاری لە بەرامبەر دەرمانە دژەزیندەکان، ئەوە کارەساتێکی گەورە دەقەومێ.

### ◄ دژەزیندەکان بۆ هێندە گرنگن؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەت دەستبکەوێ، دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ 70 ساڵ لەمەوبەر، ئەوکاتەی تەنیا رووشانێکی پێست هەندێکجار کوشندە بوو. هەر نەشتەرگەرییەکی سادە و پرۆسەیەکی منداڵبوون، پێشبینی ئەنجامی کارەساتباری لێ دەکرا.

ساڵی 1928 ئەلێکساندەر فلێمینگ بۆ یەکەمجار پەنسلینی دۆزییەوە، بەڵام دوای زیاتر لە دەیەیەک ئینجا لە مرۆڤدا بەکارهێنرا. یەکەمین نەخۆشیش کە وەریگرت پۆلیسێکی ئۆکسفۆرد بوو بەناوی ئەلبێرت ئەلێکساندەر. ئەلبێرت بەهۆی چڵەدارێکەوە دەموچاوی رووشا و دواتر زۆر بە خراپی برینەکەی تووشی هەوکردن بوو. کاتێک وەک تاقیکردنەوە دەرمانی پەنسلینی پێدرا، زۆر بەخێرایی بەرەو باشبوون چوو، بەڵام بڕی پەنسلینی پێویست بەردەست نەبوو، بۆیە مرد.

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێ بەڕێز فلێمینگ بە رێکەوت ئەو دەرمانە ئەفسوناوییەی دۆزییەوە.

د.جەعفەر حەیدەر ساڵح، پزیشکی دەرمانساز و جێگری پێشووی بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی سلیمانی بۆ کاروباری دەرمان، بە (ڕووداو)ی گوت: "فلێمینگ سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوو لە کەڕوویەک، بۆی دەرکەوت بە چواردەوری ئەو کەڕووەدا بەکتریاکان دەمرن و ناژین، دواتر بۆی دەرکەوت ئەو کەڕووە بەهۆی ماددەی پەنسلینەوە بەکتریاکان قەلاچۆ دەکات".

دوای جەنگی دووەمی جیهانی، پەنسلین بەشێوەیەکی بەربڵاو دروستکرا، دواتر ڤێرژنی نوێتریشی بەدواداهات، ئیدی چاخی دەرمانی دژە زیندە (ئەنتی بایۆتیک) دەستیپێکرد.

زۆربەی ئێمە جۆرێک لەم دەرمانە موعجیزەئاسایانەمان وەرگرتووە کە ئێستا بەشێوەیەکی ئێجگار بەربڵاو بەردەستن.

د.زانیاری نووری عوسمان کە بۆردی لە نەخۆشییەکانی هەناودا هەیە، دەڵێت: "بەر لە پەیدابوونی پەنسلین، نیوەی خەڵکی بەهۆی نەخۆشییە میکرۆبییە گوازراوەکانەوە مردوون".

نەخۆشییەکی وەکوو تاعوون لە سەدەی 14 دا 50 ملیۆن کەسی کوشتووە، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی و داهێنانی دەرمانی دژە بەکتریای تاعوون، ئێستا تاعوون بە نەخۆشییەکی دەگمەن دادەنرێ.

دژەزیندە بەجۆرێک بووەتە بەشێک لە ژیانمان، زۆربەی نەخۆشەکان و بەشێک لە پزیشکەکانیش ناتوانن چاخی بەر لە پەیدابوونی ئەم دەرمانانە لە هزریاندا وێنا بکەن، بەڵام وادیارە ناچارن بیری لێ بکەنەوە.

د.زانیار دەڵێ هەر لە هەشتاکانەوە سەرنج درا کە پەنسلین وەکوو جاران کار لە بەکتریاکان ناکات، بۆیە جۆری نوێی دژەزیندە دروستکران کە گرانتر دەکەوتن لەوانەی پێشوو.

بەڵام بەکارهێنانی نازانستییانە و زیاد لە پێویستی، وای کردووە ئێستا زیندەوەری ئەوتۆ پەیداببن کە ناچارمان بکەن پەنا بۆ دژەزیندەی دەگمەن و زۆر گران ببەین، تەنانەت جۆری ئەوتۆ پەیدابوون کە بە هیچ یەک لە دەرمانە ئەنتی بایۆتیکەکان لەنێوناچن.

بەپێی توێژینەوەیەکی هۆڵەندی کە ساڵی 2014 کراوە، هەرێمی کوردستان مەنجەڵی هەڵهێنانی بەکتریایە، بەکتریایەک کە چیدی دەرمانی دژە بەکتریا کاریان تێناکات. لەو ساڵەدا چەند جۆرێک بەکتریا لە 9 نەخۆشخانەی کوردستان تاقیکراونەتەوە و دەرکەوتووە بەرگەی 86 %ی دەرمانەکان دەگرن.

### ◄ لە کوردستان دەرمان دەبەشنەوە

ساڵی پار وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان هۆشداری دا کە هەڵە بەکارهێنانی ئەو دەرمانانە لەلایەن هاووڵاتیان و زۆر نووسینی ئەو دەرمانانە لەلایەن پزیشکان و نازانستییانە مامەڵەکردن لەگەڵ دەرمانەکان لەلایەن نۆرینگەی لاکۆڵانی کارمەندانی تەندروستییەوە هۆکاری کەمبوونەوەی کارایی دەرمانە دژەزیندەکانە.

> "نەمانی کاریگەریی دەرمانە دژەزیندەکان، وادەکات چاندنی ئەندامی جەستە ببێتە بەشێک لە رابردوو"

دکتۆر زانیار دەڵێ لە وڵاتانی پێشکەوتوو چەندین دەرمانگە دەگەڕێی هیچیان ئامادە نین بەبێ راچێتەی پزیشک دەرمانی دژەزیندەت پێ بفرۆشن، بەڵام لە کوردستان لە بەفرگەی زۆربەی ماڵەکاندا چەند پۆلێک دژەزیندە هەیە "لەوێ سیستەم هەیە کە لە دەرمانگەیەکی ئەم شارە پێیان نەفرۆشتی، هەموو دەرمانگەکان بگەڕێی دەستت ناکەوێ، چونکە هەمان رێنماییە، بەڵام لێرە ئەگەر من بۆی نەنووسم، دەچێ لە نۆرینگەی گەڕەکەکەی خۆیان چەندی بوێ دەیکڕێ".

هەرچی دکتۆر جەعفەرە، دەڵێت پزیشک لە کوردستان دەرمانی دژەزیندە زۆر دەنووسن "ئەوکاتەی لە پۆستەکەمدا بووم، بە هاوکاریی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی توێژینەوەیەکمان کرد، بۆمان دەرکەوت سێیەکی ڕەچەتەی هەموو پزیشکان لانیکەم یەکێک لەو چارەسەرانەی بۆ نەخۆشیان نووسیوە دەرمانی دژە زیندەیە کە ئەمە زۆر لە ستانداردی جیهانیی بەرزترە".

وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان لیستێک دەرمانی دیاری کردووە کە کارمەندی تەندروستی بەبێ گەڕانەوە بۆ پزیشک بۆیان هەیە بە نەخۆشی بفرۆشن. لەنێو ئەو دەرمانانە، چەند جۆرێک دژەزیندە هەن!

د.جەعفەر بە سەرسوڕمانەوە لەم هەنگاوەی وەزارەتی تەندروستی دەڕوانێ "لە هیچ شوێنێکی دنیا شتی وا نییە کارمەندی تەندروستی ئەم دەرمانانە بفرۆشێ و بۆ خەڵکیان بنووسێ، هەموو کاتێکیش ناڕەزایی خۆمان بە وەزارەت گوتووە لەسەر ئەو کارە". پزیشکە دەرمانسازەکە دەڵێ ئەوانەی راوێژکاری وەزارەتن بۆ کاروباری دەرمان، دەرمانساز نین، ئەوەش مایەی نیگەرانییە.

بڕیارەکەی وەزارەت، ناڕەزایی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵێن درا پێداچوونەوە بە لیستەکەدا بکرێ، بەڵام گوتەبێژی وەزارەت دەڵێ لیستەکە هەر وەکو خۆیەتی.

د.خالس قادر، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "ئاگادارنیم هیچی نوێ کرابێت و ئێستاش لیستەکە وەک جارانە".

بیانووی وەزارەتی تەندروستی ئەوە بوو لە ناوچە دوورەدەستەکان پزیشک نییە و تەنیا کارمەند هەن، بۆیە ناچارن دەسەڵاتیان پێ بدەن مامەڵە بەو دەرمانانە بکەن.

بەڵام دکتۆر زانیار ئەوە بە بیانوویەکی لاواز دەزانێ و دەڵێت: "ئێستا ئامرازەکانی پەیوەندی بەهێزن، ئەگەر راستەوخۆ پزیشکیش لەو ناوچانە نەبێ، دەتوانێ لە رێگەی تەلەفۆن یان ئیمەیل و چاتەوە، سەرپەرشتی کارکردنی کارمەندەکان بکات".



> کوردستان مەنجەڵی هەڵهێنانی بەکتریایە
>
> توێژینەوەیەکی هۆڵەندی

### ◄ هەرەسهێنانی پزیشکیی مۆدێرن

مانگی رابردوو دەیم سالی دەیڤس، پرۆفیسۆر و راوێژکاری باڵای تەندروستی لە ئینگلتەرا هۆشداری دا کە بەرگری پەیداکردنی میکرۆبەکان لە بەرامبەر دەرمانە دژە زیندەکان، هەڕەشەیەکی ئێجگار گەورەیە و ئەگەر چارە نەکرێ، لە داهاتوودا دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی زانستی پزیشکیی مۆدێرن.

دەیڤس دەڵێ بەبێ دەرمانە دژە زیندەکان، منداڵبوون بە نەشتەرگەری، گۆڕینی جومگەی حەوز و چارەسەرەکانی شێرپەنجە زۆر مەترسیدار دەبن. دەیڤس هەروەها جەخت دەکاتەوە لەوەی نەمانی کاریگەریی دەرمانە دژەزیندەکان، وادەکات چاندنی ئەندامی جەستە ببێتە بەشێک لە رابردوو!

---



**هونەر ڕێبوار**

## شەوی بوومەلەرزەکە چیم بینی؟

بە برسێتی و شەکەتی لەسەر کورسییەکە دانیشتبووم و سەرم بەرز کردبووەوە، پاڵم بە کورسییەکە دابوو، لە پشتمەوە دیوارێکی پلاستیکی هەبوو، لەناکاو هەستم کرد جوڵەیەکی نائاسایی هەیە! وامزانی زەختم دابەزیوە و تووشی سەرسووڕان بووم، هەر ئەوکاتە بە بیرمدا هات کە ڕەنگە دیوارە پلاستیکەکەی پشتی سەرم بێت بجوڵێت، کە لەرزینەکە زیادبوو، سەیری چواردەوری خۆم کرد، کەس لە دەورم نەمابوو، پزیشک و نەخۆش پێکەوە رایاندەکردە دەرەوە.

ئێوارەی ڕۆژی بوومەلەرزەکە وەکو پزیشک لە ئەرکدا بووم، پێش ڕوودانی بوومەلەرزەکە، ئێوارەیەکی بێدەنگ بوو بۆ نەخۆشخانە، نەخۆشخانەکەمان تاڕادەیەک لە ڕۆژانی دیکە چۆڵتر بوو. خۆشم نە ژەمەنانی بەیانی و نە هی ئێوارەم خواردبوو، هێندەش برسی و ماندوو بووم کە نەخۆشەکانم بەڕێکردن، هەر لە ژووری وەرگرتنی نەخۆش ویستم پشوو بدەم. لەسەر کورسییەکەی خۆم سەرم دانا و ڕووم لە سەقفەکە کرد، لەناکاو هەستم بە جووڵەیەکی نائاسایی کرد، بەڵام چونکە ئەو ماوەیە نانم نەخواردبوو، گومانم کرد شەکری خوێنم یان پەستانی خوێنم دابەزیبێت، بیرم دەکردەوە کە هۆکارەکەی ئەوەیە لە برسا تووشی سەرسووڕان بووم، یان هی جووڵەی دیوارە پلاستیکەکەیە، کەچی کە سەرم بەرز کردەوە، بینیم هەموو شتێک دەجووڵێت و خەڵک هەموو ڕادەکەن.

کە زانیم شتەکە ئاسایی نییە و بومەلەرزەیە و ژوورەوە چۆڵ بووە، خێرا منیش هاتمە دەرەوە، ئەوەی بینیم ئاسایی نەبوو، هەمووان پێکەوە بەرەو دەرگای نەخۆشخانە ڕادەکەن. هەندێکیش زووتر گەیشتبوونە دەرەوە. خانمە پزیشکەکەی هاوڕێم لەسەر زەوییەکەی گەراجی نەخۆشخانە دانیشتبوو، نەخۆشەکەش کە لە دەستێکی کانیولا و لە دەستەکەی دیکەی عامموودی کانیولاکە بوو، بە دیار پزیشکەکەوە ڕاوەستابوو.

لەولاوە یەکێکی دیکە کە پێشتر هاتبوو ئەشیعەی بۆ بنووسم، دەیگوت: ناتوانم پێم لەسەر زەوی دابنێم، کەچی لە هەمووان خێراتر رایدەکرد! یەکێکی دیکە بانگی کارمەندە تەندروستییەکەی دەکرد، نایەی خوێن لە دایکم وەربگری بۆ پشکنین؟ یەکێک لە هاوەڵی نەخۆشەکان سەیری پزیشکەکەی هاوڕێمی دەکرد و دەیگوت: ئەوە خۆ پزیشکەکەش هاتووەتە دەرەوە! ئاخر خۆ ئەگەر دووربێت باڵەخانەی نەخۆشخانە بڕووخێ، جیاوازی لەنێوان پزیشک و کارمەندی تەندروستی و نەخۆش و هاوەڵەکەیدا ناکات.

ڕێک ئەو ڕۆژە بوو کە دەڵێن کەس ئاگای لە کەس نەبوو! نەخۆشەکان لە ترسی ڕۆحی خۆیان کەوتبوونەوە ڕۆیشتن و پزیشکەکان لە نەخۆشەکان زیاتر لە ترس و دڵەڕاوکێی دەروونیدا بوون.

هەمووان لە دەرەوە وەستابوون و بە شڵەژاوی باسی ڕووداوەکەیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە، ئەو کاتە لەڕێگەی مۆبایلەکەمەوە، لە ئەپلیکەیشنەکەوە نۆتیفیکەیشنی ڕووداوم بۆ هات کە نووسرابوو: "بومەلەرزەیەک زۆربەی شارەکانی کوردستان و چەند وڵاتێکی دەوروبەری گرتەوە".

---

# وەرزش دەکەیت و کێشت دانابەزێ



**ڕووداو- هێلسکلام**

دابەزاندنی کێش پێویستی بە باشکردنی شێوازی ژیانە، دەبێ جەستەیەکی چالاکت هەبێ و خواردن وەک سەرچاوەیەکی وزە بۆ چالاکییە ڕۆژانەکانت بەکاربهێنی نەک بۆ کوشتنی کات و بەڕێکردنی ساتە تایبەتەکانت. هەندێک کەس وەرزش و چالاکیی جەستەیی دەکەن، کەچی کێشیان وەک پێویست دانابەزێ. ئەمانە شەش هۆکاری ئەو حاڵەتەن:

### 1 شێوازی خواردنت هەڵەیە:

خواردن 80 %ی شەڕی دژە قەڵەوی پێکدەهێنێ. بۆیە دەبێ ڕۆشنبیرییەکی باشی خۆراکیت هەبێ، بەگشتی خواردنە سروشتییەکان بخۆ و دوور بە لە زۆر خواردنی شەکری دەستکرد، ڕۆن و فاستفوود. ئەو ڕۆژانەی وەرزش دەکەی، کاربۆهێدرات بخۆ (پەتاتە، برنجی بۆر و دانەوێڵە توێکڵدارەکان). ئەو ڕۆژانەش کە پشووی و وەرزش ناکەی سەرنجت لای پرۆتینەکان و سەوزەکان بێ. هەوڵ بدە نان، شەکر و فاستفوود کەم بخۆی.

### 2 زۆر دەخۆی:

هاوکێشەیەکی سادە هەیە "بۆ ئەوەی کێشت دابەزێ، دەبێ ئەو کالۆرییەی بە وەرزشەکە دەیسووتێنی زیاتر بێ لەوەی لە خۆراکەکانتەوە وەریدەگری". بۆیە ئەگەر وەرزشیش بکەی، نابێ زۆرخۆری بکەی. لە نێوان ژەمەکاندا پارچە میوە یان کەمێک چەرەس بخۆ، تاوەکو لە کاتی ژەمەکان ئارەزووی زۆرخۆریت نەبێ.

### 3 لەشجوانیی ناکەی:

پیادەڕەوی و پایسکیلسواری ڕێگەی باشن بۆ سووتاندنی چەوریی زیادەی لەش، بەڵام بونیاتنانی ماسولکەی بەهێزیش گرنگە، چونکە تاوەکو ماسولکەت بەهێز و گەورەتر بن، جەستەت وزەی زیاتر دەسووتێنێ و کەمتر چەوری کۆدەکاتەوە. مەرج نییە لەشجوانیی تەنیا بە یاریی ئاسن بێتەدی، بەڵکو شناو و سکوات و هاوشێوەکانیان وەرزشی زۆر باشی بونیاتنانی ماسولکەن.

### 4. زۆر خۆت ماندوو ناکەی:

پیاسەی ئاسایی بۆ سەرەتای وەرزش باشە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونت دەبێ وەرزشەکانت بەهێزتر بکەی بۆ ئەوەی بەردەوام کالۆری زۆرتر بسووتێنی و لە چەورییە زیادەکانی جەستەت ڕزگارت ببێ.

### 5 وەک پێویست پشوو نادەی:

نابێ هەمیشە لە ماندووبوونێکی زۆردا بی، بەڵکوو دوای ڕۆژێک لە وەرزشی سەخت، دەتوانی ڕۆژی دواتر تەنیا پیادەڕەوییەکی خێرا بکەی یان تەنانەت پشوویەکی تەواو بدەی. پشوو بۆ جەستە هێندەی وەرزش گرنگە. پشوودانی پاش وەرزش کاتێکی باشە بۆ جەستە تاوەکوو چەورییە زیادەکانی بسووتێنێ.

### 6 گوشارێکی زۆرت بۆ خۆت دروستکردووە:

ماندوویی بەردەوام و گوشاری دەروونی بۆ زوو دابەزاندنی کێش، دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ لە جەستەدا کە هۆکارێکی کۆبوونەوەی چەوریی زیادەیە لە جەستەدا. بۆیە وا باشە پرۆگرامی وەرزشەکەت، هاوڕێ بێ لەگەڵ کاتی پڕ ئارامی و پشوو.

---

# چارەسەری سرووشتی بۆ قوڕگئێشە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

قوڕگئێشە یەکێکە لە لێکەوتەکانی پەتا وەرزییەکانی وەک هەڵامەت و ئەنفلۆنزا، هەندێکجاریش هەوکردنێکی بەکترییاییە. زۆربەی حاڵەتەکان دەکرێ هەر لە ماڵەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و پێویست بە سەردانی نەخۆشخانە ناکات و لەماوەی هەفتەیەکدا چاکدەبنەوە.

### ■ ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵی لە ماڵەوە:

1. دەرمانە هێورکەرەوەکانی تا و ئازار: وەک پاراسیتۆڵ و پرۆفین، بەڵام ئەو کەسانەی گرفت لە گەدەیان هەیە باشترە لە پرۆفین دووربن، مەگەر پزیشک بۆیان دیاری بکات. ئەوانەش کە گرفتی جگەریان هەیە پاراسیتۆڵ بەبێ ڕێنمایی پزیشک نەخۆن.
2. زۆر خواردنەوەی شلەمەنی: مەرج نییە گەرم بن، شلەمەنی ساردیش بۆ ئەم حاڵەتە باشە
3. خواردنی نەرم و فێنک لە ژەمەکانت بخۆ
4. وەستاندنی جگەرەکێشان و دووربوون لەو شوێنانەی جگەرەیان تێدا دەکێشرێ.
5. غەرغەرە بە خوێاو: نیو کەوچکە چا خوێ بکە نێو پەرداخێک ئاو و لە دەم و گەرووتدا غەرغەرەی پێ بکە. ئەمەیان بۆ منداڵ گونجاو نییە و تەنیا بۆ گەورەکانە.
6. چای سەوز: بە خواردنەوە بێ یان غەرغەرە
7. سرکە و هەنگوین: هیپۆکراتی باوکی زانستی پزیشکی پیادەی کردووە
8. ئاوی لیمۆ (شلەتێن) و هەنگوین

### ■ لەم بارانەدا سەردانی پزیشک بکە بۆ چارەسەری قوڕگئێشە:

1. ئەگەر هەفتەیەک تێپەڕی و نیشانەکان هەر بەردەوام بوون.
2. نیشانەکان نائاسایی و توندبوون، وەکوو پەتاکانی پێشوو نەبوون
3. زۆر دووبارەبوونەوەی گرفتی قوڕگئێشە
4. ئەگەر لەوانەیت کە بەرگریت لاوازە، وەکوو شەکرەی کۆنترۆڵنەکراو، تەمەنی سەروو 65 ساڵی، ئەوانەی چارەسەری دابەزاندنی بەرگری وەردەگرن وەکوو ڕۆماتیزمەی درێژخایەن و شێرپەنجە.

# گەنجەکان دەسەڵاتی سعودیە دەگرنە دەست



تیمە گەنجەکەی بن سەلمان بۆ ساڵانێکی درێژ ئەزموونی بەتەمەنەکان لە دەسەڵاتی داهاتووی سعودیە بێبەش دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

محەممەد بن سەلمان، وەلیعەهدی سعودیە، ماوەی دوو هەفتەیە دەستی داوەتە هەڵمەتێکی دەستبەسەرکردنی شازادە و بەرپرس و کۆنەبەرپرسانی بەناوبانگی سعودیە. هەڵمەتەکە لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا بەڕێوەدەچێت، ئەمە پێگەی بن سەلمان لەناو ئالی سعوددا بەهێزتر دەکات، بەڵام وەلیعەهد دەزانێت کە بە تەنیا حوکمی پێ ناکرێت، بۆیە بە بێدەنگی دەستی کردووە بە پێگەیاندن و سەرخستنی ژمارەیەک شازادەی گەنجی سعودی.

سیمۆن هێندەرسن، لێکۆڵەر لە پەیمانگای واشنتن، لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت، محەممەد بن سەلمان نەک هەر کەسایەتییەکانی ناو دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و سەربازی دەگۆڕێت "بەڵکو خەریکە تێگەیشتنی ئێمەش بۆ چۆنێتی فەرمانڕەوایی سعودیە دەگۆڕێت". لە ڕابردوودا دەسەڵاتی سعودی لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی نێوخۆیی خێزانەکانی نێو ئالی سعود دابەش دەکرا کە زۆربەی جاران بە وریاییەکی زۆرەوە دەکرا، بەڵام بن سەلمان بە نیازە ئەو یاسا نەنووسراوە هەڵوەشێنێتەوە و گوێ بۆ گلەیی و گازندەی کەسوکاری نەگرێ.

بەڵام لێدوان و هەنگاوەکانی محەممەد بن سەلمان وای دەردەخات کە هەڵمەتەکەی ئەم دوو هەفتەیەی ڕابردووی کارێکی کتوپڕ و بێ بەرنامە نەبووە. لە مانگی ئایاری ڕابردوودا محەممەد بن سەلمان بە ئاژانسی هەواڵی سعودیەی ڕاگەیاند "دڵنیاتان دەکەمەوە هەر کەسێک لە گەندەڵییەوە تێگلابێت لەبەر چاومان ون نابێت، هەموو ئەو کەسانەش کە لە دژیان بەڵگە هەبێت سزا دەدرێن".

بەڵام بن سەلمان کە هەر خۆی سەرۆکی کۆمیسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە، تەنیا بیر لە لادانی شازادە و بەرپرسان ناکاتەوە، بەڵکو دەستی بە هەڵمەتێکیش کردووە بۆ پێگەیاندن و سەرخستنی ژمارەیەک شازادەی گەنجی تەمەن سەروو 20 ساڵ، بۆ ئەوەی هەم لە داهاتوودا شوێنی شازادەکانی ئێستا بگرنەوە و هەمیش هاوسەنگیی دابەشکردنی دەسەڵات لەناو بنەماڵەی شاهانە بێتەوە ئاراوە. ئەو شازادانە دەسەڵاتداری دەیەی داهاتووی سعودیە دەبن.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی هێندەرسن، بەشێک لەو شازادانە نەوەی ئیبن سعودن کە دامەزرێنەری پاشایەتی سعودیە بووە و لەساڵی 1953 کۆچی دوایی کردووە. ئیبن سعود دەیان کوڕ و سەدان نەوەی هەیە کە بن سەلمان دەیەوێت هەڵپە و خولیای ئەو شازادە گەنجانە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی خۆی بەکاربهێنێ.

بن سەلمان پشت بەو تەکتیکە کۆنە دەبەستێت کە لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا زۆر بەکاردەهێنرێت، واتە ناکۆکی دروست بکە و زاڵ بە.

تیمە گەنجەکەی بن سەلمان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی داهاتووی سعودیە بۆ ساڵانێکی درێژ لە ئەزموونی بە تەمەنەکان بێبەش دەبێت، بەڵام وەکوو دیارە وەلیعەهد بەنیازە خۆی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات.

عەبدولعەزیز بن فەهد، نەوەی نەوەی ئیبن سعودە و لە مانگی حوزەیرانی 2017 بۆ پۆستی جێگری پارێزگاری جەوف لەسەر سنووری ئوردن دەستنیشان کراوە. باوکی عەبدولعەزیز لە مانگی نیسانی ئەمساڵ پۆستی فەرماندەیی هێزی پیادەی سعودیەی وەرگرت.

فەیسەڵ بن سەتتام کە ئەندامی ئەنجوومەنی بەیعەتیشە، لە مانگی حوزەیرانی 2017 وەکوو باڵیۆز ڕەوانەی ئیتاڵیا کراوە. فەیسەڵ پێشتر لە 2014 لەدژی بەرزکردنەوەی پلەی شازادە موقرین بۆ وەلی وەلیعەهد دەنگی دابوو، هێندرسن پێیوایە ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی فەیسەڵ لایەنگری لەمێژینەی شاسەلمان و کوڕەکەیەتی.

سێیەم کەس لە بەرەی بن سەلمان گەنجێکی 30 ساڵەیە بە ناوی عەبدولعەزیز بن سعود کە لە مانگی حوزەیرانی 2017 وە وەزیری نێوخۆی سعودیەیە، ئەمەش دوای ئەوەی محەممەد بن نایف، مامی عەبدولعەزیز، لە پۆستی وەلیعەهد و وەزیری نێوخۆی سعودیە لادرا.

لەچوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی شازادەی جێنشیندا دەسەڵاتەکانی وەزیری نێوخۆ کەمکراونەتەوە، بەڵام پێناچێت عەبدولعەزیز گلەیی هەبێ.

جێی سەرنجە کە هیچکام لە کوڕ یان نەوەکانی شاعەبدوڵڵا، پاشای پێشووی سعودیە، لە لیستی ئەوانەدا نین کە جومگە گرنگەکانی دەسەڵاتی سعودیە دەگرنە دەست. تەنیا یەک کوڕی شا فەهد لەناو لیستەکەدا دەبینرێ. هیچکام لە کەسوکارە نزیکەکانی شازادە ئەحمەد بن عەبدولعەزیزیش لەناو لیستەکەدا نین، ئەحمەد یەکێک لەو کەسانە بووە کە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی بەیعەتدا دژی بەرزکردنەوەی پلەی بن سەلمان بۆ وەلیعەهد دەنگی دابوو.

بن سەلمان کە وەزیری بەرگریی سعودیەشە بە "ئیبن سعودی هاوچەرخ" ناوزەد دەکرێت. بەڵام بازنەی نزیک لە شازادەی جێنشین ئەو ڕاستییە دەردەخات کە شازادەی جێنشینیش ناتوانێت پشتگوێی بخات، ئەویش ئەوەیە کە بۆ گۆڕینی سعودیە و مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانە ناوچەییەکان، دەبێت یەکەمجار یەکڕیزی و متمانەی بنەماڵەی شاهانە بپارێزێ.

# نەمانی داعش ئیسرائیل بەرەوڕووی هەڕەشەی ڕاستەقینە دەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

داعشیش هاوشێوەی ئێران و حیزبوڵڵا داوای لەناوبردنی ئیسرائیلی دەکرد، بەڵام بە پێچەوانەی دوو هێزە شیعییەکە، داعش توانای جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیەی نەبوو. بۆیە لەگەڵ نەمانی داعش، ئیسرائیل ترسی ئەوەی لێ نیشتووە دوو دوژمنە کۆنەکەی بە توانایەکی زیاترەوە و لە دەرگایەکی نوێوە هەوڵی جێبەجێکردنی ئامانجە ستراتیژییەکەی خۆیان بدەن. بەرپرسانی ئیسرائیلی بە نیگەرانییەوە بیر لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستی پاش تێکشکانی داعش دەکەنەوە.

سوپای سووریا، بە پاڵپشتیی حیزبوڵڵا و ئێران، خەریکن لە دوایین ناوچەکانی ژێر کۆنتڕۆڵی داعش لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا و بەرزاییەکانی جۆلان نزیک دەبنەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، تەلەڤیف لە چەند مانگی ڕابردوودا هەوڵە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی خۆی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات حیزبوڵڵا بنکەی سەربازیی لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا دابنێت، چونکە ئەگەر ئەمە سەر بگرێت، کێشەی گەورە بۆ سیستەمی دژەمووشەکی ئیسرائیل دروست دەبێت و بەمەش دەستی ئێران و حیزبوڵڵا لە بەرامبەر ئیسرائیلدا بەهێزتر دەبێت.

شارن هاسکڵ، پەرلەمانتار لەسەر لیستی پارتی دەسەڵاتداری لیکود، بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "لە هەر شوێنێک داعش پاشەکشێی کردبێت، ئێران دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتووە، ئێمە پێشتر لە ڕێگەی وجودی حیزبوڵڵا لە سنوورەکانی باکوور مامەڵەمان لەگەڵ هەڕەشەکانی ئێراندا کردووە، ئێستاش نامانەوێت هەمان کێشە لە سنوورەکانی سووریا (لە باکووری ڕۆژهەڵات) بەرۆکمان بگرێ".

سنوورەکانی نێوان باشووری لوبنان و باکووری ئیسرائیل لە کاتی شەڕی یەک مانگەوە ئارام بووە. شەڕی یەک مانگە لە تەمووزی 2006 دەستی پێکرد و تێیدا نزیک 7000 قوربانی لە هەردوولا لێکەوتەوە و زیانێکی گەورەی بە ژێرخانی ئابووریی لوبنان گەیاند. کاربەدەستانی ئیسرائیل جەخت دەکەنەوە لەوەی ئێران دەیەوێ بەرەیەکی نوێی جەنگ لەدژی ئیسرائیل بکاتەوە کە دەرگا سەرەکییەکەی سنووری هاوبەشی ئیسرائیل و سووریایە.

لە ساڵی 2006، حیزبوڵڵا تەنیا 15 هەزار مووشەکی هەبوو، بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی گروپی قەیران ئێستا ئەو ژمارەیە بۆ 130 هەزار مووشەکی دووربڕ و نزیکبڕ بەرزبووەتەوە.

نەفتەلی بێنێت، وەزیری پەروەردە و سەرۆکی پارتی ئایینی ڕاستڕەوی ئیسرائیل، لەمبارەیەوە بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێت "ئامانجی ئێران ڕوون و ئاشکرایە، ئەوان بەدوای هەژموونێکی ناوچەییدا دەگەڕێن و دەیانەوێت لە هەموو لایەکانەوە ئیسرائیل گەمارۆ بدەن". سەبارەت بە هەنگاوەکانی حکومەتی ئیسرائیلیش بێنێت دەڵێت "بەڕوونی باسی ئەوەمان (بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی) کردووە کە ئیسرائیل ئەمە قەبووڵ ناکات و ڕاستییەکەیت دەوێت هەوڵی ڕێگری کردن لەو پلانەشمان داوە".

هەموو ڕێکخراوە توندئاژۆ سوننەکانی جیهان دژی مانەوەی دەوڵەتی ئیسرائیلن و لەناوبردنی ئەو وڵاتە بە بەشێکی سەرەکی لە ستراتیژی خۆیان دەزانن، ئەمەش خاڵی هاوبەشی ئێران و ئەو گروپانە بووە. بەڵام ئیسرائیلییەکان دەزانن ئەوەی گروپە توندئاژۆ سوننەکانی وەکوو قاعیدە و داعش پێیان نەدەکرا، ئێران و حیزبوڵڵا دەتوانن هەوڵی بۆ بدەن، ئەگەر هەوڵەکان هەر لە ئاستی دروستکردنی هەڕەشەی جیدیشدا بمێننەوە.

ژەنەراڵ ئامۆس گیلید، سەرۆکی پەیمانگای سیاسەت و ستراتیژی ئیسرائیل، لەمبارەیەوە دەڵێت "بە پێچەوانەی ئێران، داعش هێزی ئاسمانی و سیستەمی موشەکی نییە و هیچ زلهێزێکیش پشتیوانی لێناکات، بۆ نموونە داعش زلهێزێکی وەکوو ڕووسیای لە پشت نییە". داعش ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە ناوچەکانی نزیک لە بەرزاییەکانی جۆلانی لە ژێر کۆنتڕۆڵ دایە، بەڵام بە درێژایی ئەو چەند ساڵە هیچکات کێشەی ئەمنی و سەبازیی بۆ ئیسرائیل دروست نەکردووە.

لە چەند مانگی ڕابردوودا هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ئیسرائیل لە ئەمریکا بەردەوام بوون، بەڵام لە هەمانکاتدا داوا لە ڕووسەکانیش کراوە سنوورێک بۆ تموحەکانی حیزبوڵڵا دابنێ. ئیسرائیل داوای لە ڕووسیاش کردووە ڕێگە نەدات بنکەی سەربازیی هەمیشەیی ئێران و حیزبوڵڵا لە سووریا دابنرێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (جورناڵ)، بەشێک لە هەوڵەکانی ئەمریکا، ڕووسیا و ئوردن بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا هەر بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی ئیسرائیل بووە. مۆسکۆ و واشنتن ڕێککەوتنێکی سەرەتاییان لەسەر ئەو ناوچەی ئارامە کردووە و دەیانەوێت بە دروستکردنی ئەو ناوچەیە شەرعیەتی هێرشکردن لە هێزەکانی ئێران و حیزبوڵڵا بۆ سەر ئەو ناوچەیە بستێننەوە. لەو هەوڵانەدا ڕووسیا دەبێت ئێران و میلیشیاکانی نزیک لە تاران ڕازی بکات لە سنوورە هاوبەشەکەی نێوان سووریا و ئیسرائیل نزیک نەکەونەوە. هێشتا دیار نییە مۆسکۆ هەتا چ ڕادەیەک دەتوانێت ئێران و حیزبوڵڵا ڕازی بکات.

شەڕی دژی داعش دەرفەتی ئەوەی بە ئێران، حیزبوڵڵا و میلیشیا شیعەکانی سەر بە تاران داوە پانتایی وجوودی چەکداریی خۆیان لە ناوچەکەدا فراوانتر بکەنەوە، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ بەربەستێکی نێودەوڵەتی ببێتەوە. یەکێک لەو ڕەخنانەی لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی هەردوو ئیدارەی پێشوو و ئێستای ئەمریکا کراوەتەوە ئەوەیە لە ستراتیژی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش هیچ پلانێک بۆ جڵەوکردنی تموحەکانی ئێران لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا نەبووە، لە کاتێکدا ئێران پلانێکی تۆکمەی بۆ ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستی پاش داعش هەبووە. میشێل ئۆرین، کاربەدەستی باڵای حکومەتی ئیسرائیل و باڵیۆزی پێشووی ئیسرائیل لە ئەمریکا، پێیوایە "یەکێک لە گەورەترین تراژیدییەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش ئەوە بووە کە ئێران، ڕووسیا، سووریا و ئەمریکای وەکوو هاوپەیمانێک لێکرد، دواجاریش ئێران و بەشار ئەسەد قازانجیان لەم هاوپەیمانێتییە کرد". سەبارەت بە لێکەوتەکانی ئەو هاوپەیمانێتییە سەیر و سەمەرەیەش میشێل بە (بە جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "بمانەوێ و نەماوێت ئەمە ئاکامی دەبێت و پێویستە لەگەڵیاندا هەڵبکەین".

لای ئیسرائیلییەکان کۆتایی هاتنی داعش کۆتایی سەردەمێکی زێڕینی مێژووی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی سەرهەڵدانەکانی بەهار عەرەبی توانای سەربازیی و سیاسی و ئەمنی وڵاتانی عەرەبی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکردەوە. شەڕی نێوخۆی سووریا زۆرینەی دامەزراوە سەربازی و کیمیاییەکانی دیمەشقی تێکشکاند، بەمەش مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل لاچوو. جیا لەمەش فراوانخوازییەکانی ئێران وایکرد وڵاتانی عەرەبی بۆ یەکەمجار هەوڵی نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل بدەن.

ئۆرین جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئێستا پێگەی ئیسرائیل لە هەموو کات باشترە، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە حیزبوڵڵا 130 هەزار مووشەک و ڕۆکێتی هەیە و دەتوانێت هەموو شارەکانی ئیسرائیل بکاتە ئامانج. ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت حیزبوڵڵا ئەو هەموو چەکەی تەنیا بۆ کۆکردنەوە وەرنەگرتووە، بەڵکو دەیەوێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بەکاریان بهێنێ".



حیزبوڵڵای دراوسێی ئیسرائیل خاوەنی 130 هەزار ڕۆکێتی دوورمەودا و کورتمەودایە

# قەیرانی دوای گشتپرسی و ئاراستەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا



**ڕووداو– هەولێر**

سەرەتا: شکستی داعش لە مووسڵ و شوێنەکانی دیکەی عێراق لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بە دوو سەرکەوتنی گەورەی سیاسی و سەربازی بۆ بەغدا هەژمار دەکرێن کە بوونە هۆی ئەوەی حەیدەر عەبادی لە ئاستی ناوخۆیی و بە دیاریکراوی لەبەرامبەر هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی سەرمەستانە بجوڵێتەوە.

ئەوەی ئێستا لە عێراق و ناوچەکە دەگوزەرێت، دۆخێکی ناهاوسەنگیی سیاسی- سەربازی دروستکردووە کە زەحمەتە بەم حاڵەی ئێستاوە بەردەوام بێت. بەرەبەرە ئاستەنگە ناوخۆییەکانی بەردەم هەژموونی ئێرانی یان لەنێودەچن یان لاواز دەبن. سوننەی عێراق پەراوێزخران و بە پاساوی شەڕی قاعیدە و داعش باڵادەستیی شیعە زۆربەی ناوچە سوننەنشینەکانی گرتەوە. لە لوبنان سەعد حەریری ناچاری دەستلەکارکێشانەوە بوو. پلانی لاوازکردن و تەنانەت تەفروتوناکردنی دەسەڵاتی کوردیش هێشتا لەکاردایە. دۆخی هەرێمی کوردستان مەعلومی حاڵە و دەنگی ئەمەدیش بۆ شەڕی دژی هێزەکانی سووریای دیموکرات دڵێرتر بووە. ئێران وەک سەرقافڵەی هەژموونگەرایی شیعی لە ناوچەکەدا، دەیەوێ بەهەر نرخێک بێت، تورکیا لەلای خۆی بهێڵێتەوە، بۆیە ئێران تەنانەت ئیشارەتی ئامادەیی بۆ جەنگی دژی پارتی کرێکارانی کوردستانیش دەدات. کاتێک سەیری ئەم تابلۆیە دەکەین، لەجیاتی یەک ئێران، خەریکە سێ ئێرانی دیکە لە عێراق و سووریا و لوبنان پەیدادەبن.

ئەمە دۆخێکی ناهاوسەنگی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا دروستکردووە. بۆیە ڕەنگە زەحمەت نەبێ پێشبینی ئەوە بکەین کە نەیارانی ئێران هەوڵی تێکدانی ئەو دۆخە ناهاوسەنگە بدەن.

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق درک بەمە دەکات، بۆیە هەڵپەیەتی تاوەکو بە زووترین کات گەورەترین تەگەرەی بەردەم بنیاتنانی دەوڵەتی بە ناوەڕۆک شیعەی عێراق، بێ کاریگەر بکات کە ئەویش هەرێمی کوردستانێکی بەهێزە. لەبەرامبەردا کوردیش بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و خۆی بپارێزێت، پێویستی بە کاتە. تێپەڕبوونی زیاتری کات و تەقینەوەی گرفتە ناوچەییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا دادەنێن.

**پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە پێویستە ستراتیژ و ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن بن؟**

### 1 کاریگەری هاوسەنگییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر قەیرانی دوای گشتپرسی:

### دۆخی گڵۆباڵ: هاوکێشەکانی هەرێمی کوردستان

لەڕووی نێودەوڵەتییەوە تەنگژەی هەرێمی کوردستان خەریکە ڕەهەندی نوێ وەردەگرێت. ئەمەش بەشێکی بۆ ئەو دۆخە دەگەڕێتەوە کەوا ئێران لەنێو عێراق دەستیداوەتێ. بەشداریکردنی فراوانی سوپای قودس و حەشدی شەعبی لە ئۆپەراسیۆنی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان، نیگەرانی ئەمریکاییەکانی لێکەوتەوە. بۆیە لە سەردانی کتوپڕی تیلەرسن بۆ بەغدا، هەم هۆشداری و هەم نیگەرانییەکانی ئەمریکاش بە عەبادی گەیێندران.

عەبادی دەیەوێ بە جاڕدانی ڕەوتی شیعەی میانڕەوی مەیلەو عەرەب، سەرنجی ئەمریکا بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. تاوەکو ئەم ساتەش ئەم سیاسەتەی عەبادی سەرکەوتوو بووە، چونکە واشنتن بەچاوی ئومێدەوە لە عەبادی دەنواڕێت. ئەم ئاراستە ئەمریکاییە تاوەکو ئەم ساتە بووەتە هۆی پشتگوێخستنی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەک لە ئۆپەراسیۆنی کەرکووکدا ئەمریکا ڕۆڵی بێلایەنی گێڕا. لەبەرئەوە تاوەکو باڵۆنی میانڕەویی عەبادی لای ئەمریکییەکان نەتەقێ، ئەستەمە هەرێمی کوردستان لەم گەمارۆ سەختە بێتە دەرەوە.

پاشان پێشڕەویی حەشدی شەعبی بۆ تەواوکردنی پرۆژەی تورکی — ئێرانی و دەستبەسەرداگرتنی دەروازەکانی ئیبراهیم خەلیل و پێشخابوور، ئەم پرسەی بەیەکجاری ئاڵۆسکاندووە. بۆیە لەگەڵ بەرگریی هێزی پێشمەرگە تای تەرازووە خواربووەکە، تۆزێک بەرەو سەرەوە هەڵکشاوە. ئێستا ئەمریکا چەند مەرجێکی بۆ عێراقییەکان داناوە: دەبێ لەگەڵ هەرێمی کوردستان تەنیا گفتوگۆ بکەن، دەبێ میلیشیا ئێرانییەکان لە عێراق بچنەدەرەوە، دەبێ هەندێک لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی کە ناویان لە لیستی تیرۆردایە، لە پرۆسەی سیاسی و سەربازی بەشداری نەکەن و تاد. ئەمە هەمووی سەرەتای وەرزی گوشارە ئەمریکاییەکانە بۆ سەر عێراق.

لەلایەکیشەوە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ کێشەکانی بەغدا، یارمەتییەکانیان بۆ کوردستان ڕانەگرتووە و داوای دیالۆگی جیددی دەکەن، بەڵام تاوەکو ئەم ساتەش ئەورووپا ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی نییە کە گوشار بخاتە سەر بەغدا. ڕووسیا بەپێچەوانەی پێشبینییەکان هەڵوێستی ئیجابی هەبووە. لەوەتی ئەم تەنگژەیە هەیە، هەم تورکیا و هەم عێراق هەوڵیانداوە هەڵوێستێکی جددی لەدژی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، بەڵام ئەمەی نەکردووە و تەنەنات لەکاتی سەردانی جەعفەریشدا بۆ ڕووسیا، حکومەتی ڕووسیا شتێکی ئەوتۆی نەدرکاند.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵوێستی ئەمدواییەی ڕووسیا سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان کە پشتگیری چارەسەری سەربازی لە دژی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکات، مایەی نیگەرانییە کە ئایا هەمان سیاسەتی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستانیش دەبێ یان نا؟ ئایا ڕووسیا بە جڵەوکردنی زیاتری هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێران و عێراقەوە ڕازی دەبێت؟

> کۆدەکان پێماندەڵێن لەم ماوەیەدا گۆڕانکارییەک لە عێراق ڕوودەدات

### دۆخی لوبنان: ئاماژەکانی جەنگی سعودیە و ئێران

ڕێک 24 کاژێر دوای دیداری عەلی ئەکبەر ویلایەتی سکرتێری مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام لە ئێران، سەعد حەریری بەبیانووی دیدار لەگەڵ سعودییەکان سەردانی ڕیازی کرد و هەر لەوێ ڕایگەیاند کەوا پلانی کوشتنی لەئارادابووە و چیتر ناگەڕێتەوە لوبنان. لێرەدا پرسیار ئەمەیە: ویلایەتی چ پەیامێکی گەیاندە حەریری؟ سعودییەکان چییان پێگوت؟

پێدەچێ ویلایەتی هەڵگری پەیامێکی گرنگ بووبێت، چونکە وازهێنانی حەریری پەیوەندی قووڵی بەم پەیامەوە هەیە. باس لەوە دەکرێت عەلی ئەکبەر ویلایەتی پەیامی خامنەیی گەیاندووەتە حەریری کە هۆشداری داوە لەوەی لوبنان لە بازنەی نفوزی ئێراندا دەمێنێتەوە و کەس بیر لە جیاکردنەوەی ناکاتەوە. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکرێ کە لە فڕۆکەخانەی بەیروت، بورجی ڕێنمایی ئاسمانی لەکارخراوە، وەک نیشانەیەک بۆ پیلانی کوشتنی حەریری. پێدەچێ سعودییەکان بەڕاشکاوی باسی پلان و پرۆژەیەکی نوێیان بۆ حەریری کردبێت، چونکە ناوبراو ڕایگەیاند "بەمنزیکانە دەستەکانی ئێران لە لوبنان دەبڕینەوە".

### ئەم جفرەیە چۆن دەخوێنرێتەوە؟

کاتێک کۆدەکانی ئەم گوتارانە شیدەکەینەوە: تێدەگەین کە پرۆژەیەکی ئیسرائیلی — سعودی — ئەمریکایی بەڕێوەیە! ئەم سێ وڵاتە چیدی تەشەنەکردنی ئێرانی قبوڵناکەن. واتە دەستەکانی ئێران ئەمانەن: عێراق، سووریا، یەمەن، لوبنان. بۆیە سعودیە دەیەوێ لەم ناوچانە ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە. سعودیە بە دوو تاکتیک ئەمە دەکات: **یەکەم** — دابڕینی هەندێک لە هێزە شیعەکان لە ئێران (سەرمایەگوزاریکردن لەسەر عەبادی و سەدر)

> تەرازووی هێز بەسوودی کوردستان گۆڕانی بەسەرداد‌ێت و خەونی گرمۆڵەکردنی کۆتایی دێت

**دووەم** — ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی.

ئەمەش کاریگەری لەسەر سیاسەتی جڵەوکردنی هەرێمی کوردستان هەیە. واتە: تێسرەواندنی نفووزی ئێران، بەشێک لە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە.

### سعودیە: لەناوەوە چی ڕوودەدات؟

هێشتا مەرەکەبی ڕیفۆرمەکانی شازادە محەممەد وشک نەبووەتەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی 11 شازادە و چوار وەزیر بە تۆمەتی گەندەڵی دەرکرا و جێبەجێ کرا. هەروەها هێرشی مووشەکی بالیستی هەڕەشەیەکی زەقی لەبەردەم سعودییەکان قوتکردووەتەوە. ڕێک لەم سەروبەندەدا هەلیکۆپتەرێک دەکەوێتە خوارەوە کە شازادە مەنسوور بن موقرن شازادەی جێنشینی پێشووی تێدا دەکوژرێت! باوکی ئەم شازادەیە لە بەرژەوەندیی شازادە محەممەد بن سەلمان لە جێنشینی لاچوو، یان ناچارکرا لابچێت.

ئایا لەناوەوەی سعودیە چی ڕوودەدات؟ زانیاری و شیکارییەکان چەند ئەنجامێک بەدەستەوە دەدەن: سعودیە خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەتری ئێران ئامادە دەکات. پێشتر گوتبوومان دۆخی لوبنان دەتەقێتەوە و دەبێتە گۆڕەپانی جەنگێکی دیکەی بە وەکالەت. داتاکان پێماندەڵێن بۆنی جەنگێکی گەورە لە ناوچەکە دێت. ئێستا ئەم جەنگە لەکوێ و کەی دەسپێدەکات، ئەوە تەنیا مەسەلەی کاتە و ناوچەکە لەسەر مەنجەڵێکە کە بەردەوام دەکوڵێت.

سعودیە هەرێمی کوردستان بە تای تەرازووی سیاسەتی سوننەی عێراقی خۆی دەزانێت. بەڵام سعودیەش هاوشێوەی ئەمریکا دەیەوێ لەسەر سیاسەتی شیعەی میانڕەوی عەبادی وەبەرهێنان بکات. لەگەڵ ئەمەدا زۆر ناخایێنێ کە باڵۆنی میانڕەوی عەبادی دەتەقێتەوە و سعودیە پێویستی زیاتری بە هەرێمی کوردستان دەبێت.

### تورکیا چی لە عەبادی خواستووە؟

ئەمە چەند ڕۆژێکە گوتاری تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان و عێراق گۆڕاوە. پێدەچێ عەبادی نەیتوانیبێ خواستەکانی ئەنقەرە جێبەجێبکات.

تورکیا چەند خواستێکی هەیە: پرسی تورکمانەکان لە کەرکووک، پرسی نەوت، پرسی دەروازی پێشخابوور، پرسی PKK لە قەندیل و شنگال. پێدەچێ تورکیا متمانەی تەواوی بە عەبادی و شیعەکانی عێراق نەبێت! بۆیە داوایکرد پشکی هەرێمی کوردستان دەبێ 17% بێت.

هەروەها بەرە بەرە پەردە لەسەر پلانێک هەڵدەدرێتەوە: مەسەلەی پێشخابوور و ئیبراهیم خەلیل. عێراق داوا دەکات ئەنقەرە لە مەسەلەی ئیبراهیم خەلیل دا تەنیا موخاتەبەی بەغدا بکات. لەبەرامبەریشدا تورکیا ئەمەی قبوڵکردووە، بەڵام ئەمەی بە مەرجی کۆنترۆڵکردنی دەروازەی پێشخابوورەوە بەستووەتەوە. بۆچی؟ بۆ دەستخستنە بینەقاقای ڕۆژئاوای کوردستان. ئێستا هاوسەنگییەکە گۆڕاوە. ئەمریکا هۆشداریداوە، عەبادی دەڵێ سەرم لە ئەمریکا سووڕدەمێنێت! جەنگی مەحموودییە و سحێلا تەرازووی هێزی سەربازی گۆڕی. عێراق بێدەنگە و تورکیاش نایەوێ هەرێمی کوردستان لەدەستبدات. خاڵێکی دیکە کە ڕەنگە لە داهاتوودا وەک ناکۆکی لەنێوان تورکیا و عێراقدا دەرکەوێتەوە، مەسەلەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکە کە پێشتر عێراق ڕێککەوتنێکی بۆ هەناردەکردنی ئەو نەوتە لە ڕێگەی ئێرانەوە مۆرکردووە. ئەمەش لە حیسابی ئەنقەرە نایەت. لەگەڵ ئەمەشدا پلانی دەستەمۆکردن و پەڕپووکردنی هەرێمی کوردستان، پلانێکی ئێرانی — تورکی — عێراقییە کە دوای گشتپرسی و تاوەکو ئەم ساتەش بە سەرچاوەی هەڕەشەی دەزانن و کاری لەسەر دەکرێت.

### کوردستان لەم هاوکێشە ناوچەییە چی بەردەکەوێت؟

کوردستان لەنێو جەرگەی ئەم کێشمەکێشە جیۆسیاسییە ناوچەییەدا هەڵکەوتووە. ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا پرۆژەیەکیان بەدەستەوەیە بۆ جڵەوکردنی هەڵکشانی کوردی ناوچەکە. سوپاسالاری ئێران دوای سەردانی تورکیا گۆبەندی کەرکووکی نایەوە. ماوەیەکیشە سەردانی سووریای کردووە و لەو ڕۆژەوە بەردەوام ئێران، حیزبوڵڵا و ڕژێمی ئەسەد هەڕەشە لە هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکەن.

هەروەها عێراق دەیەوێ بەری دۆمینێۆی کەوتنی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان بچنێتەوە و تاوەکو پێیدەکرێ هەرێمی کوردستان گرمۆڵەبکات و ئەگەر بۆی کرا (پێش ئەوەی ئەم هاوکێشەیە بگۆڕدرێت) بیسڕێتەوە و ئەگەریش بۆی نەکرا ئەوا گرمۆڵەی بکات و، بچووکی بکاتەوە و بەتەواوەتی دەستەمۆی بکات. گوشارەکانی بەغدا بە پشتیوانی ناوچەیی گەرمە، بەڵام:

لەمە بەدواوە کاتێک هاوکێشەی ناوچەیی ئاوا شپرزەدەبێ، عێراق توانای گوشارکردنی زیاتری نابێت، چونکە دۆخەکە هەڵیناگرێ و کۆدەکان پێماندەڵێن: لەم ماوەیەدا گۆڕانکارییەک لە عێراق ڕوودەدات.

بۆیە سەبر و دانبەخۆداگرتنی کوردستانیان بەرهەمی دەبێت. زۆر ناخایێنێ تەرازووی هێزەکان بەسوودی کوردستان گۆڕانی بەسەرداد‌ێت و خەونی گرمۆڵەکردنی هەرێمی کوردستانیش کۆتایی پێدێت. واتە: زستانێکی گەرممان لە پێشە.

### 2 قەیرانی گشتپرسی و دۆخی عێراق

ئەوەی ڕوودەدات تەنیا حیسابێکی سیاسی کاتیی شەخسەکانی وەک حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق و نووری مالیکی و..تاد، نییە کە تەنیا بۆ خاتری هەڵبژاردن بێت. ڕاستییەکەی هەڵبژاردن فاکتەرێکی گرنگە، بەڵام حیسابی سیاسی عەبادی و حیسابی سیاسی دەوڵەتی نوێی عێراق (کە هەمان دەوڵەتی شیعییە) لەگەڵ حیسابە سیاسییەکانی بەشێکی گرنگ لە دەوڵەتانی ناوچەکە بە تایبەتی ئێران و تورکیادا یەکانگیربوون و پێکەوە قەیرانی ئێستایان خوڵقاندووە.

ستراتیژی ڕاستەقینەی بەغدا چییە؟ ئایا وەک خۆی بانگەشەی بۆ دەکات، دەیەوێ دەستوور جێبەجێ بکات یان کوردستان هەڵوەشێنێتەوە؟

هەر لە گوتارەوە هەتا ڕەفتار، ئەوەی بەغدا دەیڵێت و دەیکات، نەک جێبەجێکردنی دەستوور، بەڵکو هەڵوەشانەوەی دەستوور و هەرێمی کوردستانە. ناوهێنانی هەرێمی کوردستان بە "ئیقلیمی شیمال" و کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە و دوورکەوتنەوە لە پرەنسیپی دەستوور لە ناوچە جێناکۆکەکان و دەنگۆباسی هەوڵدان بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور، ئەوە دەردەخەن کە ئامانجی سەرەکی نەک جێبەجێکردنی دەستوور، بەڵکو هەڵوەشانەوە/لەنێوبردنی بەکردەیی یان ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر سەربگرێت!

بەغدا لەدوای داعش هەوڵی تەعریفکردنەوەی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدات و ئەمەش بۆ هەموو شیعەکان بابەتێکی ستراتیژییە.

ململانێی نێوان عەبادی و مالیکی، کێشەی ڕەوتی سەدر و دەوڵەتی یاسا یان دۆخی ڕەوتی حیکمە و تەیارە جیاوازەکانی ناو حەشدی شەعبی، لانیکەم لەم وەختانەدا نابنە هۆی ئەوەی کە شیعەکان لەسەر کورد بیکەنە کێشە. لە ڕاستیدا ئەوان سەرەڕای ناکۆکییەکان، لەسەر ستراتیژی بنیاتنانەوەی دەوڵەتێک ڕێکن کە بە نێوەڕۆک شیعی بێت. بۆیە لانیکەم لەم قۆناخەدا، ڕێگرتن لە سەربەخۆیی کورد، بابەتێکی گشتییە بۆ شیعەکانی عێراق. هەژموونگەرایی شیعی لە سەردەمی نووری مالیکی و دواتریش بە پاساوی شەڕی داعش، سوننەکانی پەرشوبڵاو کرد و ئێستاش لە سەردەمی عەبادیدا، سەرەتای مژولبوونی بە لابردن و بێکاریگەرکردنی ئاستەنگی دووەم دەستپێکردووە کە ئەویش کوردە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە کورد چ کاتێک دەتوانێت سوود لە ململانێی ناوخۆی شیعی وەربگرێت؟ بە ئەگەری زۆر ئەمە تاوەکو نزیکبوونەوەی وادەی بانگەشەی هەڵبژاردن ڕوونادات. جگە لەوە، ئەم بابەتە پەیوەندی بە دوو فاکتەری دیکەوە هەیە کە یەکیان هاوسەنگی سیاسی ناوچەیی و ئەوەیدیکەشیان بارودۆخی ناوخۆیی کوردە. لە حاڵەتێکدا ترەمپ و سعودیە و ئیسرائیل خۆیان بۆ سنووردارکردنی ئێران تاقیبکەنەوە و هەنگاوی پراکتیکی بهاوێژن و کوردیش لە ئاستی ناوخۆییدا خۆی کۆ بکاتەوە و ڕێگە لە پێشڕەوی زیاتری عێراق بگرێت، ئەوسا دەتوانێ سوود لە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی شیعە وەربگرێت. چونکە، مەسەلەی سوودوەرگرتن لە "هاوپەیمانی کورد" بۆ لایەنە شیعییەکانی عێراق بایەخی زیاتر پەیدا دەکات.

لەو حاڵەتەدا، ئەگەری زۆر ئەوەیە کە نووری مالیکی دەستپێشخەری پێکهێنانی بەرەیەک دەکات کە بەشێک لە شیعەکان و سەرکردەکانی حەشدی شەعبی و بەشێک لە سوننەکانی تێدابن. هەوڵیشدەدات بۆ ئەوەی یەکێتی لەگەڵ خۆی هاوڕابکات کە ئەگەر بە لیستیکیش نەبێت، ئەوا لە پەرلەمانی داهاتوودا کوتلەیەکی هاوبەش دروستبکەن یان لانیکەم هاوکاری یەکبن. لەم حاڵەتەدا ڕەنگە حەیدەر عەبادی کە لەوانەیە حیزب یان لیستێکی نوێ دروستبکات، ناچاری هاوپەیمانی لەگەڵ سەدر، پارتی و سوننەکانی دوور لە مالیکی بێت.

قەیرانی گشتپرسی، خەونی سوننەکانیشی بۆ دروستکردنی هەرێمێکی تایبەت لانیکەم لەم قۆناخەدا لاوازترکردووە. پەرتەوازەیی سیاسی و پەرش و بڵاوی دیمۆگرافیانە، وایکردووە تاوەکو سوننەکان ئێستا هێزێکی کاریگەر نەبن. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نادات کە ماتەوزەی خۆڕێکخستنەوەی تێدا نەبێت.

یاخیبوونی سووننی لە کەسایەتیی داعشدا کە هێشتا بە تەواوی لەنێونەچووە، فاکتەرێکی کاریگەرە و دەتوانێ بۆ ساڵانێکی دیکەش گرفتی ئەمنی بۆ دەوڵەتی عێراق دروستبکات، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کورد بتوانێت ڕێگەی هاوئاهەنگییەکی ستراتیژی لەگەڵ سووننە بگرێتەبەر. ستراتیژی جاران وەک نزیکبوونەوەی کورد لەگەڵ شیعە کە ڕێگەی بۆ سەرکوتکردنی سوونەکان خۆشدەکرد، هەڵەبوو.

زۆرینەی شیعە سەلماندوویەتی کە هەرکاتێک ئاستەنگی سووننی لەبەردەم خۆی لابرد بە ئاسانی دەتوانێت ئاستەنگی کوردیش لابەرێت. بۆیە چارەنووسی کورد و سوننەکان لەبەردەم هەڕەشەی هەژموونگەرایی شیعیدا لێکنزیکە.

> سعودیە هەرێمی کوردستان بە تای تەرازووی سیاسەتی خۆی بەرامبەر سوننەی عێراق دەزانێت

### 3 ڕێکارە ناوخۆییەکانی بەغدا بۆ دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان

دوای جموجۆڵە سەربازییەکان، ئێستا بەغدا زیاتر ڕۆڵی دادگای فیدراڵیی خستووەتە پێش. لەڕاستیدا ئەمەش فێڵێکی یاساییە کە دەیانەوێ لە کوردی بکەن. پلانەکە بەوجۆرەیە کە سەرەتا چەند بڕیارێک دەربکەن وەک ئەوەی کە بێلایەن بێت و تەنانەت لایەنی دڵخۆشکەریشی بۆ کورد تێدابێت، تاوەکو ئەوەندەی کورد دان بە مەشرووعییەتی بڕیارەکاندا دەنێت و دوای ئەوەش بڕیارە سەرەکییەکانی خۆیان بەو دادگایە وەربگرن و جێبەجێیبکەن!

نزیکەی 90%ی ئەندامانی دادگای فیدراڵی کەسانی نزیک لە نووری مالیکین و زەحمەتە لە دادگایەکی وادا بڕیارێکی بێلایەنانە دەرچێت.

حکومەتی بەغدا بەشێوەی سەرەکی هێزی سەربازی و دادگای فیدراڵی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان گرمۆڵە بکات و هەموو ئەمانەش بە پاساوی جێبەجێکردنی دەستوور دەکات. ئێستا ئەگەر چاوپێداخشانەوەیەک بە دەستووردا بکرێت، زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت کە دەستوور چەندین مافی گرنگیداوە کە بەغدا هەرگیز نایەوێ خۆی لە قەرەیان بدات:

### پابەندبوونی دەستوور وەک مەرجی یەکگرتنی ئازادانەی گەلان.

دەستووری عێراق هەر لە سەرەتاوە دیاریدەکات کە عێراق وڵاتێکی فیدراڵە و پرۆسەی بڕیارە سیاسییەکانی لامەرکەزییە. لە دیباجەی دەستووردا هاتووە کە "عێراق دەوڵەتێکی کۆماریی، فیدراڵ، دیموکراتیک و پلورالیستییە". لە هەمان دیباجەدا دەڵێ کە "ئێمە خەڵکی عێراق، بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، ئازادانە و بە هەڵبژاردنی خۆمان بڕیارمانداوە کە ئایندەی خۆمان یەکبخەین". هەروەها پێدەچێت کە "پابەندی بەم دەستوورە بۆ یەکگرتنی ئازادانەی گەلان، خاک و سەروەریی عێراق دەستەبەر دەکات". ئەمەش دەتوانێت گەورەترین بەڵگەی یاسایی بێ بۆ ڕەوایی ئەو گشتپرسییەی کە هەرێمی کوردستان کردوویەتی دابنرێت. دیارە ئەگەر ئەو بابەتە لە دادگایەکی بێلایەنی نێودەوڵەتیدا تاوتوێبکرێت.

### - دەستوور و سەپاندنی بڕیارەکانی بەغدا:

بەپێی مادەی یەکی دەستوور، عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی، سەربەخۆ و خاوەن سەروەریی تەواوە کە سیستەمی حوکمرانییەکەی کۆماری، نوێنەرایەتی پەرلەمانی و دیموکراتییە و دەستوورەکەی گەرەنتی یەکێتیی خاکی عێراقە. واتە حکومەتی فیدراڵی ناتوانێ بڕیارەکانی بەسەر هەرێمەکاندا بسەپێنێ دەنا واتای فیدراڵیەت نامێنێت. لەهەمانکاتدا دەستوور گەرەنتی یەکێتیی خاکی عێراقە، واتە ئەگەر دەستوور پێشێلبکرێت هیچ گەرەنتییەک بۆ یەکێتی خاکی عێراق نامێنێ. دەبێ توخمی بڕیاری ئازادانە بۆ دروستبوونی عێراقێکی یەکگرتوو لە بن سێبەری جێبەجێکردنی دەستووردا پێناسە بکرێت.

### - وڵاتێکی عەرەبی و کوردی:

مادەی چواری دەستوور باسی زمانە فەرمییەکانی عێراق دەکات کە بریتین لە عەرەبی و کوردی، جێبەجێکردنی ئەم بەندە هەم لەسەر پارەی عێراق، هەم لەسەر پاسپۆرت، هەم لە دانوستاندنی فەرمی فەرمانگە و دەزگا حکومییەکان و ڕۆژنامەی ڕەسمیدا دەبێ جێبەجێبکرێت. حکومەتی عێراق لەم بوارەدا چەندین خاڵی پێشێلکردووە کە بریتین لە نەبوونی زمانی کوردی لەسەر پارە، وەرگێڕانی نووسراوە فەرمییەکان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، ئەگەرنا قبووڵی ناکەن و دەیان خاڵی دیکە کە لە بواری زمانییدا جێبەجێنەکراون.

### - گشتپرسی بەپێی دەستووری عێراق شەرعییە:

بەپێی مادەی پێنجی دەستووری عێراق "یاسا سەروەرە و خەڵک سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعییەتن، کە (ئەم شەرعییەت و دەسەڵاتە) بە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ، گشتی و سندووقی نهێنی و دەزگا دەستوورییەکانیان تەنفیز دەکەن".

لێرەدا باسی هەڵبژاردنی ڕاستەخۆ دەکرێت کە گشتپرسی دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو جۆرە هەڵبژاردنانەوە. واتە هەر بڕیارێک کە خەڵک لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ واتە گشتپرسیی بیدات، شەرعییە و دەبێ ببێتە سەرچاوەی دەسەڵات. مادەی 131یش دەڵێت: "هەر ریفراندۆمێک کە لەم دەستوورەدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەگەر زۆرینەی دەنگی پێدرابێ وەک سەرکەوتوو لە قەڵەم دەدرێت". ئەمەش بڕگەیەکی دیکەیە کە دیاری دەکات گشتپرسی هەرێمی کوردستان یاسایی و دەستووری بووە.

### - دەستتێوەردانی سەربازی بۆ گواستنەوەی دەسەڵات

بەپێی بەندی یەکەمی مادەی 9ی دەستووری عێراق، دەبێ هێزە سەربازییەکان بەپێی ڕێژەی پێکهاتەکانی عێراق دابمەزرێن. لە بەشی کۆتایی ئەم مادەدیەدا بە ڕاشکاوی دەستنیشانکراوە کە "نابێت هێزی سەربازی وەک ئامرازێک بۆ چەوساندنەوەی گەلی عێراق، دەستوەردان لە کاروباری سیاسی و ئینتیقالیی دەسەڵاتدا بەکاربهێنرێت". واتە عێراق ئێستا بە دوو شێوە دەستوور پێشێل دەکات، هەم هێزە سەربازییەکەی بۆ چەوساندنی گەلی کورد بەکاردێنێ و هەمیش بۆ ئینتیقالی ئۆتۆریتەی هەرێمی کوردستان بۆ ئۆتۆریتەی فیدراڵی ئەو هێزەی بەکارهێناوە. هەر ئەوەشە وای کردووە کە عەبادی بە پاڵپشتی هەندێک پشتیوانی ناوخۆیی کورد، بڵێت ئەوەی لە کەرکووک ڕوویدا جەنگ نەبوو، بەڵکو گواستنەوە و ڕادەستکردنەوەی دەسەڵات بوو بەشێوەیەکی ئاشتییانە.

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو**



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئایا گشتپرسی هەڵە بوو؟

لە رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە خەریکە تێگەیشتنێکی بەربڵاو دروست دەبێت کە هەموو ئەوانەی لە کوردستان و لە چواردەورمان روودەدەن، پەیوەندییان بە ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستانەوە هەیە. تەنانەت وەک جۆرێک لە گاڵتەجاڕی، (بومەلەرزەکەی) هەفتەی پێشوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پەیوەست کرا بە هەمان پرسەوە و هەزاران پۆستی تەنزئامێزی پێکەوە بەستراوی ئەم دوو رووداوە بڵاوکرانەوە. کاریگەریی ئەم هەڵمەتە ئاراستەکراوە بەجۆرێک لەسەر سایکۆلۆجیای خەڵک رەنگیداوەتەوە، کە پێیانوایە ئەگەر کوردستان ریفراندۆمی نەکردایە هیچکام لەو پشهات و رووداوانە روویان نەدەدا و ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لەوپەڕی سەقامگیری و ئارامیدا دەبوو.

ئەمە لە کاتێکدا زۆربوون ئەو ناوەندە ستراتیژییە سەربازی و ئەکادیمیانەی دونیا کە پێشبینییان دەکرد دوای شەڕی داعش چەندین شەڕی دیکەش لە ناوچەکە رووبدەن، یەکێک لە شەڕە هەرە چاوەڕوانکراوەکانیش شەڕی دەوڵەتی عێراق و کوردستان بوو. رێکخراوی (گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان) لە ساڵانی رابردوودا چەندین راپۆرتی ئاگایینامەی لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە کە بەهۆی چارەسەرنەکردنی کێشەی خاک لە نێوان کوردستان و بەغدا، قەیرانی تازە سەرهەڵدەدەن. لایەنە سیاسیە عێراقیەکانیش، بەتایبەتی ئەوانەی باسکیان بە حەشدی شەعبی بەهێزە، زۆرجار بە زمانی هەڕەشەوە ئەوەیان چەندبارە کردووەتەوە کە دوای شەڕی داعش کورد دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی حوکمی سەدام. هەروەها بەشێک لەو توێژەر و لێکۆڵەرە سیاسیانەش کە بەچاوێکی ستراتیژیانەوە هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخەکان دەکەن، بۆچوونیان بەو جۆرە بوو کە شەڕی داعش بوو بە زادەی بەرهەمهێنانی هێزی حەشدی شەعبی، بەڵام لەبەرئەوەی لەناو خۆیاندا گرووپی نەگونجاو و دژبەیەک بوون، بۆئەوەی شەڕی ناوخۆی شیعە و شیعە روونەدات، پێویستیان بە شەڕێکی دیکە دەبێت بۆ رێکخستنەوەی ئەم هێزە فرەڕەنگە و تاکە بژارەی ئەو شەڕەش پەلاماردانی کوردستانە. مەبەستمە بڵێم ئەوەی دەگوزەرێ، کوردستان ریفراندۆمی بکردایە یان نا هەر روویدەدا، بەڵام رەنگە لە هەڵبژاردنی کات و دۆزینەوەی پاساودا جیاوازبووایە لە ئێستا.

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەریشەوە جارێک لەزاری خەزعەلی و دواتریش لە زاری وەزیری ناوخۆی عێراقەوە ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە ریفراندۆم بیانوویەکی باش بوو بۆئەوەی دەست بەو پرۆسەیە بکەن، هەروەها بارزانیش لە یەکێک لە دوا دیدارەکانیدا دەربارەی هەڵوێستە دوژمنکارەکانی بەغدا، هەمان دەستەواژەی بەکاربردەوە کە ریفراندۆمیان کردووە بە بیانووی ئەو سیاسەتانەی پەیڕەوی دەکەن.

ئێستا خەڵکانێک رەخنە دەگرن و دەڵێن: مادام دەزانرا عێراق لە بیانوو دەگەڕێت، کورد بۆچی ئەو هەلەی بۆ رەخساندن تا بیکەنە پاساوی نیەتە شاراوەکانیان و چ پێویست بوو ریفراندۆم بکات؟ ئایا لە بنەڕەتەوە کوردستان پێویستی بە ریفراندۆم هەبوو؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە لەناو مێژووی رووداوەکانی نزیک بە یەک سەدەی رابردووی کورد و عێراقدایە. ئەگەر کورد ئیرادەی دروستکردنی دەوڵەتی هەبووایە، بێگومان پێویستی بە ئەنجامدانی ریفراندۆم نەبوو، ریفراندۆم بۆیە باش بوو تا ئیرادەی دروستکردنی دەوڵەت دروستبکات. ئەی کەواتە بۆ لە رابردوویەکی زۆر دووردا ئەمە نەکراوە و هێڵدرایەوە بۆ ئێستا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە خاکەوە. کورد لە رابردوودا کە بێ دەوڵەت ماوەتەوە، لەبەر ئەوە نەبووە کە بڕوای بە ژیانی ژێردەستەیی دەوڵەتە داگیرکەرەکان هەبووە، بەڵکوو بەهۆی ئەوەوە بووە کە خاکەکەی لەژێر دەستی داگیرکەران بووە، دەوڵەت لەسەر خاک دروست دەکرێت.

باشووری کوردستان لە بەهاری 1991ـەوە بەشێکی خاکەکەی ئازاد بوو، بەڵام بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بەدوای دەروازەکانی ئازادیدا نەدەگەڕا و هەر چاوی لە بەغدا بوو، چونکە نیوەی خاکەکەی لەژێردەستی بەغدادا بوو، بەوهۆیەوە ستراتیژی کوردستان وابەستە بوو بە عێراقەوە. لە گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بەعسدا لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، سەدام حوسێن بە مام جەلال دەڵێت من ناتوانم بڵێم کەرکووک کوردستانی نییە، بەڵام بۆیە داواتان لێ دەکەم دەستبەرداری بن، یان پێکەوە بەڕێوەی ببەین بۆ ئەوەمە لەگەڵ عێراق بمێننەوە، دەیزانی کورد دەستی بگاتەوە خاکەکەی لە عێراق جیادەبێتەوە. تەنانەت لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا سەدام بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە عێراقدا دەستپێشخەرییەکی تر دەکات و داوا دەکات هەرێمی کوردستان بەو سنوورانەی ئەوکاتەوە ببێ بە دەوڵەت، بەڵام کورد ئەوە رەتدەکاتەوە، چونکە سەتا پەنجای خاکەکەی لەدەستی خۆیدا بوو، ئامادە نەبوو دەست لەو بەشەی تری هەڵگرێت.

ساڵی 2014 بەهۆی شەڕی داعشەوە بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان یەکەمجار بوو بەو ئەندازەیە دەستی بەسەر خاکەکەیدا بگات، بۆیە ریفراندۆمی کرد تا چارەنووسی خۆی لەگەڵ عێراق یەکلایی بکاتەوە. کە ئێران و عێراق و تورکیاش دەیانگوت نابێ لە تەواوی کوردستان ریفراندۆم بکرێت و کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بهێڵدرێتەوە، بۆ ئەوەیان بوو ستراتیژی کوردستان ببەستنەوە بە بەغداوە. تەنانەت پێش ئەوەی کورد باسی ریفراندۆمیش بکات، کە بەغدا و تاران هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد دوای شەڕی داعش کوردستان دەگەڕێننەوە بۆ پێش رووخانی سەدام، هەر بۆ ئەوەبوو کوردستان نەتوانێ بیر لە جیابوونەوە بکاتەوە. هەر ئەوە سەرچاوەی ئەو مەیلەش بوو کە پێیانخۆش بوو داعش دەست بەسەر کەرکووک و ناوچە کوردستانیەکاندا بگرێت نەک بکەوێتە دەستی هێزی پێشمەرگەوە.

کوردستان بۆیە پێداگر بوو لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم، دەیویست ئەو دەرفەتە لەدەست نەدات کە یەکەمجارە بەشی هەرەزۆری خاکەکەی لەدەستی خۆیدایە و پێش ئەوەی داگیرکەران لێی وەربگرنەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەغداش بۆیە پەلەی بوو لە داگیرکردنەوەی ئەو خاکە، تا بەرلەوەی کوردستان جیابێتەوە، ناچاری بکات بە مانەوە لە عێراق. بۆیە ئەگەر هەڵەیەک لە ریفراندۆمدا هەبووبێت لە ئەنجامدانی پرۆسەکەدا نەبوو، بەڵکوو هەڵەکە لەوەدا بوو زوو کاریان بە ئەنجامەکەی نەکرد، کە پێویست بوو رۆژی دوای راگەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆم سەربەخۆیی رابگەیێندرایە، ئەوکات رەنگە رووداوەکان ئاراستەیەکی دیکەیان بگرتایە. کە ئەوەمان نەکرد، ئێستا ئەگەر عێراق و هەموو جیهانیش بە کورد بڵێن برۆ سەربەخۆیی رابگەیەنە، تازە کوردستان مەحکومە بەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، چونکە 50%ی خاکەکەی کەوتەوە ژێر دەستی بەغدا و دەبێت بەدوای دەرفەتێکدا بگەڕێت یان چاوەڕێی هەلومەرجێکی دیکە بکات ئەو بەشەی تری خاکەکەی رزگار بکاتەوە. هەرکات دەستی بەسەر تەواوی خاکەکەیدا گرتەوە، ئەوکات دەتوانێ کار بە ئەنجامی ریفراندۆمەکەی بکات بۆ سەربەخۆیی، تەنانەت نەک ئەنجامەکەی سڕکردبێت، ئەگەر هەڵیوەشاندبێتەوەش.



هۆگر ئیبراهیم حەکیم*

# بەرەو دەوڵەتی لامەرکەزیی حیزبی

عێراق هەر لەسەرەتای دروستکردنیەوە نەیتوانیوە ببێتە نیشتمانی هەموو پێکهاتەکان، بەشێوەیەک کە هیچ یەکێک لە سێ پێکهاتە سەرەکیەکەی عێراق مێژووی سەدساڵی رابردووی ئەو دەوڵەتە بەمێژووی پرشنگداری خۆیان نازانن. هەڵە ناکەین گەر بڵێین ئیرادەی یەکپارچەیی خاکی عێراق هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا ئەوەندەی ئیرادەیەکی دەرەکی بووە، ئەوەندە ئیرادەیەکی راستەقینەی خەڵکەکەی خۆی نەبووە. هەمیشە ئەو هێزەی لەپشت جوڵاندنی سیستەمی نێودەوڵەتی بووە، رێگری سەرەکی بووە لە هەڵوەشانەوەی عێراق، بەو جۆرەی مەرجی هەڵنەوەشانەوەی عێراقی بەقەبارەی بەرژەوەندییەکانی پێواوە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەوە عێراقیەکان نین کە خاکەکەیان بەیەکگرتوویی هێشتووەتەوە، بەڵکو بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێز و ناوچەییەکان بووە کە عێراقیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هێشتووەتەوە. لێرەدا بەپێویستی دەزانین پرسیارێکی جەوهەری بکەین: ئایا وڵاتان چ میکانیزمێکیان بەکارهێناوە بۆ پارێزگاری لە یەکپارچەیی عێراقی دەستکرد؟ ئایا پێکهاتە ناوخۆییەکان چۆن سوودیان لەو دۆخە دەستکردە وەرگرتووە؟ ئایا پێکهاتە سەرەکیەکان چۆن بەرژەوەندییەکانی خۆیان دووبارە دادەڕێژنەوە لە قۆناغی داهاتوودا؟ ئایا دواهەمین میکانیزمی وڵاتان چییە بۆ هێشتنەوەی عێراق وەک وڵاتێکی یەکگرتوو؟

## یەکپارچەیی عێراق و خەونی زۆرینە

لە قۆناغی مەلەکیدا عێراقییەکان لەبری ئەوەی ژێرخانی دەوڵەتێکی بەهێز دابڕێژن، تۆوی دابەشکارییەکی راستەقینەیان لە کۆمەڵگەی عێراقیدا چاند. لەرووی دابەشکاریی کارگێڕییەوە پشتیان بەو دابەشکاریە بەست کە عوسمانیەکان لەسەر بنەمای رازیکردنی خێڵ و عەشیرەتەکان دایانڕشتبوو. دابەشکردنی عێراق بۆ سەر چەند لیوایەک هەر لەسەر ئەو بنەما خێڵەکیە مایەوە، بۆیە دوای چەند ساڵێکی کەم، رووبەڕووی شۆڕشی یەک لەدوای یەک بووەوە، تا دواجار بە شۆڕشێک پاشایەتییان لە عێراق گۆڕی بۆ کۆماری. لە قۆناغی مەلەکیدا تەنیا بنەماڵەی مەلیک خەونیان بە یەکپارچەیی عێراقەوە دەدیت و بەریتانیەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دەیان ساڵ پارێزگارییان لەو خەونە کرد. بەڵام لە قۆناغی کۆماریدا بەهەردوو وێستگەی پێش هاتنی بەعس و حوکمی بەعسیش، عێراقی یەکگرتوو تەنیا گوتاری پێکهاتەی سوننە بوو. سوننە سوودیان لە دۆخی جەنگی ساردی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت وەرگرت بۆ پارێزگاری لە عێراق، لەبەرامبەردا بۆ راگرتنی دۆخی ناوخۆ، لاوازترین جۆری لامەرکەزیەتی کارگێڕییان جێبەجێ کرد. کورد پێکهاتەیەک بوو بەزۆر لکێنرابوو بەعێراقەوە، بۆیە نارەزاییەکانی لەو قۆناغە گەیشتە دوا ترۆپکی خۆی، شۆڕشی کورد عێراقی ناچار کرد دان بە حوکمی زاتیدا بنێت، بەڵام دووبارە رێککەوتنی نێودەوڵەتی عێراقی ناچار بە یەکپارچەیی کرد و شۆڕشی کوردی تووشی نسکۆ کرد. دوای جەنگی سارد و شڵەژانی ژینگەی نێودەوڵەتی، فۆکەسی وڵاتان لەسەر عێراق کەم بووەوە، لەو بۆشاییە بچوکەدا یەکەمین دڕزی راستەقینە لەو یەکپارچەییە دەستکردەدا دروستبوو، ئەویش جاڕدانی فیدراڵیەت بوو لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە. ئەم دۆخە واقیعێکی نوێی دروست کرد تا دواجار کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بوو گۆڕانکاریی ریشەیی لە دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا بکات.

دەتوانین بڵێین قۆناغی دوای 2003 بریتیە لە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵات لە پێکهاتەی سوننەوە بۆ پێکهاتەی شیعە، سروشتی ئەو دەسەڵاتەی بۆ شیعەکان گوازراوەتەوە، پێویستی بەوەیە بە هێزی یەکپارچەیی عێراق بارگاوی بکرێت، بۆیە گوتاری شیعە بۆ یەکگرتوویی عێراق، گوتارێک نییە لە خەمخۆرییانەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵکو گوتارێکە لەو مەرجەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەسەڵاتیان پێ وەرگرتووە. بۆ ئەوەی کارەکە بۆ شیعەکان ئاسان بکرێت، دوو ئاستی لامەرکەزیەتیان لە دەستووری عێراقدا تێکەڵ کرد. کوردیان بە لامەرکەزیەتی سیاسی (فیدراڵی) رازی کرد، هەروەها لەڕێگەی لامەرکەزیەتی کارگێڕی بۆ پارێزگاکان، سوننەکانیان بێدەنگ کرد. بەڵام لەسەر ئەرزی واقع نە رێگەیاندا هەرێمی دیکە دروستبێت بۆ چەسپاندنی فیدراڵیەتەکە، نە دەسەڵاتەکانیشیان بۆ پارێزگاکان شۆڕکردەوە. لەدەرئەنجامی مامەڵەی نادروستی حکومەتی شیعەکان، لامەرکەزیەتی کارگێڕی لەبری ئەوەی ناوچە سوننیەکان ئاوەدان بکاتەوە، داعشی بۆ دروست کردن. دەتوانین بڵێین سەرەکیترین هۆکاری دروستبوونی توندڕەوی لە ناوچە سوننیەکان، شکستی لامەرکەزیەت و حوکمی لۆکاڵی بوو لەو ناوچانە. دوای یەکلابوونەوەی گەمەی داعش، ئێستا ئەجێندایەک هەیە بۆ سڕینەوەی روخسارەکانی لامەرکەزیەتی سیاسی (فیدراڵی)، ئەو هەنگاوەش بەلێدان لەپێگەی کورد دەستی پێکردووە، لەئەگەری لاوازبوونی زیاتری کورددا، عێراق دەچێتەوە سەر روخسارە راستەقینەکەی خۆی کە بریتیە لە رەتکردنەوەی حوکمی خۆجێیی بۆ پێکهاتە جیاوازەکان.

## لامەرکەزیی حیزبی لەعێراقی لێکهەڵوەشاودا

تا ئێستاش یەکدەنگییەک هەیە لەسەر ئاستی ژینگەی نێودەوڵەتی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی یەکپارچەیی عێراق، بەڵام لەو قۆناغەدا پێکهاتە و لایەنە سیاسییەکان بە ئەندازەیەک لەیەک دوورن، موعجیزەیەک پێویستە بۆئەوەی دووبارە قەناعەتی یەکگرتوویی عێراقیان بۆ دروست ببێتەوە، بەتایبەتی دوای شکستی لامەرکەزیەتی سیاسی و کارگێڕی و زیندووبوونەوەی خواستی حوکمی زۆرینە. ئێستا عێراق لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ کراوە، لەبەرامبەردا ئەمریکیەکان لەڕێگەی لاوازترین سیناریۆوە دەیانەوێت دوو ئامانجی خۆیان لەعێراقدا بپێکن. ئەمریکا لەڕێی پشتیوانی لە عەبادی، دەیەوێت هەم گەرەنتی مانەوەی یەکپارچەیی عێراق بکات و هەمیش لە ئێران دووری بخاتەوە، بەڵام ئەم سیناریۆیە لەدواجاردا عێراقێکی یەکگرتوو دەخاتە باوەشی ئێرانەوە. لێرەدا گرنگە بزانین کە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغی راگوزاریە لە فیدراڵیەت و لامەرکەزیەتی کارگێڕی بۆ عێراقێکی مەرکەزی، ئێرانییەکان لەڕێی عەبادییەوە چ رێگەچارەیەکیان خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە؟

بەسەرنجدان لەو واقیعەی ئێستا و چۆنیەتی مامەڵەی حکومەتەکەی عەبادی، تێدەگەین عێراق بەرەو خراپترین جۆری لامەرکەزی دەچێت کە لامەرکەزیەتی حیزبیە. ئەم جۆرە لە لامەرکەزیەت داهێنانی عێراقیەکان خۆیانە، لە هەموو ئەدەبیاتی کارگێڕی و سیاسیدا شتێک نییە ناوی لامەرکەزیەتی حیزبی بێت، بەڵام ئێستا عەبادی و هێزە نزیکەکانی بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە و ناوچە جیاوازەکان دەکەن کە بنەماکەی تەنیا بنەمایەکی حیزبیە. پەردەپۆشکردنی ئەو مامەڵە حیزبیە لەگەڵ پێکهاتەکان بە گوتاری نیشتمانیی ساختە، ناشیرینترین روخساری ئەو لامەرکەزیەتەیە کە ئێرانیەکان بۆ تێپەڕاندنی قووڵایی ستراتیژییان دەهۆڵی بۆ دەکوتن. دروستکردنی واقیعێک بۆ قبوڵکردنی ئەو دۆخە لەلایەن حیزب و لایەنە عێراقییەکان، تەواوکەری ئەو یاریە نادروستەیە کە عێراق بەرەو ناسەقامگیرییەکی راستەقینە دەبات. بۆ ئەوەی وردتر لەو دۆخە تێبگەین، دەبێ هۆکارەکانی پەنابردنە بەر لامەرکەزیەتی حیزبی پوخت بکەینەوە بۆ چەند خاڵێک:

1 – لاوازکردنی پێکهاتەکان، بەوەی مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی ناو پێکهاتەیەک دەکرێت. بۆ نموونە لەبری ئەوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان مامەڵە بکرێت، لەگەڵ پارتە سیاسییەکان مامەڵە دەکرێت. کارەساتی گەورە لێرەدا ئەوەیە، هەندێ پارتی سیاسی لە کوردستان بەدەنگی دەهۆڵی ئەو لامەرکەزیەتە حیزبیە هەڵدەپەڕن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان خستووەتە پێش خواستی سەدان ساڵەی نەتەوەکەیان. شکستەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر یەکێک لە دەرئەنجامە خراپەکانی ئەو مامەڵە حیزبیەیە، تەنانەت لامەرکەزیەتە حیزبیەکە بەشێوەیەک شۆڕبووەتەوە کە بەدەستەوەدانی خاکی کوردستان وەک دەستکەوتێکی حیزبی لێکبدەنەوە.

2– راگرتنی یەکپارچەیی خاکی عێراق لەڕێگەی بێدەنگکردنی حیزبەکان لەبری دابینکردنی مافی پێکهاتەکان. لەم رووەوە یاسای هەڵبژاردن و پێکهاتەی پەرلەمانی عێراقی رێخۆشکەرن بۆ ئەو خواستە. ئێرانییەکان دەزانن کە هێزی بچوکی حیزبی ئاسانتر لادەبرێن و بێدەنگ دەکرێن. بەڵام هێزە بچوکەکان (حیزبەکانن) لەوە تێناگەن کە لامەرکەزیەتی حیزبی قۆناغێکی راگوزەرە و لە دواجاردا ناچار دەکرێن بە بچوکبوونەوەی زیاتر.

3– گەرەنتیکردنی حوکمی شیعەکان بۆ ماوەیەکی زیاتر، هەرچەندە حوکمی شیعەکان درێژتر بێت، پێگەی ئێران بەهێزتر دەبێت. بێدەنگبوون و یارمەتیدانی ئەمریکیەکانیش بۆ سەرخستنی ئەو سیناریۆیە شوێنی پرسیاری زۆری هێزە دیموکراتخوازەکانە. لامەرکەزیەتی حیزبی و ناچارکردنی حیزبەکان بە بەشداری لە هەڵبژاردن، جگە لە سیناریۆیەک بۆ حوکمی شیعە، هیچی تر نییە. چونکە دواتر بانگەشەیەک زاڵ دەکرێ کە ئیستحقاقی هەڵبژاردن جێگەی تەوافوقی نێوان پێکهاتەکان دەگرێتەوە.

**ماستەر لە زانستە سیاسییەکان**



گۆران شێخ مستەفا

# هەرێمی کوردستان چۆن خۆی رێکبخاتەوە؟

دوو فاکتەری گرنگ هەن کە رۆڵیان لە ناوبانگ و درەوشانەوە و جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق هەبووە، ئەوانیش: پشکی 17%ی هەرێمی کوردستان لە بودجە و نەوتی هەرێمی کوردستان بوون، حاڵی حازر هەردووکیان لەبەردەم مەترسیدان و پێویستیان بە پاراستن و دووبارە بەڕێوەبردن هەیە.

ئەگەر بڕیار بێت کورد بە مەحکومی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بمێنێتەوە (بەلای کەمی تا دەرفەتێکی دیکە)، دەبێت هەموو تواناکانی بۆ هێشتنەوەی رێژەی 17% لە بودجەی گشتیی عێراق بەکاربهێنێ. ئەم رێژەیە لە تەرخانکردنی داهات، یەکەمین دانپێدانانە بە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و لەڕاستیشدا بەشداریی کارای کورد لە گفتوگۆکانی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی عێراق لەساڵی 2003 و مسۆگەرکردنی 17%ی داهاتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، سەرەتا و دەستپێکی پرۆسەی دەوڵەتسازیی کوردستان بوو لە کۆنتێکستی ئابووریدا. ئەگەرچی کورد هەرگیز دڵنیا نەبووە لەداهاتووی ئەو داهاتە و هیچ کاتێکیش ئەو رێژەیەی پێنەگەیشتووە (لە ساڵی 2014 بەغدا بڕی)، پیتەر گالبرێس لەو باوەڕەدایە سوودمەندبوونی کورد لە سەرچاوە پڕ داهاتەکانی عێراق، لە ساڵی 2003 کوردی هاندا بۆ مانەوە لەگەڵ عێراق (سەرەڕای چەند فاکتەرێکی دیکەی ناوچەیی). لەئەنجامدا بەدرێژایی ساڵانی رابردوو لەنێوان 2005 بۆ 2013 تا بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، هەرێمی کوردستان نزیکەی 69.575 ملیار دۆلاری وەک پشکی خۆی لەداهاتی نەوت لەعێراق وەرگرتووە. ئەم داهاتەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی ئابووریی هەرێمی کوردسان و خۆشگوزەرانیی خەڵکەکەی هەبووە. سەرەڕای ئەو گرفتانەی رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەوە، سەرەڕای گەندەڵی و بەهەدەردانێکی زۆر لەو ملیار دۆلارانە، هەرێمی کوردستان تارادەیەک سەرکەوتوو بوو لەخۆبەڕێوەبردن.

هەژموونی کورد لە ناوچەکە و پرشنگداریی ئەزموونەکەی بەراورد بە عێراق لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەک ئەوەی باسی لێوە دەکرا، بە پلەی یەکەم پەیوەست بوو بەو گەشە ئابوورییەی کە راستەوخۆ کورد لە سوودمەندبوونی لە پشکی 17%ی داهاتی عێراق بەدەستی هێنابوو. بۆیە لەپێناوی هێشتنەوەی گەشەی ئابووری هەرێمی کوردستان و بژێویی هاووڵاتیانی، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جدی بدات:

**یەکەم:** پشکی 17% لە داهاتی عێراق وەک خۆی بمێنێتەوە و چارەسەری گرفتە تەکنیکییەکانی نێو پرۆژە یاساکە بکرێت بەتایبەت گرفتی (نفقات الفعلیه).

**دووەم:** پێویستە حکومەتی هەرێم لەپێناوی مانەوەی پشکی 17%، رازی بێت بە بەشێک لە مەرجە داراییەکانی نێو پرۆژەی بودجەی عێراق، بەتایبەتی کەمکردنەوەی ژمارەی مووچەخۆرەکانی، باشترین رێگاش نەهێشتنی یەکجارەکیی لیستی خانەنشینی نایاسایی و راگرتنی ئەوانەی بەپێی یاسا زیاتر لە مووچەیەکیان هەیە، لەگەڵ مووچەخۆرانی بندیوار کە لە کادرانی خانەنشینکراوی حیزبەکان پێکدێن.

**سێیەم:** رەزامەند بێت بە خەرجکردنی بودجەکەی لەسەر بنەمای شایستەی پارێزگاکان لەلایەن بەغداوە بەو مەرجەی مامەڵەکردن و بەڕێوەبردنە یاسایی و داراییەکان لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا بێت. بودجەکە لەسەر بنەمای شایستەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (داهات و خەرجی) وەک ئەوەی بەغدا دەیەوێت، چەند سوودێکی بۆ حکومەتی هەرێم هەیە:

1– شەفافیەتی دارایی لە خەرجی و داهات دێنێتەدی کە ماوەیەکی زۆرە پارێزگای سلێمانی بەشداری بە داهاتەکانی شارەکە لە بودجەی گشتی ناکات.

2– دادپەروەریی لە قەبارە و پێویستیەکانی گەشەپێدانی شارەکان لە هەرێمی کوردستان دێنێتەدی، کە پارێزگای سلێمانی ساڵانێکەگلەیی ئەو نادادپەروەرییە لە هەولێر دەکات.

3– بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و هاوشارییەکان روون دەبێتەوە کە دەسەڵاتدارانی شارەکانیان چەند توانستی بەڕێوەبردن و ویستی گەشەپێدانی شارەکان و خوشگوزەرانیی هاووڵاتیەکانی هەیە (ئەم هۆکارە کاریگەری لە گۆڕینی بیروبۆچوونی هاووڵاتیان لەبارەی دەسەڵاتدارانی شارەکان دروستدەکات، نەوەک دەسەڵاتدارانی هەرێم).

4– هەرێمی کوردستان لەدوای رووداوەکانی 16 ی ئۆکتۆبەر، پێویستی بە مۆدێلێکی تری بەڕێوەبردن هەیە، بۆیە فراوانکردنی دەسەڵاتی لامەرکەزیی ئیداری و دارایی پارێزگاکانی کوردستان، باشترین مۆدێل دەبێت و کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری لەدەنگدەرانی پارتەکان و دارشتنەوەی هاوسەنگیی هێز و دەسەڵاتی پارتەکان لەکوردستان دروست دەکات لە ئایندەدا و سوودمەندی سەرەکیش هاووڵاتیان دەبن.

ئەم شێوازە لە لامەرکەزی هەمان ئەو شێوازەیە کە ساڵانێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر دەکات و بۆی تەواو نەکراوە و بەشێک لە ئیدارەی پارێزگاکانیش وەک پێویست سوودیان لێ وەرنەگرتووە.

فاکتەری دووەم لە درەوشانەوەی هەرێمی کوردستان و رۆڵپێدانی وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی لە رابردوودا، نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بووە. لە دوای روداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و لەدەستدانی زیاتر لە 50%ی توانای بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەپێداچوونەوە و داڕشتنەوەی سیاسەتی وزە هەیە، بەجۆرێک یارمەتی بدات لە هاوسەنگکردنەوەی هێز و داراییەکەی. یەک لەو فاکتەرە گرنگانەش هاوبەشکردنی ئێرانە لە پشکی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رۆژی 2016/3/7 یاداشتێکی لەگەڵ وەزارەتی نەوتی ئێران واژوو کردووە بۆ بەشدارکردنی ئەو وڵاتە لە پەرەپێدانی پرۆژە ستراتیجییەکانی بواری نەوت و گاز و لەوانەش راکێشانی بۆڕییەکی نەوت بۆ هەناردەکردن بەخاکی ئێراندا. بەکاراکردنی ئەم یاداشتە حکومەتی هەرێم بەهای ئەو رۆڵەی دەپارێزێت کە لە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، بەتایبەتیش لە نەوتی کەرکووکدا هەیەتی و پەیوەستە بەکاتەوە. هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی زێڕینی لەبەردەمە لە دروستکردنەوەی رۆڵی خۆی لە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک یان لەڕێی بۆڕی نەوتی کوردستانەوە بۆ تورکیا (بە رەزامەندیی بەغدا)، یان بەخاکی ئێراندا. خۆ ئەگەر ئەم دەرفەتە نەقۆزێتەوە و لەکیسی بدات، ئەوا عێراق بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک یەک لە بژارەکانی: هەناردەکردن بەتانکەر لەڕێی کاراکردنی رێککەوتنەکەی لەگەڵ ئێران، یان لەڕێی بۆڕیە کۆنەکەی خۆی بۆ بەندەری جەیهان دوای نوژەنکردنەوەی، هەڵدەبژێرێت.

لەدوای گرێبەستەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیای رۆسنێفت، هاوبەشکردنی ئێران و جێبەجێکردنی راکێشانی بۆڕییەک بەخاکی ئێراندا، ئاسانتر بووە. رووسیا و ئێران دوو کاراکتەری بەهێزی نێو ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێکن، کە تارادەیەک سیاسەتەکانیان بۆ وزە لەسەر ئاستی جیهان لەسەر بنەمای رەچاوکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیانە، رەنگە ئەو بەرژەوەندیە کارێکی لەم جۆرە ئاسان بکات. بۆ هەرێمی کوردستانیش راکێشانی ئەم بۆڕیە بە خاکی ئێراندا چەند ئامانجێکی بۆ ئاسان دەکات، لەوانە هاوسەنگکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق لەڕێی ئێرانەوە و هەروەها لابردنی ئەو مەترسیەی کە ئەگەرە "لە داهاتوودا حکومەتی هەرێم کۆنترۆڵی سەر ئەو نەوتەشی لەدەستی ماوە، لەدەستی بدات".

سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان بە بەشدارکردنی هاوبەشی نوێ، رۆڵێکی کاریگەری لە بەهێزکردنەوەی پێگەی هەرێمی کوردستاندا دەبێت، بەڵام پێویستی بە ئیدارەکردێکی نوێ دەبێت.

**قوتابیی دکتۆرا لە زانستە ئابوورییەکان**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

ژمارە ( 482 ) - دووشەممە 2017/11/20



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتیش تابیعی ئێرانە!

## 1

شەڕی ئەمجارەی پارتی لەگەڵ نەیارانیدا، شەڕێکی گشتگیر و بە بەرنامەیە. پارتی ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی (وەکو حیزبی سیاسی)، شەڕ دەکات و تا ئێستاش براوەیە.

ئەویش وەکو ئێران، بۆ پاراستنی ناوماڵی خۆی و گەیشتن بە ئامانجەکانی لە مەیدانی حەریفەکانیدا، شەڕ دەکات و سنوورەکانی بەرگریکردن لە خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەکات. تا دوێنێ ئەگەر قسەوباسی ناوخۆیی ئەوە بووبێت کە سەرۆک بارزانی لە پرۆسەی حوکمڕانیدا، کۆتایی بە کاری هاتووە، ئەوا بەشێوەیەکی ڕەسمی و بە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، دەسەڵاتە ئیدارییەکانی (نەک سیاسییەکانی) گوازرانەوە بۆ متمانەپێکراوترین کەسی نێو بنەماڵەکەی کە لە کوڕەکانی خۆی زیاترە. ئەگەر تا دوێنێ سنووری دەسەڵات و نفوزی پارتی و ماڵباتی بارزانی هەولێر و دهۆک بووبێت، ئەوا پارتی بە شۆڕشی 25ی ئەیلول، ئەیلولێکی دیکەشی تۆمار کرد. کەرکووک لە (قودس)ێکی فراشراوەوە بوو بە (دڵ)ی کوردستان و ئێستا بوونی یەکێتی تێیدا، وەکو داگیرکارێک سەیر دەکرێت و دەبێ لەسەر دەستی پارتی ڕزگار بکرێت! واتا وەک چۆن لە 31ی ئابی 1996دا هەولێر لە دەستی یەکێتی دەرهێنرا، ئاواش ئەمجارە کەرکووک لەژێر دەستیان دەردەهێنرێت.

گرەوکردن لەسەر فیتنە و نیفاق لەناو ماڵباتی بارزانی، وەکو گرەوە لەسەر ئەسپی مردوو، ئەوەی ئێستا سەرۆک بارزانی دەیکات، دوو ئاراستەی هەیە. ئاراستەی یەکەم تەواوکردنی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانییە بۆ گەیاندنی کوردستان بە سەربەخۆیی و ئاراستەی دووەمیش دابەشکردنی ڕۆڵە لە نێو کەسەکانی نێو خانەوادەکەی کە شیاوی درێژەپێدانی ڕێبازی بارزانین. نێچیرڤان بارزانی بە هەوڵەکانی بۆ دواخستنی گشتپرسی لەپێناوی دەستکەوتی هاوتا لەگەڵ سەربەخۆییدا، نەیهێشت رایەڵە بەهێزەکانی نێوان کوردستان و ئەمریکا بپچڕێن (ئەوەش سەرباری هەوڵە ناوخۆییەکانی بوو بۆ تێپەڕاندنی بڕیاری ئەنجامدانی گشتپرسی لە پەرلەمانی کوردستان) و بەرهەمەکەشی ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەمریکا (بە شەخسی) پشتیوانیی لێ دەکات و بەغداشی خستووەتە گۆشەیەکەوە کە دەبێ دیالۆگ لەگەڵ کوردستان بکات. بارزانییەکان لە سیاسەت و دیپلۆماسیدا قاڵن و پێشبینیی هەموو ئەو شتانەیان کردبوو، جگە لە بومەلەرزەکە!

## بەغدا و هەولێر

## 2

بنەماکانی ڕێککەوتن، یان تەنانەت دەسپێکردنی دیالۆگ لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێک، بریتین لەوەی کە دوو یان چەند لایەنێک (لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی وەکو شەڕ یان ناڕەزایەتیدا) هەست بکەن هەندێک خاڵی جێناکۆکی قابیلی چارەکردنن و دەتوانن بە گفتوگۆ کۆتایی پێ بێنن (ئەڵبەتە لە دوو پێگەی بەهێزەوە). دیالۆگ کاتێک ڕوودەدات کە خاڵە هاوبەشەکان لە خاڵە ناکۆکییەکان زیاتر بن نەک کەمتر و، ئینجا بە ڕەچاوکردنی پێگەی لایەنە دانوستانکارەکان و خوێندنەوەی دروست بۆ هاوکێشەکان، یان ناوی لێ دەنرێ سەرکەوتن، یان ڕێککەوتن و یانیش تەسلیمبوون. هەر کەسە لەلای خۆیەوە چ تەفسیرێکی بۆ دەکات ئەوە ڕەوایە وەکو هەموو عەقدە مێژووییەکان! بەڵام ئێستا کە کوردستان داوای دانوستاندن لە بەغدا دەکات، دیار نییە لەسەر چ بنەمایەک و لە چ پێگەیەکەوە ئەو داوایە دەکات؟

ئەگەر ئەو داوایە بنچینەکەی دەستووری وڵاتی بەناو عێراق بێت، ئەوە هەموو کەس دەزانێت کە دەستووری نەنووسراو کارپێکراوترە لە هی نووسراو! نە کورد پابەندی دەستوور بووە و نەعەرەبیش، بگرە نووسینەکان هەمیشە بۆ گوناه لەخۆ دەرکردن بوونە تا ڕێکخستن. بەغدا و هەولێر نە لەڕووی سیاسییەوە و نە لەڕووی ئابوورییەوە تەحەمولی دیالۆگ ناکەن. لەڕووی سیاسی و نەتەوەییەوە میللەتێک (بە عەرەبەکانی دانیشتووی کوردستانیشەوە) باوەڕیان بە وڵاتی پێناسەکراو لەڕووی نێودەوڵەتییەوە نەماوە، لەڕووی ئابووریشەوە هیچ شتێک بەناوی وڵات وجودی نییە، چونکە تەعریفی مۆدێرنی وڵات بریتییە لە ئابوورییەکی نیشتمانی کە سیستەمێکی ژیان بەرهەم دەهێنێت، بەڵام تەرجومەی ئەو ئابووری نیشتمانییە لە چەمکی (مووچە)دا کورتکراوەتەوە! بۆیە هیچ دیالۆگێک لە نێوان کوردستان و بەغدادا، سەرکەوتوو نابێت و کێشەکە لەسەر ژمارەکان نییە، کێشەکە ئەوەیە کە کەس باوەڕی بە ژمارە نەماوە! ئەمڕۆ بە حیساب کورد شەڕی 17 لەسەدی بودجە دەکات، مەگەر پارساڵ ئەم 17 لەسەدە لە بودجەش جێگیر نەکرا؟ کەس قرووشێکی ئەو بودجەیەی بینی تا پێویست بکات ئەمڕۆ شەڕی بۆ بکرێت؟! تەنها شتێک کە لە دانوستاندنی هەولێر و بەغدادا چاوەڕێ دەکرێت، ئەوەیە کە بەغدا لە پێناوی پاشەکشەنەکردنی کورد لە پرۆسەی سیاسی (کە هەموو وەڵامەکانی هەولێر بۆ بەغدا لە واشنتنەوە دەنووسرێن)، پاشەکشە لەو بڕیارانە بکات کە بۆ سزادانی کوردستان داونی و ئەڵبەتە ئەوەش بە گوشاری ئەمریکا دەبێت. ئەگەرنا کەس چاوەڕێی هیچ شتێک لە بودجەی بەغدا ناکات.

## هەمووی هەر وەکالەتە

## 3

یەکێتی نیشمانیی کوردستان لە دروستبوونییەوە تا ئێستا هێزێکی سیاسیی بە وەکالەت بووە، ئەوەشی لێی جیابووبێتەوە و دەبێت، یان وەکیلە، یان وەکیلی وەکیلە. ئیدارەی یەکێتی، نموونەی فەشەلی حوکمڕانیی کوردییە و بە هەموو لایەک دەیانەوێ ئەو نموونە فاشیلە گشتگیر بکرێت. نە یەکێتی و نە ئاڵتەرناتیڤەکانی لە زۆنی دەسەڵاتی یەکێتی نەیانتوانی مۆدێلێکی حوکمڕانیی دروست بەرهەم بێنن، چونکە یەکێتی و خەلیفەکانی هەموویان حیزبی کاردانەوە بوون تا کار! ئەمڕۆ ئەگەر سەیری جوگرافیای بەڕێوەبەرایەتیی یەکێتی و وەکیلەکانی بکەی، دەبینی کە کەسی جێگیر لە ئیدارەدا نییە، تەنانەت لەناو وەکیلەکانیشی لە ڕووی سیاسییەوە کەس جێگیر نییە، هەمووی هەر وەکیلە! تاکە شوێنێک کە بە جێگیری بەڕێوەیان دەبرد، کەرکووک بوو، لە کۆتاییدا ئەویشیان تەسلیمی وەکیلێکی عارەب کرد!



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# بومەلەرزە و ڕیفراندۆمەکەی ڕۆژهەڵات!

دوابەدوای کارەساتی بومەلەرزەکەی 12ی نۆڤەمبەر، خەتیبێکی نوێژی هەینی لە پارێزگای کرماشان گوتبووی ئەو بومەلەرزەیە سزای خوا بوو لە سۆنگەی ڕێکخستنی ڕیفراندۆمەکەی باشووری کوردستانەوە! هەرچەندە ئەو ئاخوندە هەرزوو لەلایەن خەڵکەوە سەرکۆنە کرا، بەڵام ڕووداوەکانی دوای بومەلەرزە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەریخست کە بەڵێ پێوەندی لەنێوان ڕیفراندۆمەکە و بومەلەرزەکەدا هەیە، ئەویش زۆر زیاتر لەوەی ئەو ئاخوندە کۆنەپەرستە گریمانەی کردبوو!

## نەتەوەیەک لەنێوان شکۆمەندی و شەرمەزاریدا

ڕیفراندۆمی مێژوویی 25ی سێپتەمبەر، هەر ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان نەبوو. پێم وانییە لەڕاستی لامدابێ ئەگەر بڵێم، خولیا و پەرۆشیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕیفراندۆمە مێژووییەکەی باشوور بگرە لە خولیا و پەرۆشیی باشوور خۆی، زیاتر بوو. هۆیەکەشی ڕوونە: ئەو بارودۆخە دەروونییە دژوارەی لەسۆنگەی قەیرانە قووڵە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، باڵی بەسەر کۆمەڵگەی شپرزەی باشووردا کێشاوە، ڕۆژهەڵاتییەکان لەنزیکەوە ئەزموونیان نەکردووە. بۆیە بەپێچەوانەی باشووری دڕدۆنگ و دڵسارد و ماندوو، ڕۆژهەڵات، یەکدەستتر و گەشبینانەتر بەپێشوازیی ڕیفراندۆمەوە چوو. لەلایەکی تریشەوە، ڕۆژهەڵاتی گیرۆدەی نیری ژێردەستی، بە ئاواتەوە بوو کە تینوێتیی خۆی بۆ ئازادی، بەهۆی سەرکەوتنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی باشوورەوە بشکێنێت. هەر تەنیا سەرکەوتنی دەنگی "بەڵێ" لەڕیفراندۆمەکەی 25ی نۆڤەمبەردا بەس بوو بۆئەوەی ڕۆژهەڵات ببێت بە یەکپارچە شایی و هەڵپەڕکێ و خۆشی.

هەڵبەت دیوێکی دیکەی مەسەلەی ڕیفراندۆم، کارەساتی 16ی ئۆکتۆبەر بوو: خەنجەرە ژەنگاوییەکەی خیانەت، بەدەستەوەدانی شارێکی سەمبوولیکی وەک کەرکووک، پاشەکشەی بێ بەرگری لە نیوەی خاکی کوردستان و دواجاریش ڕووشاندنی پرێستیژی بەرزی پێشمەرگە، ئەویش لەشەڕێکدا کە دەبووایە پیرۆزترین شەڕی مێژووی نەتەوەیەک بێت. ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەردا ڕوویدا، تەنیا شکست نەبوو، شەرمەزاری بوو. کورد مێژووی پڕە لە شکست، شکستی هێز نەک شکستی ئیرادە. شکستی 16ی ئۆکتۆبەر بەتاڵ بوو لە هەموو شکۆ و سەربەرزییەک. سۆسیۆلۆژی کلاسیکی ئەڵمانی، گیۆرگ زیمێل، شەرمەزاری بەدۆخێک وەسف دەکا کە تێیدا مرۆڤ لەوپەڕی هەڵکشان و زەقبوونەوە و لەبەرچاوبووندا، تووشی داکشان و داشکانێکی بەهێ‌یی لەناکاو دەبێ و هەست بە سووکبوون دەکات. 16ی ئۆکتۆبەر ڕۆژی هەستکردن بە بێبەهایی و سووکبوون، ڕۆژی شەرمەزارییەکی نەتەوەیی بوو. پرۆسەی ڕیفراندۆم هەستی هەڵکشان و لەبەرچاوبوونی دروست کردبوو (هیچ نەبێ بۆئەوانەی دڵیان بە ڕیفراندۆمەکە خۆش بوو). ڕیفراندۆم هەستی شانازیبەخۆکردنی ڕۆژهەڵاتییەکانی بردبووە لوتکە. 16ی ئۆکتۆبەر ئەوانی لەلوتکەوە هەڵداشت.

ڕۆژهەڵاتییەکان نوێنەرایەتی ئەو ڕۆحە نەتەوەییەیان دەکرد کە لەدەرەوەی هەر ململانێ و بەرژەوەندییەکی سیاسی، تەنیا سەرفرازیی باشووری بەئامانج گرتبوو. شکستی ڕۆژی 16ی ئۆکتۆبەر ئەو ڕۆحە نەتەوەییەی ڕۆژهەڵاتی بریندار کرد. میدیا-ش هەروا یەکبین خوێی بەبرینەکاندا دەپرژاند. کەرامەتی نەتەوەیەک تێکشکابوو. ڕۆژهەڵات کارەساتی ئاوای بەخۆیەوە نەبینیبوو. لەئاست شکستێکی دوور لە شکۆمەندیدا، ڕۆژهەڵات تەنیا هەستی شەرمەزارییەکەی بۆ مابووەوە. ڕۆژهەڵات ئەو ڕۆژانە تەنیا مەچەکی خۆی دەکرۆشت بۆ ئەوەی کەس بە ئازاری کەرامەتی تێکشکاوی نەزانێت. لەناخەوە هارەی کردبوو. لەڕاستیدا، بومەلەرزە گەورەکەی ڕۆژهەڵات لە کرماشان نەبوو، لە کەرکووک بوو، ڕۆژی 16ی ئۆکتۆبەر!

## گۆشتەوزوونی ڕۆحێکی بریندار

لەجەرگەی سڕبوون و تاسانێکی نەتەوەییدا کە بومەلەرزەی شکستی باشوور پێکی هێنابوو، بومەلەرزەیەکی سروشتیی بەهێز هات و چیاکانی زاگرۆسی هەژاند. بومەلەرزەیەک کە لەگەڵ خاکی زاگرۆسدا خەڵک و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیشی ڕاوەشاند. ڕاوەشاندنێک وەک شۆکی ئەلیکتریکی. شۆکێکی بەهێز، ڕاچەنینێکی ئەخلاقی بۆ وەخۆهاتنەوە و دەربازبوون لەو سڕی و تاساوییە نەتەوەییەی کارەساتی 16ی ئۆکتۆبەر تووشی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کردبوو. کارەساتی بومەلەرزە بوو بە دەلیلی هەستانەوە. ئەوەی لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بینرا، تەنیا سۆزجووڵانێکی ئینسانی یان بەهاناوەچوونێکی سادەی لێقەوماوان نەبوو. بەبڕوای من، هەستی نەتەوایەتیش بۆ ڕاڤەی ئەو ئاخێزە مەزنەی ڕۆژهەڵات بەس نییە. ئەوەی لە ڕۆژهەڵات بینرا، بە تەعبیرێک، گۆشتەوزوونی ڕۆحی برینداری نەتەوەیەک بوو: ئاخێزێکی ئەخلاقی و مەعنەویی مەزن. لەڕاستیدا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، بومەلەرزەکەی کردە بیانوویەک بۆ ئەوەی لە کەرامەتی خۆی بەخاوەن دەربکەوێتەوە.

ڕووداوە گەورەکان بەو هێمایانەدا دەناسرێنەوە کە لەدوای خۆیان بەجێیدەهێڵن. وەک بڵێی ڕۆژهەڵات، هێشتاش سیلەی چاوێکی لەسەر باشوور بێت، ئاخێزی بەهاناوەچوونی لێقەوماوانی بومەلەرزەکەی کرماشانی کرد بە ئەزموونێکی لێوانلێو لە وانەی سیاسی و لە هێمای ئەخلاقیی مانادار، وەک توێشەبەرەی ڕێگا و پەیامێک بۆ هەستانەوەیەکی دووبارەی دوای کارەسات. من لێرەدا تەنیا سەرگوڵێک لەو وانە و هێمایانە دەخەمە بەرچاوان:

## کارەسات وەک کانگای هێز

یەکەمین کار کە ڕۆژهەڵاتییەکان لە هەرەوەزی دوای کارەساتدا کردیان، دەستداشتن لە کەرەمی دەوڵەت و دەسەڵاتداریتیی گەندەڵ و ستەمکاری وڵات بوو. سەربەخۆیی واتە متمانەبەخۆیی و پشتبەخۆبەستن. گەل پشتی بەهێزی خۆی بەست، خۆی بوو بە سەرچاوەی هێز، بە پرۆڤەکاری ئەو هێزە و، چاوەدێریکەری بەکارهێنانیشی. لەشێوەی بەڕێوەبردنی کارەساتدا، ڕۆژهەڵات پێڕەویی لە ئەزموونی جۆرێک لە دیمۆکراسیی ڕاستەوخۆ کرد، پرۆڤەیەکی ئاسۆیی دەسەڵاتی خودموختار.

پشتکردنە دەوڵەت لەلایەن گەلەوە بەمانای دۆخی پاشاگەردانی نەبوو. بەمانای ئەوە بوو کە گەل لەپێناوی پارێزگاری لە کەرامەتی خۆیدا، نەزمێکی عادلانەتر هەم بەسەر سروشتی تووڕەدا، هەم بەسەر دەوڵەتی ستەمکاردا دەسەپێنێ: بۆ بەرپەرچدانەوەی قەدەری سروشت، خەڵک خەسارەت و خەمی کارەساتیان لەگەڵ قوربانییەکاندا بەش کرد، دارونەداریان لەگەڵ بەش کردن. بۆ بەرپەرچدانەوەی دەوڵەتێکی نابەرپرسیش، ئاوتۆریتەی حاکمیەتیان بردە ژێر پرسیار و دەسەڵاتیان لەسەر بنەمای ئیرادەی خۆیان پێناسە کردەوە. ئەوەش کە دەبووایە دەوڵەت بیکات، خۆیان لە دەوڵەت باشتر کردیان!

لە ڕۆژهەڵات، هاوسۆزیی نەتەوەیی و خەمی ئینسانی بە تانوپۆی چالاکیی ئۆرگانیکی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لێک گرێدران. بەمەش، هاوکاری و هاوپشتی، لە سۆڵیدارێتییەکی عەفەوی و سەرەتاییەوە بەرزبووەوە بۆ ئەکت و خەباتێکی شارستانی و مۆدێرن. تۆڕی هاوپێوەندی و هاوکاری بەرەو قووڵایی ناوچە بومەلەرزەلێدراوەکان شۆڕبووەوە، ئەویش بە هەرەوەزێکی سیستماتیک، نەک کەس لە کەسی. جۆری هاوکارییەکان، ڕێژەی هاوکارییەکان، شێوەی ڕادەستکردنیان، هەمووی لەڕووی حیسابگەرییەکی مەعنادارەوە بوو.

ڕەفتاری هەرەوەزیی ڕۆژهەڵات مۆرکی هۆشیاریی مێژوویی نەتەوەیەکی پێگەیشتووی پێوە دیار بوو. نەتەوەیەک کە لە مافی هەموو تاک و گرووپەکانی بە خاوەن دەردەکەوێ. بۆ وێنە کاتێک دەنگۆ بڵاوبووەوە کە حکومەتی ئیسلامیی ئێران هەڵاواردن لە ئاست ناوچەی بومەلەرزەلێدراوی یارسانەکان دەکات، چەندین دەستەی فریادڕەس، بە پەرۆشیی تایبەتەوە ڕوویان لەناوچەی یارسانەکان کرد. ئەمە شتێکی بەڕێکەوت نەبوو. لەکارەساتی جینۆسایدی ئێزدییەکانی شنگالیشدا ڕۆژهەڵات هاوسۆزییەکی مێژوویی نیشاندا. سۆزی زێدە نیشاندان بەرامبەر بە گرووپە پەراوێزکەوتووەکان —لێرەدا کەمینە ئاینییەکان—، تەنیا لەو کۆمەڵگە پێشکەوتووانەدا بەدی دەکرێ کە تێگەیشتنێکی یەکسانیخواز و سێکۆلار بۆ دەوڵەت و نەتەوە، گوتاری زاڵی کۆمەڵگەیە.

لە ڕۆژهەڵات هەموو توێژەکان، لە خەڵکی گوند و شار، هەژار و دەوڵەمەند، کرێکار و خاوەنکار، ژن و پیاو، گەورە و منداڵ، بەشداری هەرەوەزە نیشتمانییەکەی پاش کارەسات بوون. هەڵبەت جێپەنجەی چینی ناوەڕاست بە سیمای ئەم جووڵە مێژووییەوە دیارتر و فرەڕەهەندتر بوو. ڕۆژهەڵات خاوەنی چینێکی مامناوەندییە کە هەرچەند لەباری داراییەوە ناسک و لانەوازە، بەڵام خۆی لە خۆیدا سەرمایەیەکی ئینسانیی کەموێنەیە. ئاستی بەرزی ڕۆشنبیری گشتیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، لەسۆنگەی ئەم چینەوە، زۆرجاری تریش مۆرکی شارستانیەتێکی بەرزی لە جووڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بەشەی کوردستان داوە.

## ڕۆژهەڵات و پەیامەکەی ڕیفراندۆم

لە ئەپیزۆدی ئەم دوایین تراژیدییەماندا، ڕۆژهەڵات سەلماندییەوە کە ئێمە دەتوانین لە کارەساتەکان گەورەتر بین. ڕۆژهەڵات لە تاقیکردنەوەی نسکۆی خۆیدا نیشانیدا کە دەکرێ مەزنترین کارەساتەکان بکەینە هەوێنی مۆدێرنترین و شکۆمەندانەترین هەستانەوەکان. بومەلەرزەکەی ڕۆژهەڵات بەهۆی ڕیفراندۆمەکەی باشوورەوە نەبوو، بەڵام لەشێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتی بومەلەرزەدا، ڕۆژهەڵات پەیامی "سەربەخۆیی" ڕیفراندۆمەکەی باشووری لە وانەی "پشتبەخۆبەستن"دا، چەسپاند! ئەوەی ڕۆژهەڵات کردی، لەڕاستیدا تەرزێکی تر لە ڕیفراندۆم بوو. ڕیفراندۆمێک بۆ داکوتانی کۆڵەکەی "دەوڵەتی ئەخلاق". ئاخر، ڤاسلاڤ هاڤێل گوتەنی، حکومەتێکی دیمۆکراتیک تەنیا کاتێک پێکدێ کە تۆ شانبەشانی ئەو، دەوڵەتێکیش لە ئەخلاق و فەرهەنگ پێکبهێنی.



مەجید نیزامەدین گلی*

## دیپلۆماسی

* بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی ڕووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# ئەمریکا و جیهان چۆن دەمانبینن؟

کۆریای باکوور، سستیی گەشەی ئابووریی جیهان، هەڕەشەی گۆڕانی کەشوهەوا و بەرزبوونەوەی ئاستی زەریاکان، هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ئەلیکترۆنی، تیرۆریزم، بەهێزبوونی چین، بێهێزبوونی یەکێتی ئەوروپا و چاونەترسی ڕووسیا و ئینجا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کە عێراق و کورد بەشێکی بچووکە تێیدا لەچاو کێشەکانی سووریا و لوبنان و یەمەن). ئەمانە ڕیزبەندی ئەولەویەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە زلهێز و دەستڕۆیشتووەکانی جیهانن. ئەمە ڕیزبەندی ئەو کێشانەیە کە ئەمریکا و ڕووسیا و چین و ئەو وڵاتانەی دەتوانن شتێک بۆ کورد بکەن، گوێی پێدەدەن و گرنگە لایان. بە دڵنیاییەوە ئەو ڕیزبەندیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بۆ هەموویان عێراق، باشووری کوردستان و هەروەها بەهێزبوونی ئێران، ئەولەویەت نییە و بە کوردیەکەی گرنگ نییە بۆیان.

تێگەیشتن لەم ڕاستیە زۆر گرنگە بۆ بڕیاربەدەستانی ئەو بەشەی باشووری کوردستان کە هێشتا پێشمەرگەی تێدایە. گرنگە بزانیت شوێنت چییە لەو ڕیزبەندیە و گرنگتر لەوەش دەبێت بزانیت بەرامبەرەکەت قەبارەی تۆ چۆن دەبینێت بە بەراورد لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی. کە دەچیتە ژوورێکەوە لەبیرت بێت تۆ کێیت، بەرامبەرەکەت کێیە و هەردووکتان چۆن یەکتری دەبینن، ئینجا دەست بە گفتوگۆ بکە. هەمان شێوازی بیرکردنەوە پێویستە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

بێدەنگیی ئەمریکا بەرامبەر ڕووداوەکانی کەرکووک و بەهێزبوونی ئێران لە عێراقدا دژایەتی کورد نەبوو، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە ئەو ڕووداوە لە ئەولەویەتی کێشەکانی کۆشکی سپیدا نەبوو لەو ڕۆژە و بابەتەکە بۆ بەرپرسانی ئاستنزمتر بەجێهێڵران. بەڵام هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە برێت مەکگۆرک تاکە بڕیاردەر بووە لەو بابەتە. بەهەر حاڵ، ئەمە مانای ئەوە نییە کە کۆشکی سپی ئاگادار نەبووە، بەڵکو ئەو بابەتەیان بۆ خەڵکی ئاستنزمتر جێهێشت. خۆ یەکێک لە بەرزترین بەرپرسانی کۆشکی سپی، ژەنەڕاڵ مەکماستەر ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئاگادار بوو، دوو سەرچاوە ئەوەیان بۆ پشتڕاست کردمەوە کە لە بابەتێکی پێشووتری ئەم هەفتەنامەیەدا بە وردی باسم کردووە.

ڕاستە ترامپ زۆر باسی ئێران دەکات و کۆنگرێسی ئەمریکا بەشێک لە هێزەکانی حەشدی کردە لیستی تیرۆرەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە عێراق و باشووری کوردستان ئەولەویەتن بۆ ئەمریکا.

ئەولەویەت چییە؟ بۆ ئەمریکا ئەولەویەت بابەتێکە کە کۆشکی سپی، وەزارەتی بەرگری و دەرەوە، بەشێک لە نوخبەی دەستڕۆیشتووی واشنتن و تا ڕادەیەک ڕای گشتی پێکەوە یان زۆربەیان، لایان گرنگ بێت کە وڵاتەکەیان بەکردار کاری لەسەر بکات. ئێستا هەڕەشەی ئەتۆمیی کۆریای باکوور و دەستێوەردانی ڕووسیا لە سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکا و ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی واشنتنن و لە هەموو ئاستەکاندا کاریان لەسەر دەکرێت.

لە ناکاو دوای هێرشێکی مووشەکی بۆ سەر ڕیاز و تووڕەبوونی دەسەڵاتدارانی سعودیە لە ئێران نەبووەتە هۆی گۆڕینی ئەو ئەولەویەتانە. لەوانەیە بڵێیت ترامپ هاوڕایە لەگەڵ محەممەد بن سەلمانی سعودیە دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی ئێران و ئیتر ئەمریکا دەست دەکات بە بەرەنگاربوونەوەی حەشدی شەعبی. منیش دەڵێم ترامپ دەیویست نەهێڵێت یەک موسڵمان بێتە ناو ئەمریکاوە، بەڵام چەند کەسی خاوەن پاسپۆرتی عێراقی لەم ماوەیە ڤیزای ئەمریکایان وەرگرتووە و بە کەیفی خۆیان هاتوچۆ دەکەن؟ ئەمریکا تەنیا ترەمپ نییە و مەرج نییە هەموو جارێک قسەی سەرۆک ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوە دیاری بکات.

سەرەتای ئەم مانگە چوومە لای بەرپرسێکی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و باسی شەڕەکانی نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقیەکانم بۆ کرد، لە وەڵامدا گوتی "باش ئاگاداری دۆخەکەین، من زۆری لەسەر دەخوێنمەوە، بەڵام هیچ ئەندامێک لە ئەنجوومەنەکە پێی وانییە کە پێویست دەکات کێشەیەکی ئەمنیی ناوخۆی عێراق کۆبوونەوەی لەسەر بکرێت". ئەمە ڕێک قسەی ئەو دیپلۆماتکارە بوو.

بەڵام مەرج نییە کە بابەتێک ئەولەویەتی زلهێزەکان نەبوو ئەوە شتێکی خراپ بێت. بە پێچەوانەوە هەندێک جار کە ئەولەویەت نەبوویت و سەرۆک و سەرکردەکانی وڵاتە زلهێزەکان زۆر گوێیان بە کێشە و بابەتەکانی وڵاتەکەت نەدا، ئەوە دەرفەتە بۆ ئەوەی لەسەر بۆچوونی بەرپرسە ئاستنزمەکانی ئەو وڵاتانە کار بکەیت. بەڵام گرنگە قەبارەی خۆت لە چاوی بەرامبەرەکەتەوە بزانیت بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدەی.

بە ڕای من سەرکردەکانی ئەمریکا و وڵاتە دەستڕۆیشتووەکانی دیکە نایانەوێت عێراق و هیچ وڵاتێکی دیکە لە ناوچەکە وەکو سووریا ببێتە سەرچاوەی قەیرانێکی دیکە کە ناچاریان بکات کاری زیاتری لەسەر بکەن. لەبەر ئەوەشە کە ئێستا ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی دیکە لە کێبڕکێدان بۆ پێشوازیکردن لە دەستپێشخەرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دایەلۆگ و ئاشتی.

دیپلۆماتکارێکی وڵاتێکی ئەورووپی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە منی گوت کە یەکێک لە پێشنیازەکانی ئێستا ئەوەیە ڕۆژی چوارشەممە دوای کۆبوونەوە لەسەر عێراق، ئەنجوومەنەکە پێشوازی لە دەستپێشخەرییەکانی بەغدا و هەولێر بکات بۆ دایەلۆگ و داوا لە هەردوولا بکەن کە گفتوگۆ بکەن.

هەڵوێست و بەرژەوەندیی ئەمریکا و وڵاتە دەستڕۆیشتووەکانی دیکە لە عێراق (جگە لە ئێران) هاوتەریبە لەگەڵ هەڵوێستی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان. بە پێچەوانەی هەڵوێستی پێش 25ی سێپتەمبەر، ئێستا هەولێر داوای ئاشتی و دایەلۆگ دەکات و بەغدا دوودڵە. ئەمەش دوویارە خەریکە دەرگاکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پێش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە و ئەو سزادانەی ئێستای فرۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکانی باشووری کوردستان وردە وردە خەریکە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی لەدەست دەدات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more

## پۆپۆڤا
## خێری لە تاجەکەی نەبینیوە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




